**بسم لله الرحمن الرحيم..بەناوی ئاهورامەزدای تاك...**

# کوردستان،نیشتمانەکەی ئەوسا،...

# اسوئە یەکەنامتشین،ناتسدروك،...

(یادەوەرییەکانی کەیخوسرەو،ئەو گەنجەی کە مرد ئینجا لە دایك بوو!)

***کەلەوەرێك بۆ هەقیقەتی نەتەوەیی..***

بەختیار حەمەجان حەمە (ب.مام حەمید)

## ناسنامەی پەرتوك..

ناو: کوردستان،نیشتمانەکەی ئەوسا،.

ئامادەکار:بەختیار مام حەمید،.

بابەت: ڕۆمانی کورت–چیرۆکی درێژ،.

پێداچوونەوە:شاکیسرا،.

نەخشەساز: دابان عوسمان،.

چاپ:چاپی یەکەم 2012،.

ژ.سپاردن:لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (1352)ی (2012)ی پێدراوە،لە 8-4-2012

چاپخانە:

## مننامە................

-مرۆڤایەتی هیچ واتایەکی نیە ئەگەر کوردایەتی واتای نەبێت،کەواتە (من کوردم و تۆ مرۆڤیت سەرئێشەترین باسە)،

-ئەگەر یەك هەڵەم بۆ ڕاستکەیتەوە کەواتە تۆ نزیکترین دۆستمیت،

-ڕەخنەم لێبگرن تا ببنە مرۆڤی باڵا،دڵنیابن نووسینەکانی من کانی ڕەخنەن بۆیە ئەم نوسینە بخوێنەوە تا باڵا بیت،

-هەرکەس جگە لە زاتی خوا،بانگەشەی ئەوە بکات کە هەڵە ناکات ئەوە هەر ئەو قسەیەی گەورەترین هەڵەیە!،

-ئەگەر هەڵە نەکەین هەرگیز ڕاستی نادۆزینەوە،هەروەك ئەگەر سپی نەناسین ڕەشیش ناناسین،

-بۆ ئەوەی بگەینە کامڵبوون و تەواو ئاشنای زاتی پاکی خوای مەزن بین،پێویستە بە قۆناخی تەشر (توانەوەی شایستەی ڕۆحی)دا،تێپەڕین و ڕۆحمان ئامادەی توانەوە بۆ هەقیقەت بکەین،..........................

پێشکەشە............

بە..

ك د

و ر

ر و

د ك،

دروك..،

بە ڕۆح و..،

بە هەموو خوێنەرەکانی و ئاشقانی خوێندنەوە..،

بە هەق،هەقخوازان و هەقکاران..،

بە جەوەڵەیلی پڕ بەوری کوردایەتی..،

بە ژنێك کە ژنایەتی و ژینایەتی دەکات..،

بە کەسێك کە ڕەخنەبارانم دەکات و فێرم دەکات هەڵە نەکەم!..،

# کوردستان،نیشتمانەکەی ئەوسا!..

## (یادەوەرییەکانی کەیخوسرەو،ئەو گەنجەی کە مرد ئینجا لە دایك بوو!)

بە جلوبەرگێکی کوردی و بە مێشکێکی پڕ لە بیرکردنەوە لە دەوروبەرو بە باخەڵگەلێکی بەتاڵ و بە دوو دەستی پڕ لە هیچ و بە بنباڵێکی پڕ لە پەرتوك و بە ئەشقی ئازادی و یەکسانی و چاکسازییەوە لە وێستگەی پاسدا ڕاوەستابووم،کات نزیکی چێشتەنگاو بوو واتە کەمێك دوای بەیانی و کەمێك پێش نیوەڕۆ،کەشوهەوا زۆر سارد بوو،ئیتر لە هەر چوارلاوە خەڵکی دەهاتن و دەچوون و هەریەك بۆ کارێك وێڵی بیابانی وشك و کرکی فرە سەختی ژیان بوون،بیابانێك کە ئەگەر مرۆڤ بیر لە نەهامەتی و سەختییەکانی بکاتەوە بیگومان بە هیچ جۆرێك تێیدا ناژی،چونکە بیرکردنەوە لەو بابەتانە مرۆڤ بێهیواو کەمتەرخەم و دواجاریش بێئیرادە دەکات،کاتێك سەیری جموجوڵی خەڵکم دەکرد لە دڵی خۆمدا دەمووت ئای خوایە گیان ئەم دنیا چەندە جوانە،چەندە سەیرە،چەندە پڕنهێنییە،ئەم ژیانە وەك سەرقاڵخانەیەك وایە کە هەموو مرۆڤەکان بە وێنەی شێتێك کە خۆشی نازانێ چی دەوێت وایە،بەڵام واش نیە! چونکە هێندەی شێتەکان هەست بە تامو چێژی سەرکەوتن و دەستکەوتە مرۆییەکان دەکەن،هیچ کات مرۆڤە ناشێت یان بە ناو ئاقڵەکان هەستی پێناکەن،لەم خەیاڵەمدا قسەی شێتێکم وەبیر هاتەوە کە جارێك

وتی ئای خۆزگە من تەنیا یەك ڕۆژ سەرۆکی دنیابایەم! منیش وتم دەی ئەو کات چیت دەکرد؟شێتەکە بە پێکەنینەوە وتی چیم دەکرد؟ئینجا توخوا ئەوە پرسیارە؟وتم بەڵێ پرسیارە! وتی هەرچی سەروەت و سامانی دنیا هەیە بە یەکسانی دابەشم دەکردە سەر هەموو مرۆڤەکانداو بەمجۆرە نایەکسانیی نەدەما،وتم دەی چونکە خودای مەزن گەورەی هەمووانە تۆ پێت وایە پێویستە وا بکات؟وتی خودا سەروەت و سامانی داوە بە ئێمەو تاقیمان دەکاتەوە،ئەگەرنا خودا دەتوانێت وا بکات و عادڵترینی عادڵەکان خودایە،بەڵام پێویستە ئێمەی مرۆڤ خۆمان عەدالەت بەرپا بکەین،لەم بیرکردنەوەو خەیاڵانەدا ڕامانم چوو بۆ لای پاکەوانێك کە لەو بەر شەقامەکەوە خەریکی کار بوو ئەو قەراخ جادەکەی پاك دەکردەوەو خەڵکی دیکە پیسیان دەکردەوە،بۆیە لەبەر خۆمەوە وتم خەم مەخۆ مامە گیان هەر کات ئەو شێتە بووە سەرۆکی جیهان هەم منیش و هەم تۆش و هەم تەواوی کۆمەڵگاش ڕزگارمان دەبێت لە ستەمو چەوساندنەوەی هاوڕەگەزەکانمان،لای چەپمەوە کوڕێکی خوێنشیرینی کوردڕوخسار بە دەنگی بەرز خەریکی خوێندنەوەی بابەتێك بوو لەسەر یەکێتی نەتەوەیی کوردو بەرهەم و سودەکانی بۆ گەل و جەماوەری کوردستانی گەورە،من زۆر بە وردی تەماشام دەکردو زۆریش بە وریاییەوە گوێم لێگرتبوو! لە ناکاو تەماشای کردم و وتی ببوورن ڕەنگە بێزارم کردبن بە دەنگە بەرزەکەم! من وتم بەڕێزم من وەك خۆم بێزار نابم لەو بابەتانەو بە تایبەت بەو دەنگە پڕ لە هەستەی جەنابت،ناوی جەنابت وتی من ناوم کیسرایەو لە خۆشەویستیدا پێمیەژن شاکیسراو بە ناوی شایەکی کۆنی کوردەوە ناونراوم،وتم منیش ناوم کەیخوسرەوەو ئەویش شایەکی کوردە،خۆشحاڵم،ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو،ئیتر وتی ئێمە بۆ ئەوەی ڕزگارمان ببێت لە داگیرکراوی و ژێردەستەیی هەموو

کاتێك پێویستمان بە یەکبوون و یەکێتی نەتەوەیی کوردانە هەیە،بەڕێز ئەگەر بیربکەینەوەو زۆر بچینە بنج و بناوانی ڕووداوەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوا بێگومان دەگەینە ئەو بڕوایەی کە کوردیش وەك گەلانی دی مافی خۆپاراستن و یەکێتی و پێشخستنی زووان و فەرهەنگی هەیە،دەزانی کاکی من زۆربەی دەسەڵاتەکانی جیهان سەرمایەدارین و سەرمایەدارییش هەمیشە لە ئیرادەی نەتەوە بندەستەکان دەترسێت،بۆیە هەمیشە دژایەتی گەلانی بندەست لە جیهاندا دەکرێت ئێمەش وەکو کورد بەشێکین لەو دۆخە،پێویستە لە هەموو پارچەکانی کوردستان قوتابخانەی بیری نەتەوەیی–ئازادیخواز و قوتابخانەی پەروەردەی کوردایەتیی دروست و ڕاست و هەروەها قوتابخانەی پەروەردەی ئەخلاقی(ئاکاری)ی بکرێنەوە،بەمجۆرە دەتوانین نەوەیەك لە هزرڤان و بیریارو کاریگەر دروست بکەین،من زۆر سەرسامی ئەو قسانەی شاکیسرا بووم چونکە هەستم دەکرد لە ناخی دڵەوە قسەی بۆ دەکردم،وتم شاکیسرا پێمبێژە تۆ کێ بە ڕابەری کوردایەتیی دەزانی؟ شاکیسرا وتی قازی موحەمەد...لەم کاتەدا ئۆتۆمبێلێك هات و قسەکانی بڕی وتی برا من دەبێت بڕۆم ئەو کوڕە بە دوای مندا هاتوە،وتم باشە خۆشحاڵم و هیوام سەرکەوتنتە کاکەشا،!ئیتر خوداهافزیی کردو ڕۆشت،بەڕاستی گەنجێکی وریاو هۆشیارو تێگەیشتوو بوو.. کاتێك تەماشای لای ڕاستی خۆم کرد ژنێکی باڵابەرزی کەمێك لاواز،لە تەنیشتما ڕاوەستا بوو،دوو پەرتوك و گۆڤارێکی پێ بوو،هەر خەریکی مللارکردنەوە بووم بۆ دیتنی کتێبەکان،ئەوەندەم مللارکردەوە تا ژنەکە وتی بەڕێز شتێك بووە وا ئەوەندە تەماشای دەستم دەکەیت؟خۆ ماڵت نەدزراوە؟وتم بمبوورە دایە گیان ویستم بزانم ئەو کتێبانە چین؟وتی ئەوانە دوو دیوانی شاعیران هێمن موکریانی و سەید وەهاب

کاکەیین،وتم بەڕاستی دوو دیوانت پێیە هەقی خۆتە پێت بێژن تۆ ساحیبی دیوانی! لەو کاتەدا پیاوێکی پیر کە قژو ڕیشی ئامێتە بووبون بە پاڵتاوێکی کۆن و دڕاوەوە بە بەردەمماندا تێپەڕی لە بەر خۆیەوە وتی ئاخ دنیا،کورد بۆ ئەوەندە بێ بەختەو بۆ هێندە داماوە؟!ئەی خوای مەزن کوردیش وەك مرۆڤەکانی تر دروستکراوی تۆیە،بۆ قەت ناگەینە مەقسەد(مەبەست–ئامانج)؟ لە کاتی قسەکانیدا جار جار تەماشای ئاسمانی دەکردو سەرێکی ڕادەوەشاند،من لەوەدا بووم لە دڵی خۆمدا بێژم ئەم پیاوە ڕەنگە شێت بێت،شێت بە واتای شەیدایی نەتەوەیی و کوردانە،وەلێ ئەو پێشمکەوت و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی دڵی منی دایەوەو وتی من شێت نیم ئەوانە شێتن کە دەیانەوێت کورد لە ناو ببەن،ئەوانە شێتن کە دەخوازن دروستکراوی خوا مەحف(قڕ) بکەن،ئەوانە بێ ئەقڵ و ئاوەزن کە دەیانەوێت مرۆڤ بکەنە کۆیلەو خزمەتکار،من ڕزگارکەری مرۆڤم ئەوان دژی ئازادییەکان و ژیان و نانی مرۆڤن،من مرۆڤێکی کێویی و بێ جلو بەرگم وەلێ ئەوان گورگێکی ماڵیی و پۆشتەو پەرداخن،من پارە پەیدا دەکەم بۆ ئەوەی بژیم ئەوان دەژین بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەن،من شێت نیم....نیم، ئینجا ژنەکە هەڵیدایەو وتی نەخێر شێتیی عەیبە نیەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئەقڵەوە نیە،بەڵکو کامڵبوونی مرۆڤەو مرۆڤ کاتێك شێت دەبێت واتە کەسێکی زۆر زیرەك و بە تواناو دڵخۆش و ئارامە،مرۆڤ کە شێت دەبێت ئیتر بیر لە هیچ شتێك ناکاتەوەو خەم ناخوات،گوێ ناداتە ژیان،ئێمە بۆ ئەوەی بگەینە قۆناخی شێتبوون پێویستمان بە خوێندنەوە،تێڕامان،خەڵوەتکێشان،بیرکردنەوە،بێ دەنگیی و خۆساخکردنەوەیە، بەڕاستی ئەو ژنە ئەوەندە بە ڕوونی باسی بابەتەکەی دەکرد مرۆڤ خوازیاری شێتێتی بوو،. ئەو لە گەرمەی قسەدا بوو پاسێك هات،پاسەکە پڕ بوو،نەفەرێکیش

بە پێوە بوو،هەر چۆنێك بوو ژنەکە جێگەی خۆی کردەوە،لە پەنجەرەی نزیك دەرگاکەوە کچێك زۆر بە سەرسامیی تەماشای دەکردم،بە جۆرێك وەك لە دەموچاوی مندا تاڵە دەزوی گوم کردبێت! کاتێك پاسەکە کەوتە ڕێ و فەرموو لە ژنەکە کراو کوڕێك جێگەکەی خۆی دایە،کچەکە لە پەنجەرە(جام)کەوە سەری دەرهێناو بە پەلە وتی تۆ کەیخوسرەوییت؟وتم نەخێر ئەو نیم...بەڵێ ئەوم ئائا ،وتی چاك دەتناسم پێویستە بتبینمەوە،لەگەڵ ڕۆشتنی پاسەکەدا منیش کەوتمە جوڵەو لە وێستگەکە دوور کەوتمەوە،ئیتر ئاوڕم داوە بۆ دواوە تەماشام کرد پاساێکی تر هات،بە ڕاکردن گەڕامەوە بەڵام تا گەشتمە وێستگەکە پاسەکە ڕۆشت،هەر چەند دەستم بەرز کردەوە بێ سوود بوو،شۆفێری پاسەکە وەك ناڕەزایی بە دەنگی بەرز کە بە حاڵ دەهاتە گوێم وتی ئەم خەڵکە زۆر سەیرن دەڵێی مەوقیف(وێستگە) بۆ جوانیی کراوە؟!لەوێ ناوەستن و سوارین کەچی دواتر دەیکەنە هاتوهاوار هەرچەندە جێگە نەمابوو بەڵام ڕاکردنەکەی من بۆ جێگە نەبوو،ئیتر لە بەر خۆمەوە وتم دەی ڕەنگە ئەویش هەقی بێت،ژیان واتە ڕێکخستن و بەرنامەکاریی،بەو پێیەی زۆر ڕاوەستا بووم و تەواو بێزار بووبووم بڕیارمدا بە تاکسی بڕۆم،دەستم لە تاکسییەك ڕاگرت و ڕاوەستا وتم دەڕۆیت؟وتی نەخێر،وتم بۆ؟وتی ئێ شوێنەکەت دیاری نەکردوە بۆ کوێ بڕۆم،وتم دەی بۆ ناو بازاڕ؟وتی سەرشین!وتم مەبەستت چییە؟وتی دەی سەرشین و سەرکەوە جیاوازیی نیە،دەی سەرکەوە،وتم تۆ تەمەنت چەندە؟وتی تۆ تاکسییەکەت دەوێت یان خۆم؟وتم هەردووکتان،وتی سەرکەوە ئەمە کەی قسەیە من ژنەکەم بمفرۆشێت منداڵەکانم نامفرۆشن،منداڵەکانم بمفرۆشن دایکم نامفرۆشێت،بەخوا تا دەمریت لە ژێر قەرزی ئێمە دەرناچیت!لەو کاتەدا مرور(پۆلیسی هاتوچۆ) هات و یەخەی شۆفێرەکەی گرت و وتی ئەرێ کاکە تۆ چۆن

شۆفێرێکیت؟ئەوە وەستانە تۆ وەستاویت؟تۆ چەند ساڵە شۆفێریت؟شۆفێرەکە وتی 12 ساڵ،پۆلیسەکە وتی دەك قوڕ بەسەرم ئەمە تۆ جێگەی وەستان نازانیت تازەشۆفێرەکان چیبکەن؟شۆفێرەکە وتی برا من جێگەی وەستان دەزانم بەڵام گیرفان و پارە جێگەی وەستان نازانن،بۆ نەگبەتیی من و شۆفێری تاکسییەکە،لەو کاتەدا پاسێك بە خێرای هات و دنیایەك قوڕو چڵپاوی کردە سەروگوێلاکماندا،من و شۆفێرەکە بە نەرمی خەریکی دەموچاو سڕینەوە بووین،بەڵام پۆلیسەکە زیاتر گڕی گرت و وتی هەقی ئەوەش لە تۆ دەکەمەوە،چونکە ئەگەر تۆ سەرپێچیی نەکەیت ئەویش واناکات،دەی خێرا کوا ئیجازە(مۆڵەت)ت؟شۆفێرەکە بە پێکەنینەوە دەستی برد بۆ باخەڵی و وتی برا هەر تۆو ئیجازە،هەر ئێستا دەتدەمێ،دوای کەمێك گەڕان و سەرسوڕمان وتی هەی لەوە دەڵێی پێم نیە!زۆر گەڕا هیچ نەبوو،ئیتر ئیجازە دەتوت بووە بە کەروێشك و تانجییەکی بە دواوەیە،ئیجازەو هەزار ساڵ،لە ناکاو پاسێك بە لاماندا تێپەڕی و بە دووکەڵ ڕەشەکەی زۆر بێزار بووین! ئەمەش هەر هاتە سەر باری کاکی شۆفێر کە بۆ کلۆڵیی من ناوی وریا بوو،ئاخر چونکە لەبەر خۆیەوە وتی من وریا نەبم ئەگەر چارەت نەکەم،بە هەر حاڵ بە هۆی نەبوونی مۆڵەتەوە شۆفێری تاکسییەکە لەتەك مرورەکەدا بوو بە دەنگە دەنگی و بەم هۆیەوە شۆفێری تاکسییەکە دەستگیر کرا،منیش بە تاوانی ئەوەی کە نەمزانیوە لە شوێنێکی باشدا تاکسی ڕاگرم ،تا نزیك کابینەکە بردمیان،ئەو واتە شۆفێرەکە برایە ژوورتر،من وەستا بووم ئەوەندەم زانی وەسڵێکم درایە دەست....وتم ئەرێ کاکی پۆلیس ئەمە چییە؟وتی ئەمە غەرامە(سزا)کەتە!ئێ وتم بۆ خۆ من هیچم نەکردوە؟وتی ئۆتۆمبێلت بە هەڵە وەستاندوەو مۆڵەتت پێ نیەو هێشتا دەڵێی هیچم نەکردوە؟لەم قسانەدا بووین من گێژ بووبووم یەکێك لە پۆلیسەکان وتی ئەو

وەسڵەم بۆ بێنن با بیدەمە ئەم کاکی ناسایەقەو بڕوات پارەکەی تەسلیمکات،ئیتر من دڵنیا بووم کە بە هەڵە وەسڵەکەیان بۆ من هێناوە،ئەوەندەم زانی شۆفێرەکە هاواری لێبەرز بوەوەو وتی ئەم پارە زۆرەو من ئەمە نادەم چیم کردوە خۆ پیاوم نەکوشتوە،من چوومەوە پێشەوەو وتم بەڕێز منیش نیوەی دەدەم گوێ مەدەرێ ئەمە یاسایە ئیتر،کەچی دەنگی بەرزکردەوەو دەستی بە قسەی نابەجێ کرد بە پۆلیسەکان،بەڵام ئەوان واتە پۆلیسەکان زۆر بە هێمنی وتیان کاکە بڕۆ پارەکەت بدەو ئەوەندە قسە مەکە،بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لە جنێودان،لە ناکاو بوبو بە ویقە ویقی ئۆتۆمبێلی پۆلیس و هاتن گرتیان،بە منیشیان وت لەم ناوە مەوەستەو خێرا بڕۆ..وتم باشە قوربان فەرمان دەکەن، ئیتر لەبەر خۆمەوە وتم دە وەرە ئەم (....) لەم قوڕە دەرکە!پاشان گەڕامەوە ناو وێستگەکە،پیاوێك بە عەرەبانەیەکی نۆکاوفرۆشییەوە نزیك بووەوە،چونکە سەرما بوو حەزم لە نۆکاوەکە کردو پاش ئەوەی عەرەبانەکە ڕاوەستا وتم بەڕێز قاپێ نۆکاوم بەرێ،کە چوومە بەرەوە دیتم نووسرا بوو ئەم خواردنە تەنیا بۆ کوردەو بەس!سەرم سوڕما وتم باشە ئەمە مەبەستت چییە؟بۆ تەنیا بۆ کوردە؟وتی چیرۆکی ئەوە زۆر دوورو درێژە،ئەو نۆکاوە زۆر بە جوانی دەیکەم و شەونخونیی بە دیارەوە دەکەم،خۆم و هاوسەرم و تەنانەت منداڵەکانمی پێوە ئەزێت دەدەم،لە خۆشترین  خەودا وە خەبەر دێم تەنیا بۆ ئەوەی نۆکاوەکەم بە تام و چێژ بێت و کڕیارەکانم لێم زویر نەبن،ئینجا توخوا تاوان نیە ئەم هەموو ئەزێت و ماندوێتییەم بۆ عەرەب یان تورك یان فارس بێت؟منیش وتم بەڕێز بێزەحمەت ناوی جەنابت؟وتی من ناوم ڕۆستەمە،بە ناوی ڕۆستەمی زاڵەوە ناونراوم،ڕۆستەم پاڵەوانێکی کوردەوبە داخەوە جگە لەوەی بە غەیرە کورد ناوی دەبەن،داستانەکەشی کراوەتە ئەفسانەو گوایە درۆیە،ئەمەش

یەکێکی ترە لە نەگبەتییەکانی کورد،وتم باشە کاك ڕۆستەم پێت نەوتم بۆ ئەوەت نوسیوە؟تۆ مرۆڤێکی کاسبیت پێویستە هەر کەس هات مامەڵەی لەتەکدا بکەیت،ئیتر بۆ ئەو نووسینەت نووسیوە؟نهێنییەکەی چییە؟وتی کاکە گیان من پێش چەند ساڵێك لەبەر هەژاری و داماوی کەوتمەڕێ بۆ هەندەران،باسناکرێت چیم بەسەر هات!کاتێك گەشتمە تورکیا بە دەست قاچاخچیی کوردی ناکوردەوە بوومە فیلیم،دەردێکم بەسەرا هات هەر مەپرسە،لە ئەستەمبوڵ گیرسامەوە،لە شوقەیەکدا بووین، من و 3 کوردی دیکە،دانەیەك خەڵکی کرماشان بوو ناوی فەرهاد بوو،دانەیەك خەڵکی شاری ئامودا بوو،ناوی کاوە بوو،ئامووداا ئەو شارەی دەوڵەتی داگیرکەری سوریا سینەمایەکی پڕ منداڵی کوردی تێدا سوتاندو نزیکەی 500 منداڵ بوونە قوربانی،دانەیەك خەڵکی شاری کەرکوك بوو لە ڕووداوی ئەنفالی گەرمیاندا دایك و باوکی و دوو خوشکی و برایەکی تیاچووبوون،ناوی گەرمیان بوو،گەرمیان کوڕە کەرکوکییەکە سێیەم جاری بوو دەیدا لەو ڕێگا،هەمیشە لە کاتی سەرماو سۆڵەدا دەیوت ئاخ بۆ گەرمییەکەی گەرمیان!،لەو شوقەدا هەر تورکێك بیزانیبا کە کوردین تا دەیتوانی سوکایەتیی پێدەکردین و گاڵتەی پێدەکردین،ماوەی 4 مانگ پێکەوە بووین،ڕۆژێك چەند کەسێك بە جلی سەربازییەوە هاتنە ژوورەکانمان و بێ چەندو چوون کەوتنە لێدانمان و قسەکردنی هاوار هاوار،کوڕە کەرکوکییەکە چونکە تورکمانیی دەزانی لێیان تێدەگەشت،وتی یەژن کورد هەر بێ ئەخلاق و بێ شەرەفەو هەمووتان بەچکە جنۆکەن،ئەم وڵاتەتان پیس کردوە،نەفرەت لە ئێوەی پیس!دوای سوکایەتیی لێدانێکی باشمان دەستگیریان کردین و براین بۆ شوێنێکی ساردو تاریك و نزیکەی 4 کاتژمێر کەس نەیوت کەرتان بە چەند؟کەس لێی نەپرسین؟زۆرمان سەرما بوو،لە ناکاو دەرگاکە کرایەوەو پیاوێکی سوری کەتە هاتە

ژوورەوە،هەر لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیدا،کەوتە گیانی گەرمیان و لە کاتی کەوتنیدا وێنەیەك لە گیرفانی گەرمیان کەوتە خوارێ!وێنەی کچەکەی بوو ناوی ئاڤێستا بوو،ئەو وێنە لە پشتەکەی بە لاتینی نووسرابوو (باوکە گیان خۆشمان دەوێیت،خوا بتپارێزێت..ئاڤێستا کەرکوك–کوردستان) کە سەربازەکە ئەو نووسینەی دیت تەنیا لە کەرکوك و کوردستانەکە تێگەشت بۆیە زۆر پەست بوو،دەستی بە قسەو شاتەشات کردو زۆر خۆی تورەکرد،چونکە ئەوان کەرکوك بە موڵکی کورد نازانن بەڵکو دەڵێن شارێکی تورکییە!ئیتر وێنەکەی دڕاندو خستیە ژێر پۆستاڵەکانی و بە پێکەنینەوە تەماشای ئێمەی دەکرد،ئینجا چووە دەرەوە،گەرمیان وردە وردە پارچە دڕاوەکانی وێنەکەی کۆ دەکردەوەو دەیوت کچەکەم من بێ وەفا نیم ئەوان دڕاندیان،دوژمنانی خۆشەویستی و ئازادی و وڵاتەکەمان دڕاندیان،کچە جوانەکەم ئەوان سەرەتاییترین واتای ئەشق و ئەخلاق نافامن،ئێمە دڵی گەرمیانمان دەدایەوە،ئەوەندەمانزانی کەسێکیان فڕەدایە ناومانەوەو هەموو دەمووچاوی خوێناوی بوو،ئێمەش نەمانزانی چیی ڕوویدا؟ ئەوە بوو کەوتینە قسەکردن لەتەکی،بۆمان دەرکەوت کە کوردە،وتی هەڤاڵان ئێوە کێن؟کاوە کە بادینییەکەی زۆر باش بوو،دەستی بە قسەکردن کرد لە تەکیا،کاوە وتی ئێمەش کوردین وەك تۆ گیراوین،هەریەکەمان خەڵکی پارچەیەکی کوردستانین،ئەویش وتی من ناوم مەزوڵمەو خەڵکی جۆلەمێرگ(هەکاری)م،ئەندامی پارتێکی سیاسیی کوردیم و خۆشحاڵم بە ناسینتان،کاتێ ئێمەش خۆمان ناساندو وتمان خەڵکی فڵان پارچەین،بەو هەموو برین و ئێش وئازارەوە مەزلۆم بە پێکەنینەوە وتی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نەبەستین خۆ نوێنەری هەموو پارچەکانمان تێدایە؟!،بەڵام نا وانابێت ئەوە دەبێت گەل بڕیار بدات نەك نوێنەر،لە ناکاو

خواردنیان هێنا بۆ مەزڵوم بەڵام چۆن خواردنێك ئێمە سەرمان سوڕما لەو هەموو گۆشت و خواردنە جوانە،بە جۆرێك دەتوت خەڵات کراوە،لە ناو خۆماندا وتمان ئەمە شتێك هەیە،ئەوە بوو وتیان دەی بخۆ،مەزڵوم دەستی بە پاڕانەوە کردو وتی ناخۆم!وتیان هەر دەبێت بیخۆیت و ئەملاولای تێدا نیە،وتی هەر ناخۆم،کەوتنە لێدانی و زۆریان لێدا تا لە هۆش خۆی چوو بە نوکە پۆستاڵ یارییان بە ڕوخساری دەکرد، ئیتر ڕۆشتن،ئێمە وڕوو گێژ بوبووین لەو ڕووداوە یانی چی گۆشت ناخوات و لێیی دەدەن لە کاتێکدا ئێمە خەریك بوو دەمردین لە برسانا،پاش کەمێك مەزڵوم وەهۆش هات و بێ وەستان دەستمان کردە پرسیار لەسەر ئەو نهێنییە؟وتمان ئادەی پێمان بێژە ئەمە چی بوو خۆ ئێمە شێت بووین؟وتی هەڤاڵان من یۆگیم و ڕووەکیم ئەگەر بمکوژن پێمخۆشە بەڵام نامەوێت گۆشت بخۆم،هەرگیز کاری وا ناکەم،یۆگا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕۆحەوە هەیەو ڕۆحیشم ئارام نابێت ئەگەر گۆشت بخۆم!،ئەخلاقم ڕێگەم نادات گۆشت بخۆم هەروەك موسڵمانێك دینەکەی ڕێگەی نادات ئارەق و شەراب بخواتەوە، من زۆرم حەز لە گێڕانەوەی قسەکانی کاك ڕۆستەم بوو بەڵام تا دەهات کات دەرەنگی دەکرد،وتم کاك ڕۆستەم دواقسەتم بۆ بکە چی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت ؟وتی بیرکردنەوەو کتێب خوێندنەوە،کتێب خۆراکی مێشك و دڵە،کتێب هەموو شتێکە جگە لە خراپە،گرنگیی کتێب لە ناردنی قورئان و ئینجیل و ئاڤێستاو مەسحەف و تەورات و زەبوردا لە لایەن خوای مەزنەوە بۆ پەیامبەران دەردەکەوێت،هەر کتێبێك چەند مرۆڤەو بگرە زیاتر،ئیتر کاتم تەواو بوو بۆیە هیوای بینینەوەم لە کاك ڕۆستەم خواست و پاسێك هات و سوار بووم...

هەرکە چوومە ناو پاسەکە کەسێك هاواری لێم کرد کەیخوسرەو....کەیخوسرەو،پارەکەت دراوە!کە ئاوڕم داوە بینیم زەردەشتی

هاوڕێمە و زۆر سوپاسیم کرد،ئیتر لە کورسیی جێگەی تەلەفزیۆنەکە دانیشتم نزیك دەرگاکە واتە زیاتر وەك دەرگاوانێك دەردەکەوتم،ئەو دوو نەفەرەی لە ئاستی من دانیشت بوون زۆر بە گەرمی گفتوگۆیان دەکرد،دوو کوڕی خوێنگەرم بوون،جار جار دەهاتە گوێم باسەکەیان لەسەر فەلسەفەو ئەخلاق و بیرکردنەوەو کتێب بوو چونکە کەم کەم حاڵیی دەبووم،یەکێکیان کتێبێکی پێبوو وێنەیەکی خەیاڵیی زاناو عاریفی مەزنی کورد بابا تاهیری هەمەدانی(لوڕستانی)ی لەسەر بوو بەڵام دەستی لەسەر کتێبەکە بوو بۆیە نەمزانی ناوی کتێبەکە چییە؟ بەهەرحاڵ زۆرم پێخۆش بوو لەتەك ئەو دوو لاوە بکەومە قسان وەلێ حەزم نەکرد ببمە کەسێکی بێزارکەرو لەخۆوە قسەکەرو فرەوێژ،بۆیە وتم بەڕێز کاتژمێر چەندە؟وتیان سێ،وتم کات لە خۆیەوە دەڕوات،دانەیەکان وتی کاتێك ئێمە قەدری کات و ساتەکانی ژیانمان ناگرین و بە فیڕۆیان دەدەین ئیتر کات بۆ نەڕوات؟ئێمە لە هەموو تەمەنمان ناتوانین دوو کتێی باش بنووسین و خزمەتێك بە کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی بکەین،ئینجا ئەوەکەیان قسەکەی پێبڕی و وتی تۆ واز لە نووسین بێنە ئێمە کتێب ناشخوێنینەوە نەك بینووسین،ئاخر بۆیە گەلی ئێمە دواکەوتوە ئەوە بیرکردنەوەمانە،ئەگەر کاتژمێر 12ی شەو بڕۆمەوەو پەرتوکێکم پێ بێت دایکم و باوکم ناپرسن بۆ وا درەنگ هاتمەوە بەڵام دەڵێن ئەم کتێبە چییە؟هەمدیسان پارەت دایەوە بە کتێب؟ئاخر تۆ نابیتە بەشەرو بنیادەم؟ئێمە بەم جۆرە پەروەردە دەکرێین بۆیە حاڵمان جوانە!خوشکەکەم ئەم ساڵ چوارەم ساڵی زانکۆیەتی تا ئێستا نازانێت مادەکان کێن؟نازانێت کوردستان چەند پارچەیە؟نازانێت مێژووی کۆنی کورد دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ناوی مانگە کوردییەکان نازانێت،بەڵام بۆ دەرمانی دەموچاوو جلی مۆدەو مۆدیلی پانتۆڵ و بلووس و سترێج و بۆیاخی نینۆك و ئەم جۆرە شتانە

مامۆستایەکی بە توانایە،لەم قسانەدا بووین،پاسەکە ڕاوەستاو نەفەرێك سواربوو،لاوێکی تازەهەڵچووبوو ئامێرێکی مۆیسکایی پێبوو بەو پێیەی لە ناو ژناتای تایبەت شاردرابووەوە نەمزانی چ ئامێرێکە،سڵاوی کرد کە وەڵامی نەدایەوەو دانیشت من وتم کاکی لاو بەخێربێیت،وتی زۆر سوپاس براکەم،ئەو لاوە لە نزیك دەرگاکە دانیشت،منیش تۆزێك خۆم درێژکردو وتم کاکە گیان ئەم ئامێرە چییە؟وتی براکەم من پێشدادە ئەم ئامێرەش گیتارە،وتم برام میش ناوم کەیخوسرەوە،باشە هاوڕێ بۆ ئامێرێکی کوریی ڕۆحانیی وەکو تەمبور–تەمویرە– ناژەنی؟وتی براکەم بڕوابکە لەم باشوری کوردستانەدا بڕواناکەم 10 کەس لەو ئامێرە بزانن،حەزدەکەم فێربم چونکە هەم موڵکی کوردەو هەم ئامێرێکی ڕۆحانیی و مێژووییە،ئەم گەنجە کە گەنجێکی زۆر نەرمو نیان و لەسەر خۆو بە ئەدەب بوو وتی من سوپاس بۆ خوا شارەزاییەکی باشم لە ئامێری گیتاردا هەیەو خوازیاری فێربوونی ئامرێکەلی مێژوویی کوردیشم،وتم کاکی من دوور نیە گیتاریش کوردیی بێت و لە بنەماڵەی ئامێری تەمویرە بێت،وتی برا منیش خۆشحاڵم ئەگەر ئەوە ڕاست بێت و بەڵگەمان هەبێت،هەرچەندە گفتوگۆکەمان خۆش نەبوو چونکە کەمێك لەیەکەوە دوور بووین بەڵام چێژو لەزەتی خۆشی هەبوو چونکە دواجار گیتارژەنێکی لاو،نەتەوەیی،ڕۆحییم ناسی،دوای کەمێك وتی کاك کەیخوسرەو من دادەبەزم کارێکت نیە؟وتم کاکە گیان بەس خۆشیی تۆم دەوێت و زۆریش خۆشحاڵم،هیوام بینینەوەتە،هیوادارم سەرکەوتو بیت و مۆسیاقەکەت بخەیتە خزمەتی ئەشقی خوای مەزن و سۆزی نیشتمان و ئەخلاق و دواجار گیتارەکەت بکە هێوەرکەرەوەی هەنگاوەکانی کامڵبوون،لە ناو پاسەکەدا بوو بە هەراو غەڵبە غەڵب!ئەو قسانەی دەکران ئەمانە بوون،تۆ هەر مرۆڤ نیت،ئەخلاق سست،خۆت دایك و خوشکت

نیە ؟ئاخر داوەشێیت عەیب ناکەیت؟ ئیتر ئەم قسانە دەوترانەوە تا بۆمان دەرکەوت گەنجێکی تازە پێگەیشتوو دەستی بۆ ڕانی ژنێکی کامڵ بردبوو،ژنەکە سترێجێکی تەسك و بلوسێکی سنگ ڕووتی لەبەر بوو!لە ناکاو کوڕەکە وتی دابەزین هەیەو بە ڕەنگێکی سوورهەڵگەڕاوەوە دای بەلای ئێمەداو ملی لە قایشی دەرگاکە گیر بوو،پاسەکە کەوتە ڕێ و هەمووان وتمان کاکە ئەو کوڕە گیربوو،هەر خەریگ بوو بخنکێت،ژنەکەش سەرەڕای ئەو هەموو جنێوە ناشیرینەی کە بە کوڕەکەیدا وتی بۆ ئێوە قسە دەکەن کێشەی ئێوە نیە!لە ڕاستیشدا هەروابوو ئەو ڕووداوە کێشەی نێوان ئەو کوڕەو ژنەکە بوو،بەڵام هەرچۆنێك بوو بابەتەکە تێپەڕی! یەکێك لە کوڕەکانی نزیکم وتی ئا ئەوە ئەخلاقی کۆمەڵگای ئێمەیە شتێکی بچووکی وەك ئەوە قبوڵ ناکەن،ئەوەکەیان وتی خەتای پەروەردەیە ئەگینا ئەو گەنجە بۆ وا دەکات؟لەم کاتەدا ژنەکە دابەزی!ئینجا ئەوانەی ناو پاسەکە کەوتنە زەمکردنی حکومەت و هەمووان دەیانووت ئاخر حکومەت خۆی حەزی لەم بەزمانەیە بۆیە خەڵکیش وا پەروەردە دەکات،دانەیەك ئەوەندە گەرم بوو خەریك بوو هەستێتە سەرپێی و وتی ئێوە چی دەڵێن بۆ حکومەت لە بەر دزی و پارەو قەسرو سەیارە بواری پێشخستنی پەروەردەی هەیە؟یەکێکی تر وتی دەی بە خوا وا بڕوات کۆمەڵگای کوردی و ئەخلاق و حەیامان فت...دوو کوڕەکەی پاڵم دابەزین و من یەکسەر چوومە شوێنی یەکێکیان لە جێی ئەوەکەش کچێکی باریکەلەی باڵابەرز کە لە کورسییەکانی ناوەڕاستدا بوو بۆ ئەوەی لە هەستان و دانیشتن ڕزگاری ببێت خێرا دانیشت،تا نێوەی ڕێگا بەردەوام نەفەر سوار دەبوون و دادەبەزین،هەموو ئەو کەسانە پارەکەیان بە ئەو کچەی تەنیشتمدا دەنارد..ئەوەندەیان پارە پێدا نارد تا وای لێهات،وتی توخوا ئەمە حاڵە؟ئەرێ من شاگردم؟،کاکی شۆفێر بۆ شاگردێك

ناگریت و ئێمەش لەم دەردیسەرییە ڕزگار بکەیت و کەسێکیش لە دەستی تۆوە خێر بکات،کاکە بڕوا بکە شانم کون بوو!..شۆفێرەکەش وەڵامی دایەوەو وتی دادە گیان کەس زۆری لێنەکردوویت تا سواری ئەم پاسە ببیت!بەمجۆرە بەردەوام بوو تا بێتامی کرد،من هاتمە قسەو وتم برای شۆفێر تۆش کەس زۆری لێت نەکردوە تا ئەم پاسە بکڕیت و بیخەیتە هێڵ(خەت) ەوە،دوای ئەوەش تۆ خێرمان پێناکەیت تا ئێمە منەتبارت بین،ئیتر بووە غەڵبە غەڵب و هەریەك بە جۆرێك قسەی دەکرد،تا پیرەژنێك وتی ڕۆڵە عەیبە بێدەنگ بن ئەم هەراتان لەسەر چییە؟ئێوە هەمووتان خوشك و برای یەکن،هەمووتان کوردن و موسڵمانن،ئەم مشتومڕە بێکەڵکانەتان لە چییە؟پیرەژنەکە بەردەوام بوو لە قسەکانی تەواوی سەرنشینەکانی ناو پاسەکە وەك زنجیر لە دەممان درابێت بێدەنگ بووین و گوێمان بۆ داپیرە گرتبوو،داپیرە لە ناو قسەکانیدا پژمەیەکی کردو وتی خێرەبێ انشاللە،کچەکەی تەنیشتم وەك بیەوێت سوپاسم بکات خۆی دەردەخست،لە ناکاو وتی مرۆڤی بەڕێزو ڕۆشنبیر هەمیشە لەسەر هەق دێتە وەڵام!،ئیتر تێگەشتم کە دەیەوێت دەرگای گفت و گۆو قسە بکاتەوە،کەمە کەمە قسەی دەکردو منیش دەمووت وایە....ڕاستە،زۆر ڕاستە،لەم کاتەدا کەمێك نوشتایەوە بۆ پاککردنەوەی دەرقاچەی پانتۆڵەکەی کە قوڕاویی بوو بوو،کە نووشتایەوە نەخشەیەکی کوردستانی گەورە کە لەملیدا بوو بە زنجیرێکەوە شۆڕ بووەوە!دەستبەجێ وتم بەڕێز ئەم نەخشە چییە؟بۆ لە ملت کردوە؟،زۆر بە تێڕامانەوە سەیری کردم و کەمێك وەستا،پاشان وتی بابم و دایکم شەهیدی ڕێگای ئەو نەخشەن!،وتم چۆن ؟،وتی ئاخر کەمێکی دەوێت تا بۆت باسبکەم،وتم زۆرم پێخۆشە فەرموو گوێم گرتوە،وتی باوکم پێشمەرگەی پارتێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو،من و دایکم لە کرماشان دانیشتبووین،ڕۆژێك هەواڵ هات وتیان

(فوئاد) واتە باوكت شەهید بووە،بە ڕاستی ناخۆشترین ساتی ژیانمان بوو،دایكم دەستبەجێ بورایەوە...من نەمدەزانی چی بكەم؟خێرا ڕامكردە ماڵێكی دراوسێمان ئەوانیش لە حزبدا هەبوون،ژنەكە ناوی مەهاباد بوو،دكتۆرەیەكی گەلەك وریا بوو،ئەسڵ موكریانی بوون بەڵام دوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی بە ڕەحمەت بێت،تەواوی خانەوادەكەیان هاتبوونە كرماشان،وتم دادە مەهاباد فریامان كەوە ماڵمان كاول بوو،بابم شەهید كراوەو دایكیشم گەلێ پەرێشانە،بە پەلە ڕامانكردەوە بۆ ماڵ،دادە مەهاباد سەری خستە سەر دڵی دایكم و كەمێك وەستا،دواتر وتی دەك لاڵ بم كچم......دایكت ڕۆحی سپاردوە خۆت تێك مەدە خوا گەورەیە،كچم خۆت دەزانیت من دوو برام و بابم و كوڕێكیشم شەهیدن،وەلێ دەبێت تامولْ بكەین ئارام بگرین،من بە دەنگی بەرز هاوارم كرد بابە ڕۆ...دایە ڕۆ،بابە ڕۆ...دایەڕۆ،لەم كاتەدا پڕ بەدڵ دەگریا،وتم خوشكم بێزەحمەت ناوت چییە؟وتی لە ئەسڵدا ناوم نیشتمانە،بەڵام ناوەكەم گۆڕی بۆ كوردستان ئێستا ناوم كوردستانە!وتم دەی ئێستا لەتەك كێدا دەژیت؟وتی لای ماڵێكم كاتی خۆی پیاوەكەیان پێشمەرگە بووەو ماوەیەك لە ماڵمان بووە،دوای ئەوەی ئەو كارەساتە ڕوویدا دادە مەهاباد ڕۆژێك قورئانێكی هێناو وتی نیشتمان گیان بەم قورئانە سوێند دەخۆم وەك دایك بم بۆت بەڵام وەرە لای ئێمە بژی!وتم دادە مەهاباد سوێند دەخۆم تەواو متمانەم پێتە بەڵام تازە لە ڕۆژهەڵات نامێنم و دەچمە باشوور،لە باشوور دۆستێكی بابم هەیە دڵنیام یارمەتیم دەدات،بۆیە دادە مەهاباد وتی مادام بڕیارت داوە من تا سەر سنوور دێم لەگەڵتاو لەوێش ڕادەستی خزمێكی خۆمت دەكەم تا ئەو ماڵە دەدۆزیتەوە!ئەوە بوو هەموو ماڵ وكەل و پەلەكانم فرۆشت و كەوتینەڕێ،دادە مەهاباد گەیاندمیە دەستی خزمێكیان ناوی مەلا فەرمان بوو،ئەو مەلا فەرمانە

نزیکەی مانگێك لەگەڵما سوڕایەوە زۆر زەحمەتی کێشا،هەمیشە دەیوت کچم لای ئێمە بەو دەتکەمە کچی خۆشەویستی خۆم،بەڵام ئەگەر هەر سووریت انشالله هەر بۆت دەدۆزمەوە،سەرەنجام دوای گەڕان و پرس وجۆیەکی زۆر ڕۆژێك دوکانی ئەو پیاوەمان دیتەوە،ئەو پیاوە ناوی قوباد بوو،مەلا فەرمان منی بەو ناساندو باسی کارەساتەکەی بە تەواوی بۆ کردو وەك خۆم و باشتریش تێیگەیاند،ئەویش خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و وتی یاخوا بەخێر بێیت من هەمیشە لەو خەیاڵەدا بووم کە چۆن چاکەی فوئاد بدەمەوە،ئێستا سوپاسی خودا دەکەم کە تۆ هاتویت بۆ ئێرە،لە لایەك دڵ بریندارم بۆ شەهیدبوونی هاوڕێکەم و لە لایەك بە هاتنی تۆ دڵخۆشم،لە کاتی ئەم قسانەدا من و مەلا فەرمان و کاك قوباد سەرقاڵی قسەکردن و چاخواردنەوە بووین،لە ناکاو پیاوێك بە توڕەیی خۆی کرد بە ژووراو وتی توخوا ئەمە ویژدانە؟ئەمە ئینسانەتییە؟کەسی ڕاست نەماوە،ئیتر ڕووی دەمی کردە کاك قوبادو وتی کاکە تۆ خاوەنی ئەم دوکانەی ؟کاك قوباد وتی بەڵێ،وتی دەی ئەو ڕۆژە سۆبایەکم بردوە بە نرخی ئەسڵ کەچی نائەسڵەو ئەو کوڕەی تۆ کە ناوی ئارام بوو منی خەڵەتاندوە،ئاخر ئەمە ڕاستە؟کوڕەکەت هەزار سوێندی درۆی خواردو وتی ئەمە چاکترین سۆبایە،کاك قوباد تەواو شپرزە بوو هەستایە سەرپێ و وتی براکەم من داوای لێبووردن دەکەم ئەو کوڕەم هەروا بێ ئەدەب و درۆزنە!هەر چەند دەڵێم کوڕم لە خوا شەرمکەو تۆزێك بە خۆتا بچۆرەوە هیچ سودی نیە،ئێستا سۆباکە دانێ و پارەکەت چەندە بە زیادەوە دەتدەمەوە،پیاوەکەش بە سەرسامییەوە وتی پارەکەم دەدەیتەوە؟کاك قوباد وتی بەڵێ بێگومان!،ئیتر پارەکەی بۆ ژماردو دایە دەستی و پیاوەکە زۆر سوپاسی کاك قوبادی کردو ڕۆشت،کاك قوباد ئاخێکی هەڵکێشاو وتی من چی بکەم لە دەست کوڕی

خراپ؟ڕووی کردە مەلا فەرمان و وتی مامۆستا ئەم کوڕەم تا دێت خراپ دەبێت،مەی دەخواتەوەو پارە بەهەدەر دەدات و درۆ دەکات،گیرم خواردوە بە دەستییەوە!مەلا فەرمانیش وتی کاك قوباد گیان داواکارم لە خوای گەورە هیدایەتی بدات و ئیسلاحی بکات،کاك قوباد پەروەردە زۆر گرنگەو پێویستە هەمیشە ئاگامان لە هەڵسوکەوتی نەوەکانمان بێت،ئیتر مەلا فەرمان وتی کاك قوباد من دەبێت بڕۆم،بەڵام دەمەوێت پێش ڕۆشتن لەتەك نیشتمان کەمێك قسە بکەم،ئیتر هاتینە دەرەوەو مەلا فەرمان وتی کچم دڵنیام ئەم کاك قوبادە مرۆڤێکی باشە بەڵام کوڕەکەی خراپەو بۆ تۆ دەبێتە کێشە،تکات لێدەکەم تەنیا لەبەر خاتری خوا وەرە لەتەك ئێمە بژی و خۆت مەخە ئەم کێشەوە دڵنیام ئەو کوڕە بۆت دەبێتە بەڵا!منیش وتم مامۆستا گیان زۆر سوپاست دەکەم و ئەم چاکەم بیر ناچێتەوە،بەڵام دەبێت لێرە بمێنمەوە،گرنگ کاك قوبادە ئیتر کوڕ هەر چۆنێکە کێشە نیە،ئیتر مەلا فەرمان خواحافیزیی کردو سەری ماچ کردم و ئەو گریاو منیش گریام!پاشان کاك قوباد دووکانی داخست و تەلەفونی کرد بۆماڵەوە بۆ هاوسەرەکەی کە ناوی نەسرین بوو،وتی میوانی خۆشەویستمان هەیەو ئیتر دەبێتە کچی خۆمان،نەسرین خانیش کە ئێستا پێی یەژم (دایە نەسرین) وتی میوان خۆشەویستی خوایە،ئەك بەخێر بێت،دەی ئێوە وەرنەوەو منیش نان ئامادە دەکەم!،ئینجا تاکسییەکی ڕاگرت و پێکەوە ڕۆشتین بۆ ماڵیان،کاتێك گەشتینە جێ یەکسەر کاك قوباد منی بە دایە نەسرین ناساندو ئەویش زۆر بە گەرمی و بە جۆرێك باوەشی پێداکردم وا هەستم دەکرد کە دایکمەو زۆر حۆشحاڵ بووم،ئیتر دانیشتین و کاك قوباد باسەکەی بۆ دایە نەسرین گێڕایەوە،لە کاتی گێڕانەوەی باسەکەدا دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی سۆزی دایکایەتی و ژنانە لە چاوە ڕەشاکانی دەڕژانە سەر جلەکانی

و بە گەرمی ناوە ناوە دەیوت دەك كوێر بم!دەسم شكێ،لەم كاتەدا كوردستان وتی چیرۆكەكەی من بە ئاسانی تەواو نابێت، بەڕێز ناوت چییە؟وتم ناوم كەیخوسرەوە بەڵام بۆ لەم كاتەدا ئەم پرسیارەت كرد؟وتی ئاخر لە پێشەوە دادەبەزم سبەینێ لە كوێ بتبینم؟وتم تۆ شوێن دانێ،وتی ناو زانكۆ باشە؟وتم ئاخر من خوێندكار نیم و نایەڵن،وتی نا خۆم دەتبەم،وتم دەی باشە،وتی كەیخوسرەو لە چاوەكانتدا ڕاستگۆیی و ئەخلاق دەبینم،وتم سوپاست دەكەم كوردستان گیان،بەڵام خوێندكاری چ بەشێكیت؟وتی لە پزیشكییم..هەرچەندە پزیشك دەتوانێت بە باشترین شێوە خزمەتی مرۆڤایەتی بكات و كاری ئینسانیانەی زۆر چاك بكات بەڵام خۆم حەزم لە بەشی مێژوو بوو بۆ ئەوەی بتوانم چەواشەكارییەكانی داگیركەرانی كوردستان لە مێژووی كورد دەربكەم و تا ئەو جێگەی دەتوانم خومەتی گەلەكەم بكەم،بەڵام هەر خۆشحاڵم،ئیتر بە دەنگێكی تێكەڵەی گریان وتی دابەزین هەیە...دابەزین،..لە كاتی هەستاندا وتی (یا هەق!)،ئیتر دابەزی و وتی خوات لەگەڵ،وتم خوات لەگەڵ هاوڕێم!وتی جارێ هاوڕێ نین،پێكەنیم و وتم ڕاستە،ئەویش پێكەنی و وتی هاوڕێین!،لە پڕ پاسەكە ڕۆشتنەكەی خاو كردەوەو لە پێشەوە قەرەباڵغییەك دەركەوت،نەفەركان كردیانە هات و هاوارو وتیان ئەمە چییە؟ چی ڕوویداوە؟شۆفێری پاسەكە وتی دیسان خۆپیشاندانە،خۆ لەم وڵاتەدا خۆپیشاندان بووەتە مۆدێل و هەركەس هەڵدەستێ خۆپیشاندان دەكات،یەكێك لە نەفەرەكانیش وتی بەڕێز ئەوەش بزانە كە گەندەڵی و دزی و بێدادیی دەسەڵاتیش بووەتە مۆدێل و چینێك دەبینیت لە سفرەوە دەبێتە خاوەنی كۆمپانیاو چینێكیش بووەنەتە گێسكەكەی هەیاسی خاس و لە مەژی و مەمرەدا دەژین!ژنێك هەڵیدایەو وتی دەك منتان بمرم ئەوانە خوێندكارن خۆپیشاندان دەكەن دڵنیام چونكە هەر ئەوان

مافخوراون!لەم قسەوباسەدا نەفەرێك سەری بردە دەرەوەی جامی پاسەکەو ڕووی کردە پیاوێکی پیر کە جلێکی کۆن و دڕاوی لەبەردا بوو،وتی کاکە گیان لێرە چ قەومایە؟دەتانی پێمبڕێی چ ڕوویدایە؟پیاوەکە وتی براکەم ئەمە خۆپیشاندانی کرێکارانەو داوا دەکەن کاریان بە خزمەتی میریی(حکومی) بۆ ئەژمار بکرێت،ئەمانە چینە چەوساوەکەی کۆمەڵگەن کە هەموو لایەن و پارت و دەسەڵاتێك دەیانکاتە پرد بۆ گەشتن بە ئامانجەکانیان و دواتر پشتگوێیان دەخەن و هەر دەڵێی ئەوانیش نەبوون،لەم کاتەدا کچێك کە لە پێش منەوە بوو خێرا دابەزی و وتی بەشداریی کردن لەم خۆپشاندانە ئەرکێکی دینی و ئەخلاقی و کوردانەیەو دەستبەجێ چووە ڕیزی کرێکارە خۆپیشاندەرەکانەوە،هەڵوێستی ئەو کچە هەمووانی سەرسام کرد....وردە وردە ڕێگاکە کرایەوەو پاسەکەی ئێمەش بە ناو خۆپیشاندەرەکاندا تێپەڕ دەبوو،کاتێك لە ڕووخساری ئەو کرێکارانە ورددەبوومەوە دنیایەکم لە ئازار،گریان،برسێتی،ماندوێتی،ستەم،چەوساوەیی،دەدی!یەکێك لە نەفەرەکان لەم کاتەدا هاتە قسەو وتی جا ئەمانە چییان دەوێت؟ئیش بۆ خۆیان دەکەن و دەیانەوێت بیکەنە هی حکومەت!بۆ خۆیان پارە وەردەگرن دەیانەوێت بۆیان بکرێتە خزمەت،منیش خۆم پێنەگیراو دەستبەجێ وتم جاخۆ برا تەواوی فەرمانبەرانیش بۆ خۆیان کاردەکەن و پارەش وەردەگرن،دەبێت بوترێت با فەرمانبەر خزمەتی بۆ ئەژمار نەکرێت چونکە پارە وەردەگرێت ؟ ئیتر وەڵام نەماو ناو پاسەکە بێدەنگ و مات بوو،پاشان کەوتمە بیری ژیانی کوردستان خان و ئازارەکانی دواتر خەیاڵم چوو بۆ لای (یا هەق)ەکەی کوردستان خان،گەشتمە ئەو بڕوایەی کە کوردستان لەسەر دینی یارسان(کاکەیی)ە،چونکە ئەوان زیاتر یەژن (یا هەق)،ئەم بیرو ڕایانەم هەڵگرت بۆ بەیانی،دوای ئەمانە گەشتمە گەراجی خۆمان و

ماڵئاواییم لە زەردەشتی هاوڕێم کردو دابەزیم، لەوێش سواری پاس بووم،هەرکە سەرکەوتم ژنێکی خزممان وتی کەیخوسرەو ئەوە عەیب ناکەیت،تەریق نابیتەوە؟وتم بۆ چ بووە دادە مەنیج؟وتی کوڕەکەم ئەمڕۆ بابەتێکی تۆی خوێندووەتەوە باسی سێکس دەکەیت و زۆریش بە ڕووقایمانە نووسیوتە لەسەر (گان)!وتم دادە مەنیج بەڵێ ئەوە نووسینی منەو هیچیش بە عەیبەی نازانم،دەزانی عەیبە چییە؟عەیبە بێ ئەخلاقییە،وڵاتفرۆشییە،دزییە،درۆیە،سیخوڕییە،مرۆڤکوشتنە،گەندەڵییە،نەك نووسینی بابەت لەسەر سێکس و گان،عەیبە ئەنجامدانی پرۆسەکە بە شێوەیەکی نائەخلاقی و ناشەرعی نەك نووسین لەسەر پرۆسەکە،ئیتر گفتوگۆکە کۆتایی هات و منیش خۆم بە کوشنەکەدا لارکردوە تا کەمێك بحەوێمەوە،دوای کەمێك دوو زەلام هاتن گرتمیان و برام بۆ زیندان!وتم کاکە گیان چیی بووە؟بۆ منات گرتوە؟خۆ تاوانێکم نەکردوە؟وتیان بێدەنگبە چاوقایمی درۆزن،لێرە تەمێت دەکەین وپێتدەڵێین کە نووسین لە دژی حکومەت باجەکەی چییە؟وتم برام کاکی پۆلیس من لێتان ناپاڕێمەوە بەڵام جگە لە هەقیقەت هیچی ترم نەکوتوە،من دەڵێم دەبێت حکومەت خزمەتکاری گەل بێت ئەگەرنا حکومەتێکی فشەڵەو ئەمڕۆو سبەی دەبێتە ژێرپێی جەماوەری هەقخوازەوە،پاشان کەوتنەلێدانم و بەرەو ژورێکی تاریکیان بردم،لەوێ 6 کەسی لێبوو چواریان ڕۆژنامەنووس بوون،دووانیان کە دواتر بۆم دەرکەوت لەسەر دزیی گیرابوون،دوای ئەوەی تێریان لێدام و شلیان کردم،ڕۆشتن و بە گاڵتەجاڕییەوە وتیان با جەماوەری هەقخواز فریاتکەون! یەکێك لەوانەی کە لە ناو زیندانەکەدا بوو وتی ئاخر تەنیا من دزییم کردوە؟هەزاران کەس دزی دەکەن و دزە گەورەکان سەرپەرشتیی گرتنی ئێمە دەکەن،من بۆ هەژاری داماویی دزیم

کرد،ئەی دەسەڵاتدارو بەرپرسەکان بۆچی دزی دەکەن؟ئەو ژوورەی ئێمەی تێدا بووین دەتووت ناوەندێکی ڕۆژنامەوانییە ئەوەندەی ڕۆژنامەنووس تێدا بوو!لە ناکاو پۆلیسەکان خۆیان کردەوە بە ژووردا‌و بە شەق کەوتنە من،تا لە ناکاو سەیرم کرد شۆفێری پاسەکەیەو دەڵێت کاکە گەشتین هەستەو دابەزە،ئیتر دڵم خۆش بوو کە ئەو ڕووداوە خەون بوو،بە گێژیی و حۆلیی بەرەو ماڵ هاتمەوەو بیرم لەو خەونە دەکردەوە،گەشتم بەر دەرگاو لە بڵندگۆی مزگەوتەوە بانگەواز کرا کە ساسان نەژاد مردوە!سەرم سوڕما و لەبەر خۆمەوە وتم باشە خۆ ساسان زۆر گەنج بوو؟تازە هەوەڵی دەمی بوو،انا لله وانا الیه راجیعون،کوڕێك کە هاوڕێمە لەو کاتەدا بە پەلە دەڕۆشت بەرەو سەر گۆڕستان،وتم برا ساسان بە چی وای لێهاتوە ؟وتی دەڵێن شتی بەسەرچووی خواردوەو ڕشاوەتەوەو پاشان گیانی لەدەستداوە،بە ئەسەفێکی زۆرەوە چوومە ماڵەوە تەنانەت توانای چوونم بۆ گۆڕستان نەبوو،شەو لە ماڵەوە دەستم کرد بە نووسینی بابەتێك لەسەر گروپی کەرگەلی کوردستان(حزبی کەران) کە خەڵکی بە عەیبەی دەزانن،من تا توانیم بەرگریم لە ئەندامانی حزبی کەران کردو نەك بە عەیبە بەڵکو بە شانازییم زانین بۆ کوردو کوردستان،ئیتر چایەکی کوردانەی دژلەمەم خواردو سەیرێکی کتێبەکانم کردو وتم الحمدلله،پاشان چوومە سەر دۆشەکێك کە ناواخنەکەی لەباد بوو،پێش ئەوەی بخەوم پەرتوکێکم لەسەر مێژووی مادو ساسانیی کورد خوێندەوە،زۆر نهێنیی مادەکان و ساسانییەکان ڕوون دەکاتەوە،دوای ئەمە وڕ بووم ئیتر خەوتم.....چەندین خەوم دیت بەڵام لەبەر تێکەڵ و پێکەڵی نەمتوانی جوان لێیان تێبگەم،تەنیا خەوێکیانم لە بیرما لە خەونمدا بەرەو ئەشکەوتێك دەڕۆشتم،کە گەشتمە ئەوێندەر پیاوێکی پیری سەرو ڕیش سپیی لێبوو،سڵاوم کردو خێرا وەڵامی دامەوەو وتی کوڕم بۆ ڕێت کەوتوەتە ئێرە ؟وتم

مامە گیان هاتوم بزانم ئەم ئەشکەوتە چییە؟وتی ئەمە ماڵی کاتیی منە،کە چووینە ژوورەوە کتێبخانەیەکی گەورەم دی کە چەندین پەرتوکی ناوازەو دەگمەنی تێدا بوو،وتم مامە پیر تەمەنت چەندە؟وتی 87 ساڵم و نزیکەی 59 ساڵە بە دوای زانین و هەقیقەت و ماریفەتەوەم،من سەرم سوڕماو وتم یانی تۆ خێزانت نیە؟وتی نەخێر هەموو ژیانی خۆم تەرخانکردوە لە پێناوی ناسینی جوانی خوای تاك و شارەزایی لەسەر هەقیقەت و کامڵبوون،وتم مامە گیان من بیستومە دوای چەند ساڵێکی کەم و بڕینی چەند قۆناخێك دەگەیتە کامڵبوون ئەمە ڕاستە؟وتی کوڕم ڕەنگە بە یەك چرکەو بێ بڕینی هیچ قۆناخێك مرۆڤ بگاتە ئەشق و تەشرو کامڵبوون و ماریفەتی ڕاستەقینەی ئیلاهی،بەڵام ئەمە دەگمەنەو کەم ڕوودەدات،پێویستە زۆربەی مرۆڤەکان پلیکانە یان قۆناخەکانی پەیژەی گەیشتن بە کامڵبوون ببڕن،وتم مامە پیر قۆناخەکانی گەیشتن بە کامڵبوون ئەوەی من دەیزانم شەریعەت،تەریقەت،هەقیقەت،ماریفەتە و ئیتر دوای بڕینی ڕێکوپێکی ئەم قۆناخانە کامڵبوونە ئایا ئەمە ڕاستە؟مامە پیر هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی کوڕی خۆم قسەکردن لەسەر ئەم باس و بابەتە پێویستی بە کاتەو پاشان دەبێت وەکو دەرس بوترێتەوەو ماوەیەکی زۆری دەوێت،بەڵام سەرەتایەکی زۆر کەمت پێیەژم ئەزیزی من مرۆڤ سەرەتا پێویستە کۆششێکی زۆر بکات تا بگاتە یەقین و باوەڕداریی تەواو بە خوای مەزن و دینەکانی خوای مەزن و ڕاستی و دروستیی کتێبە ئاسمانییەکان و پەیامبەران،دوای ئەمە دەبێت بە شێوەی زیکرو فیکری ڕاست و پەرستش و خۆشەویستی و ئەخلاقپەروەریی و ئاشتیخوازیی و شارەزایی لە دینی خوای مەزن پلەکانی شەریعەت و تەریقەت و هەقیقەت و ماریفەت ببڕێت،گەیشتن بە ماریفەت پلەیەکی زۆر باشە چونکە ناسینی هەرەباڵای ناسێنەری نەناسراوەکانی

هەستپێکراوە ئەویش زاتی هەقتتەعالا(الله) یە، بەڵام کامڵبوون نیە،دوای ماریفەت پلەی ئەشقی ئیلاهیی دێت،دوای ئەمە پلەی تەشر(توانەوەی شایستەی ڕۆحی)ی دێت،لە قۆناخی (تەشر) دا مرۆڤ ڕۆحی دەخاتە خزمەتی فەرمانی خوای تاك و ئەو شتانەی ئەو پێی خۆشە وەکو ئاشتی،ئازادی،ڕێزگرتن،ئەشق و خۆشەویستی،زانستپەروەریی،ڕاستگۆیی،یەکسانی،سۆزو میهر،کراوەیی و هتد..ئیتر بە بەرجەستەبوونی قۆناخی (تەشر) ڕێك شێوەیەکە لە کامڵبوون،لەم کاتەدا قسەکانم پێبڕی وتم مامۆستا گیان ئایا وەرزشی ڕحی و جەستەیی لەم قۆناخەدا کاریگەریی هەیە؟وتی کوڕی خۆم پێم مەیەژە مامۆستا چونکە من تا دەمرم خوێندکارم و تەنانەت مردنەکەم وانەی منە،بۆیە هەر بە پیری نەزان بانگم بکە،کوڕەکەم وەرزش لە هەموو تەمەن و لە هەموو کات و بۆ هەموو قۆناخێك شتێکی باشەو زۆریش پێویستە،بەلێ هەروەك چۆن خوێندن و خوێندنەوەو زانست هۆکارێکی باشە بۆ گەیشتنە کامڵبوون ئاواش وەرزشی ڕۆحی و جەستەیی هۆکارێکی باش و بنەڕەتییە بۆ گەیشتنە کامڵبوون،کوڕی مرۆڤ دوای ئەوەی دەگاتە کامڵبوون پێویستە ئەشق و خۆشەویستی بکاتە چکلێت ی بیخاتە سەر سینیەك و بە ناو شارەکانی جیهاندا بیسوڕێنێتەوەو ئەوانەی کە ڕقیان لێیەتی لێی سودمەند بن،چونکە هەموو ئەشق و خۆشەویستییەکی پاك و ڕاست و دروست بەشێکە لە خۆشەویستیی خوای باڵاو کاربەجێ،مامۆستای پیر لەم کاتەدا دەگریاو دەیوت ئای تامی خۆشەویستیی خوای تاقانە چەندە شیرین و بەلەزەتە،ڕۆح و دڵ قەت تێر نابن لە تامی ئەو خۆشەویستییە چونکە ڕاستی هەموو ئەشقە ڕاستەکانە،دوای کەمێك وەستان مامە پیری مامۆستا دەفیێکی هێناو بە نەرمی و بە گریانەوە کە ئەشك و ئەشقی تێکەڵی ڕیشە سپییەکەی بوون دەستی بە زیکری (لا اله الا الله،یا هەق

گەورا) کردو هەروەك گەشتبێتە پلەی تەشر(توانەوەی شایستەی ڕۆحی) دەتوایەوەو هەستی بە من و هیچ شتێك نەدەکرد،چووبووە حاڵەتی سەرو سروشت و پڕ بە دڵ دەگریا،بەداخەوە ماڵەکەی دراوسێمان کەڵەشێرێکیان هەبوو هەموو بەیانییەك دەیکردە ڕۆژی خۆی،بە دەنگی مام کەڵەشێر وەئاگا هاتم و خێرا هەستام بۆ دەستنوێژگرتن بۆ ئەوەی نوێژی بەیانیم نەڕوات،دوای نوێژەکە سەرم سوڕماو وەکو گێژم لێهاتبوو قسەکانی مامە پیر زۆر بە تام و جوان و خۆش بوون ئاشاقانە ئاشقی خەوتن بووم بۆ ئەوەی خەو ببینم،پاشان هەستام و نانێکی بەیانیانەی کوردانەم خواردو...بیرم کردەوە کە سەردەمانێکی پێش ئێستا پێشینانی کورد وتویانە (هەر کەسێك نانی بەیانی خوارد،پشت بۆ 10 کەس ناکاتەوە) واتە کاتێك خۆی بەست بۆ شەڕ بە هیچ شتێك تەسلیم نابێت ئەمەش مانای گرنگی نانی بەیانیانە،ئیتر کەوتمەڕێ بۆ زانکۆ بۆ ئەوەی هەر چۆنێك بێت کوردستان ببینم و چیرۆکەکەیم بۆ تەواو بکات،لە ناو پاسەکەدا لەسەر نەبوونی وردە بووە هەرا شۆفێرەکە وتی هیچم ناوێت بەس بێدەنگ بن تکایە....مێشکم تەقی خۆم تەواو نیم،ژنێك وتی جا تەواو نیت بۆ شۆفێریی دەکەیت و ئەو خەڵکەش دەخەیتە مەترسییەوە؟شۆفێرەکە وتی باجی گیان خۆ ئەقڵم لە دەست نەداوە مەبەستم تەواو نیم ئەوەیە کە نەخۆشم و سەرم ئێشێت،ئیتر لە هەر چوار لای پاسەکەوە هەراو هۆسە بوو،لە پڕ پیاوێکی پیر کەوتە قسەو وتی ئەرێ بۆ خاتری خوا ئێوە بۆ وادەکەن بۆ شوکری خوا ناکەن؟جاران ئێمە مەمنون بووین گەر کەرمان دەستکەوێت بۆ ئەوەی هاتوچۆی پێبکەین،ئێوە بۆ وا هار بوون بەخوا ڕاستە ڕۆن زۆر بوو (.....)ی پێ چەور دەکەن،ئێوە چیتان دیوە لە مەینەتی و دەردەسەری و چەرمەسەری،ئێمە ڕۆژ تا ئێوارە ڕامان دەکرد هێشتا تێر سکی خۆمان نانمان

نەدەخوارد،جلمان نەبوو،ئەوە باسی پاتەو پێڵاو هەرمەکە،لە گشت تەمەنما خۆری بەیانی لێی نەداوم لە کاتی خەوتنا،بەخوا ئێوە لە خۆشییا هار بوون،دە بیبڕنەوە ئەم قڕەتان لەسەر چییە؟لەم کاتەدا پاسەکە دای لە تاسەیەکی گەورەو هەمووان بەرز بووینەوە،پیاوە پیرەکە کە خۆی شل کردبوو بۆ قسەکردن لە ئێمە زیاتر بەرز بووەوە،بۆیە سەری کێشای بە سەق(بنمیچ)ی پاسەکەدا وتی گوم تێکردی بۆچی ئۆتۆمبێلێکی!بە خوا کەر لە تۆ باشترە،ئیتر بۆ خۆشیی هەمووان بوو بە پێکەنین،ئیتر بەم دان و دۆوە مەسەلەکە دامرکایەوە..پاشان گەشتینە گەراج و هەمووان دابەزین،بەرەو زانکۆ ملی ڕێم گرت کە نزیك بوومەوە ئیتر وەستام، بیرم کردەوە بریا ژمارەم لێوەرگرتایەو ئێستا تەلەفۆنم بۆ بکردایە بەڵام لە خەیاڵی خۆمدا وتم جا کێ دەڵێت پێی خۆش دەبوو داوای ژمارەی لێبکەم؟!لەم خەیاڵانەدا بووم کەسێك وتی برا ئەوە تۆ چاوەڕێی چیت؟ئاوڕم دایەوە بۆ لای و وتم کاکە گیان ڕێگەم لە تۆ گرتوە؟کێشەیەکم بۆ پێش هێناوی؟وتی برام هەڵە تێمەگە مەبەستم ئەوە نیە،وتم بزانم خێرە؟خۆ خراپم نەکردوە،وتم دەی برام ئاساییە،وتی ناوت چییە؟وتم کەیخوسرەو ئەی تۆ؟وتی شۆڕش!وتم کاك شۆڕش خۆشحاڵم،وتی من زیاتر،ئیتر وتی ئەگەر دەکرێت با بڕۆینە ئەو پەنا دیوارەو هەندێ قسان بکەین،وتم زۆریشم پێخۆشە،چووینە لای دیوارەکەی زانکۆو دانیشتین،ئەو دەستی بە قسەکردو وتی تۆ ڕات چیە لەسەر بیرکردنەوەی شێت؟ئایا شێتیی چییە؟کەمێك وەستام و وتم کاکە شۆڕش دنیای شێتەکان دنیایەکی زۆر تایبەتەو زۆریش ئاڵۆزە،بەڵام من پێم وا نیە شێتەکان بێئەقڵ بن بە پێچەوانەوە زۆریش ئاقڵن و ئێمە لێیان تێناگەین بۆیە واهەستەکەین بێ ئەقڵن،شۆڕش تۆزێ کەوتە جوڵەو بە جۆرێك لە جۆرەکان قسەکانی بە دڵ بوو،وتی کاك کەیخوسرەو بەڕاستی من لەتەك شێتەکاندا زۆر

هەڵسوکەوتم کردوە،زۆرم دواندوون،زۆر شتیان لێفێربووم،بۆیە دەڵێم شێتبوون تەواو ئاقڵبوونەو ئەوە خەڵاتی خوای گەورەیە بۆ هەندێ مرۆڤ،ئینجا هەمووان دەزانین زۆرێك لە زاناو داناو بلیمەتەکانی جیهان و مێژوو یان لە دواییدا شێتبوون یان هەڵسوکەوتیان وەك شێت بووە،هەر بۆیە لە زووەوە وتراوە ئەوەی زۆر کتێب بخوێنێتەوە شێت دەبێت،لەم قسانەدا بووین کوردستان بە دەنگی بەرز بانگی کردم و وتی کاك کەیخوسرەو ئەوە تۆیت؟وتم بەڵێ منم کوردستان!ئیتر هاتە پێشەوەو سلاوی لێکردین،ویستم شۆڕشی پێبناسێنم کەچی وتی کاك شۆڕش تۆ چۆنی؟! ئیتر دڵنیا بووم کە یەك دەناسن،کوردستان مۆڵەتی لە شۆڕش خواست و وتی کەیخوسرەو با بڕۆینە ناو زانکۆ،کە هەستاین شۆڕش وتی کاك کەیخوسرەو شێتێکی هاوڕێم هەیە لە کاتی زیندانی بەعسییەکاندا شێت بووە، پێی وتم 16 ساڵ بە دوای خۆمدا گەڕام کەچی دراوسێکەمانم دۆزییەوە،دواتر برسیم بوو ئەویشم لێوون بوو!،جارێکی تر پێی وتم مرۆڤ تا لە نهێنیی شێتەکان تێدەگات شێت دەبێت!ئینجا شۆڕش وتی کەیخوسرەو بزانەو لە یادی مەکە   هەموو شێتێك ئاقڵە بەڵام هەموو ئاقڵێك شێت نیە!، من بەو قسانەی شۆڕش کە هی خۆی و شێتێکە زۆر سەرسام بووم،تا چووینە ژوورەوە هەر بیرم دەکردەوە،چونکە بەڕاستی قسەکان شایەنی بیرلێکردنەوەو هەڵوەستەن،مرۆڤ دەتوانێت لەسەر ئەو قسانە چەندان کتێب بنووسێت،ئیتر گەشتینە ناو باخەکەی زانکۆو کوردستان وتی لێرە دانیشین؟وتم باشە،دانیشتین،کوردستان وتی ئەوە بوو دایە نەسرین و کاك قوباد بەڵێنیان دامێ کە وەك کچی خۆیان تەماشامکەن،هەر ئەو کوڕەیان هەبوو واتە ئارام! ماوەیەك ژیانمان بەو جۆرە چووە سەرو هەستم دەکرد ئارام بە چاوی خراپ سەیرم دەکات،ڕۆژێك تەنیا بووم بە پەلە هاتەوەو هات بۆ لام وتی کوردستان ئیشم پێتە

وتم ئارام چی بووە؟چیت دەوێ فەرموو؟وتی پێویستە تۆ پشتگیریم بکەیت و لای دایکم و باوکم بڵێیت ئارام کوڕێکی چاکە،پێویستم بە پارەیە،وتم پارەت بۆ چییە ئارام؟وتی تۆ هەقی ئەوەت نەبێ،ئیتر لای من هەستاو چوو بۆ ژوورەکەی خۆی،منیش بە نهێنیی دوای کەوتم،لە ژوورەکەی خۆیدا شتێکم بە دەستیەوە بینی!ئەو وای زانی من مادەی هۆشبەر و بە تایبەت تلیاك ناناسم،بۆیە پەشۆکاو وتی ئەمە جۆرێکە لە دەرمانی ماسی و بۆ ئەو هاوڕێیەمی دەبەم ئیشی ماسیی فرۆشی دەکات،منیش پێکەنیم و وتم دەی باشە هیوادارم وا بێت،ئیتر ڕۆشت،خێرا تەلەفۆنم بۆ قوباد کردو وتم شتێکی ئاوا هەیە،ئیتر کاك قوباد سەری سوڕماو دەستی کرد بە باوکەڕۆو براڕۆ! بەهەرحاڵ ئێوارە هاتەوەو دەستی کردە سەرزەنشتکردنی ئارام،زۆری پێکردو دایە نەسرینیش پشتگیریی کاك قوبادی دەکرد،ئارام لە کۆتاییدا سەیرێکی منی کردو وتی بێ ئەدەب تۆ پێت وتوون؟فیتنەی فتوور...دایە نەسرین خێرا بۆی هەستاو وتی دەتکەمە قوربانی کوردستان،لەم ماڵەدا سەد بە قەدەر تۆ باشەو ئینجا ئەو بۆ بەرژەوەندیی تۆ ئەم قسانەی کردوە،ئیتر لەو ڕۆژە بە دواوە ئارام دژی من بوو جنێوی پێ دەدام و دەیویست هەر چۆنێك بووە زیانم پێبگەیەنێت!من ڕۆژێك لە ماڵەوە پەرتوکێکی د.ئەبدوڕەحمان قاسملۆو ئەبدوڵڵا ئۆجەلانم دانابوو بیانخوێنمەوە کەچی ئەو هات و لە ڕقی من پەرتوکەکانی دڕان،زۆری لێپاڕامەوە بێ کەڵك بوو،لە دواییدا وتی تۆ بەم ئەقڵەتەوە دەخوازیت دژایەتیی من بکەیت؟وتم نا دژایەتیت ناکەم بەڵام چونکە وەك برام وایت تا دەتوانم ڕێت لێدەگرم،ئامۆژگارییت دەکەم،هیوادارم هەڵە لە من تێنگەیت،پاشان لاپەڕەیەکم بە دەستەوە بوو خەریکی نووسینی دوو بابەت بووم یەکیان لەسەر ژینگەپارێزیی و ئەویتریان ئیرادەی خەڵکی کورد لە زیندانەکانی

داگیرکەرانی کوردستاندا،دیسان هاتەوە پێشەوەو پەلاماری دەستیدام و بابەتەکانی بردو بە گاڵتەجارِییەوە دەستی بە خوێندنەوەیان کرد،دواتر وەك سەرۆکۆنەو ئیهانە هاتە نزیکەوەو وتی ها بابەتەکانت،دەستم برد تا وەریانگرم کەچی وەك درِەندە لاپەرِەکەی کە هەردوو دیوی نووسین بوو درِاندو،دەستی  بە قسەی ناشیرین کردو تەنانەت دارێکی کێشا بە سەرمداو رِای کرد،خوێن لە سەرمەوە فیشقەی کرد،لەو کاتەدا بیرم لە بێ باوکی و بێ دایکیی کردەوە،بیرم چووەوە سەردەمی منالّیم کاتێك لەتەك کچی دراوسێکەمان بە شەرِ هاتم و سەری لە خوێندا سوور کردم کە هاتمە مالّەوە دایکم وتی ئەوە چیتە کچم؟وتم دایکە لەتەك کچی مالّ کاك حوجەت بە شەرِ هاتم ئیتر ئەو سەری شکاندم،ئاخر لە من زۆر گەورەتر بوو،دایکم بە هەلّسوکەتە پەپولەئاساکانی و زۆر بە نەرمی وتی کچەکەم نیشتمان گیان ئەوان لەتەك دەولّەت دەستیان هەیەو هەمیشە کار بۆ دەسەلاّتی داگیرکەری ئێران دەکەن،ئێمە لەتەك ئەوان پێمان ناکرێت،دایە گیان کچە ژیرەکەم گوێ مەدەرێ تەنیا خوای مەزن بالاّدەستترینە ئیتر ئەوەکەی گشتی شایەنی گۆرِانەو دەسەلاّت وەك دەسرِی سەرچۆپیی وایەو هەر رِۆژ لە دەستی ژنێکەو هەر رِۆژ لای پیاوێکە،دایە گیان ئەگەر دەخوازیت وەلاّمی ئەوان و هەموو داگیرکەران بدەیتەوەو تۆلّە بکەیتەوە ئەوا زۆر جوان بخوێنەو بە نوکی قەلّەمەکەت گەرمایی لولەی تفەنگەکانیان سارد بکەرەوە،کچم تێکۆشە بۆ رِزگاریی کوردو پێکهێنانی ئاشتی و ئارامی بۆ مرۆڤەکان،لە هەمووی خۆشتر ئەوە بوو دایکم لە کاتی گێرِانەوەی ئەم قسانەدا دەستی نەرمی تێکەلّی قژی بە خوێن سووربووم دەکردو ئینجا ناوە ناوە ماچی قژە خوێناوییکەمی دەکرد،ئەوەندە بە نەرمیی دەست دەدا لە سەرو قژم زۆر بە کەمی هەستم پێدەکرد،ئای من بمرم دایك چەندە مەزن و میهرەبانە ئەگەر

ڕۆڵەکەی بخەنە ناو ئاگرەوە دڵنیام دایك دەستبەجێ دەبێتە قەترەیەك ئاوو دەڕژێتە سەر ئەو ئاگرە بۆ ڕزگاریی نەوەکەی،ئیتر هاتمەوە هۆش و سەیرەکەم خوێنم زۆر لێڕۆشتوە،کرماشانی چی و دایکی چی؟،

!دایە نەسرین لەوماڵەی دراوسێمان بوو کوڕێکیان لە ڕێگەی هەندەران کەوتبووە ئاوی ئیجەوەو خنکابوو،ئەویش هەژاری و نەگبەتی ئەم میلەتە،ئاخر ئەو ماڵە پێیان دەوتن سورییەکە!تا دواتر بۆم دەرکەوت کە کوردی ڕۆژئاوای کوردستانن کە داگیرکراوی سوریایە،ژنی ماڵەکەو باوکە پیرەکەی ئەوەندە بە کوڵ دەگریان وامدەزانی بۆ من دەگرین،ئەو ماڵە کرێچی بوون هەر ڕۆژێك پێشتر خاوەن خانووەکە هاتبوو بۆ پارەو ئەمانیش نەیانبوو بیدەنێ،کاك قوباد پارەکەی بۆ دان نەك بە قەرز بەڵکو هەرواو لە بەر خوا پاشان کاك قوباد هەمیشە دەیوت ئەوانەش وەك ئێمە کوردن و خاوەن ماڵن،دەبێت هاوکارو یارمەتیدەریان بین،بە هەرحاڵ دایە نەسرین هاتەوە،کە منی بینی چاوی پەڕییە پشتی سەری و وتی دەك لاڵ بم کچەکەم ئەوە چیتە؟وتم هیچ نیە دایە نەسرین کەوتوم،خێرا ڕای کرد بۆ تاکسی هێنان،لەم کاتەدا من لاپەڕە دڕاوەکانی هەردوو پەرتوکەکەم کۆ دەکردەوە،دایە نەسرین هاتەوە کە منی بینی خەریکی کۆکردنەوەی لاپەڕەی دڕاوم،هەستی بە شتێك کردو وەك شتێك زانی کە ئەم سەرشکانەم هی کەوتن نیە،ئینجا وتی ڕۆڵە ئازاکە تاکسییەکە چاوەڕێمانە،ئیتر ڕۆشتین و بە تاکسی گەشتینە نەخۆشخانە،ئیتر هەڵسوکەوتی دڵسۆزانەی دایە نەسرین و هەڵسوکەوتی خەمخۆرانەی پزیشك و پەرستارەکان منیان سەرسام کردبوو!دایە نەسرین پڕ بەدڵ دەگریاو فرمێسکەکانی عەشقی ژن و دایکایەتی و سۆزو میهرەبانیی لێدەباری و هەر فرمێسکێکی دنیایەك ڕازو نیازو ئازارەکانی ژنێکی وشیارو خەمخۆر بوو،لەم کاتەدا دکتۆرێك کە وەك دکتۆری

گشتیی دەردەکەوت هات و ئیتر دەستیان بە پشکنینم کرد،دواتر وتی بیبەن بۆ هۆڵی نەشتگەری(عەمەلی)،من ئیتر ئاگام لە هیچ نەبوو تومەس بەنج کراوم،کە بە هۆش هاتم سەیرەکەم کاك قوبادو دایە نەسرین و برایەکی کاك قوبادو دوو خوشکی دایە نەسرین لە لام دانیشتوون،کاك قوبادو دایە نەسرین گەرم وەك تاوی بارانی بەهارانی کرماشان و نزیك کێوی بێستوون،دەگریان پڕ دەگریان وەك گریانی خەڵکی موکریان بۆ لە سێدارەدانی پێشەوا قازی موحەمەد و هەڤاڵەکانی،هەر چەندە پێشتر لە دڵسۆزیی کاك قوبادو دایە نەسرین دڵنیا بووم،بەڵام لەم ڕووداوەوە تەواو دڵنیا بووم!بە هەرحاڵ ماوەی 6 ڕۆژ لە نەخۆشخانە مامەوە،دواتر هاتینە ماڵەوە بەڵام هەمیشە کاك قوبادو دایە نەسرین کە منیان دەدی خەمبار دەبوون،لەم ڕوەوە بۆم دەرکەوت شتێك یان نهێنیەك هەیە! ڕۆژێك لەتەك دایە نەسریندا چووم بۆ بازاڕو بە ئارەزوی خۆم کتێبم کڕی!زۆر دڵم خۆش بوو،دوای ماوەیەك بڕیامدا بە نهێنیی بچمە لای دکتۆر،ڕۆژێك وتم دایە نەسرین لەتەك هاوڕێیەکمدا دەچمە دەرەوەو کەمێك ماندوێتیم دەرەکەم،وتی باشە کچم بەڵام توخودا ئاگات لە خۆت بێت وتم دایە نەسرین خوای مەزن ئاگای لە هەموومان بێت،ئیتر ڕۆشتم بۆ لای دکتۆر،دوای پشکنین و لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە دەمارێکی مێشکم لاواز بووە،لە دکتۆر پاڕامەوە کە دەرەنجامەکەیم پێبڵێت؟وتی ئەوەی ڕاستی بێت لە ماوەی کاتییدا یان دەتکوژێت یان دەتخاتە سەرجێ و هەتا هەتایە لە ماڵەوە دەکەویت،لەم قسانەدا بووین کچێك هات کە هەستم دەکرد دیومەو دەیناسم!وتی کاك کەیخوسرەو دەزانێ کێم؟وتم نەخێر بەڕێز،وتی ئەو کچەی ئەو ڕۆژەم کە لە ناو پاسەکەدا پێموتی دەتناسم و تۆ لە وێستگەکەدا وەستابووی،وتم ئەها ڕاستە،دەی خۆشحاڵم تۆ کێیت؟وتی کاتێك لای ئەم خاتونە تەواو بوویت وەرە بۆ لام لە بەشی زمانم!وتم

انشالله...دواتر بە هۆی سەرقاڵییم بە قسە خۆش و بە واتاکانی کوردستانەوە بیرم چوو کە بچم بۆ لای ئەو کچەو پێکەوە لەتەك کوردستاندا چووینە دەرەوەی زانکۆ،لەو کاتەدا ژنێکی پیرمان بینی کە خەریکی فرۆشتنی بنێشت و نوقڵ و ئەو جۆرە شتانە بوو،کوردستان خێرا لایدایە لای و دانیشت لەتەکیدا،من هەر بە پێوە بووم،کوردستان وتی کەیخوسرە دانیشە با گوێ لە ئازارەکانی ئەم ژنە بگرین لەمانەوە فێری خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان دەبین،ئەمان قەدری ژیان دەگرن و هەوڵی بۆ دەدەن،ئیتر منیش دانیشتم،کوردستان هەندێك پارەی دایە ژنەکەو منیش برێکم دایە،ژنەکە وتی ڕۆڵە ئەم هەموو بنێشتەتان بۆچییە؟ئەمە زۆرە،من ویستم قسە بکەم،بەڵام کوردستان پێش من وەڵامی دایەوەو وتی دایە گیان ئەو پارانە بۆ خۆت و بنێشتەکانیشت بفرۆشە دڵڕەقانی کۆمەڵگا ئەوانەی نازانن تۆ بۆ وادەکەیت؟ئەوانەی بە تاڵییەکانی ئێوە دەمیان شیرین دەکەن،وتی ڕۆڵەکانم من لەو قسانە تێناگەیەم و ئەوەندە دەزانم کە هەژارم و ئەمڕۆ خەریکی پەیداکردنی پارەم بۆ سبەینێ و ژیانمان بەمجۆرەیە،بەهەرحاڵ دوای خواحافیزیی ڕۆشتین تا گەشتین ئەو جێگەیەی کە لەیەك بڕاین کوردستان هەر باسی هەژاری و فەلسەفەی هەژاریی بۆ دەکردم،ئاخر لە ڕاستیدا کوردستان زۆر وریاو زیرەك بوو وە لە تەواوی فێڵەکانی سیستەم و دەسەڵاتی سەرمایەداری و کلکەکانیان شارەزا بوو بە جۆرێك وەك ئاو لە بەری بوو کە ئەم سیستەمە دەخوازێت چی بکات و چۆن ژن،کرێکار،هێزی کار و تاد..دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندییە پولییەکانیەوە،لە دوا قسەیدا کوردستان وتی هەرگیز لە یادم ناچێت مامم هەژار بوو ئەوەندە سوکایەتیی پێکرا لە لایەن خەڵکەوە دواجار شێت بوو،پاشان ڕۆژێك لە مانگی بەفرانباردا چووە شاخ و لە ناو بەفردا ڕەقبووەوەو مرد!لەم قسانەدا دەگریاو هەستم دەکرد ڕاست و دروست

دەیەوێت ڕازو نیازەکانی دڵیم پێبێژیت،ئیتر لەیەك بڕاین،من هاتمەوە گەراج لە گەراجدا هۆسەیەك بوو مرۆڤ ناتوانێ باسی بکات،پاس بەرنەدەکەوت،ئەوە تاکسی هەر مەپرسە خۆی چوار نەفەر دەگرێت زیاد لە 15 کەس چاوەڕێی تاکسی بوون،بە هەر حاڵێك بوو بە پاڵپاڵێن و بە شانکێ خۆم گەیاندە ناو پاسەکە،ئەوەندە پەلەیان لێکردم سەرم کێشای بە سەقفی پاسەکەدا،بە جۆرێك ئێشم پێگەشت سەرم لێشێواو خەریك بوو دابەزم و ڕیسەکە بکەمەوە خوری،جا خۆش لەوەدایە ئەگەر دابەزیمایە ئەیانووت ئەمە شێت بووە بە هەزارو یەك حاڵ سەرکەوت کەچی ئێستا دادەبەزێت،بەهەرحاڵ دانیشتم لە تەنیشت ژنێکا بووم زۆر توڕە دیاربوو چونکە هەرکە دانیشتم  وتی جوان دانیشە!،ئیتر دوای وەرگرتنی پارە کە ناخۆشترین قۆناخی ناو پاسە،پاسەکە کەوتەڕێ،لە دواوە دەستکرایە قسەو باسی بەشەخۆراکی هاوڵاتیان(بایەعی) دەکرا،یەکێ دەیوت برنجەکەی هەر نەبێت باشترە،دانەیەتر دەیوت ڤیروسیا لە برنجەکەی ئاردەکەشی بە کاری نانکردن نایەت و زۆر بێڕایە،پیاوێکیش کە بە ڕواڵەت لە مامۆستا دەچوو،وتی بەڕێزان تکایە دەنگ بەرز مەکەنەوە بۆخۆتان قسە بکەن،ئەمە کەی کێشەیە ئێوە خۆتان پێوە سەرقاڵ کردوە؟! دانەیەك کە ژنێکی گەنجی دەمهەراش بوو قسەی بە پیاوەکە  بڕی و وتی ئەی جەناب ئەوە کەی کێشەی تۆیە ئێمە باسی خواردن و برنج و سابوون و نیسك و ئەو شتانە دەکەین،پیاوەکەش وتی باشە دادە گیان نەمزانی کێشەی من نیە ماڵت ئاوا بێت کە بیرت خستمەوە،ژنێك زۆر بە گەرمی کەوتە قسەکردن وامزانی کێشەکە حەل دەکات،کەچی وتی جا ئێوە باسی ڕۆنەکەتان نەکرد بەخوا وەك پیو وایە،کوڕێك ئاوڕی دایە دواوەو وتی ئەرێ پورێ پیو چییە؟وتی کوڕم پیو ئەوەیە کە ڕۆنەکە زوو دەیبەستێ،کوڕەکە وتی وامزانی زانستی ڕۆنناسییە،ئەی قوڕ بەسەر

کورد کە ئێمە تاکەکانی بین،ئاخر منیش بۆ نەگبەتی ئاوڕم دابووە داوە بۆ ئەوەی تەواوی ڕووداوەکە ببینم و ببیستم،نا بیبیستم و بیبینم!ژنێك لە دوای دواوە وتی دایکی بمرێ کوڕەکەم زۆر حەزی لە برنجی بایەعی بوو،ژنێ تر وتی هەیەڕۆ کوڕەکەت چی لێهات؟ژنەکە وتی بۆ خوێندن چووتە دەرەوەی وڵات و لە غەریبیی دەژی،ئیتر شۆفێر پاسەکە وتی جا پورێ گیان ئەوە کەی کێشەیە؟ خەڵکی لە خوا دەپاڕێنەوە تا منداڵەکانیان بچنە شوێنی باش بۆ خوێندن،کوڕێکی گەنج کە لە پێش منەوە دانیشتبوو لە خوێنکار دەچوو وتی خۆزگە من بچوومایە بۆ دەرەوەو ڕزگارم ببوایە لەم سیستەمە سەقەتەی وڵاتی خۆمان،ئیتر بەهەرحاڵ ناو پاسەکە ببوە ئەو ڕۆژەی وا عەلەو مارە کوژران،من بە تەواوی نازانم ڕووداوی کوشتنی عەلەو مارە چییەو چۆنە؟بەڵام وەك بیستومە ئەو ڕۆژە بوەتە شین و شیوەن و هات و هاوارێك کە بێ وێنە بووە،دوای ئەمە گەشتینە گەراج و دابەزین،من بەرەو ماڵ کەوتمەڕێ و سەرم داخستبوو بیرم لە قسەکانی کوردستان دەکردەوە،بیرکردنەوە لە ژیانی پڕمەینەتیی کوردستان و وتە بە نرخەکانی وای لێکردبووم مەست بوبوم مەستبونی مەی و خواردنەوە نە،بەڵکو مەستبوون بە واتاکانی ژیان،مەستبوون بە ئازارەکانی گەلێك،مەستبوون بە شێتی و هەژاری و زانست،مەستبوون بە گیرفانە بەتاڵەکان و مێشکە بەتاڵەکان،مەستبوون بە گیرفانە پڕەکان و مێشکە پڕەکان،مەستبوون بە زەویی بێ ئاوو ئاوی بێ زەوی!لەم بیرانەدا بووم لە پڕ ئۆتۆمبێلیك هۆڕنی لێداو بە ئاگای هێنامەوە،بەڵام سەد بریا بە ئاگا نەهاتمایەتەوە،کابرای شۆفێر کە وەك پارەدارێك دەردەکەوت وتی ئەوە تۆ مەستی؟سەرخۆشیت؟وتم بەڵێ بە تەواوی مەستم!وتی دەی بڕۆرە شوێنێك کە خەڵکی بێزار نەکەیت،وتم ڕاستە زۆر ڕاستە وادەکەم،ئیتر هاتمەوە ماڵەوە،هاتمەوە

ناو پەرتوکەکانم کە دنیایەك لە خۆشەویستیم تێدا دەبینین،کتێبەکانم وەك لەفاف و برینپێچ و ئارامکەرەوە وابوون بۆ ئازارەکانم،ئاخر ئازارەکانم جەستەیی و لاشەیی نەبوون بەڵکو ڕۆحی و دەرونی بوون،چارەسەرکردنیان مەحاڵ بوو مەگەر بە دەرمانی ڕۆحی و دەرونی!،ئیتر وەك هەمیشە شەو هات و دنیا کش ومات بوو هەمووان خەوتن،جگە لەو کەسانەی کە شەیدای پارەو تەلارو سەروەت و دەسەڵات بوون و ئەو کەسانەش لە برسێتیداو لەبەر هەژاری هەروەها نەخۆشەکان،هەروەها کەسانی ئاشق و وێڵی ڕاستەقینەیی خودا یی،منیش گوایە ئازارم زۆرە بەڵام ڕاست و ڕەوان خەوم لێکەوت،ئەمان خەو!بەیانی بەخەبەر هاتم نوێژەکەم ڕۆشتبوو،بە چ پێوەرێك خەو لەو نوێژ گرنگترە؟نازانم مەگەر بە پێوەری کەسانێك کە هێشتا نکۆڵیی لە سەرەتایترین واتاکی ئەشق و تەشرو ئەخلاق دەکەن،دژایەتیی ژینگەو سروشت دەکەن،بەهەرحاڵ ئەم ڕۆژەم بە بیرکردنەوە لە تاڵیی و شیرینی بردەسەر،ئاخر ئەوەم بیستبوو کە نە تاڵیی و نەشیرینی واتای ڕاستی خۆیان نین،هەندێ جار لای هەژار جۆرێکن و هەندێ جاریش لای سەروەتدارەکان جۆرێکی دیکەن،چەند ڕۆژ تێپەڕی و بڕیارمدا بڕۆمەوە لای کوردستان خانی هاوڕێی خۆشەویستم،خۆم گەیاندە زانکۆو بە دوای کوردستاندا گەڕام،بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر نەمدۆزییەوە،لە هەموو خوێنکارێکم دەپرسی،کوڕێك هات و وتی چییە کوڕی باش عاشقەکەت نەهاتووە؟بۆیە وا شێت بوویت؟دەی خۆ ناهەقت نیە ئەو کچە زۆر جوانە،بەڵام ئەویش ڕادەستی کوڕێك بوو،ئەی هاوار لەم دنیا،خۆم پێنەگیراو وتم بێ ڕەوشت خراپ باسی کوردستان نەکەیت،ئەو خوشکمەو شانازیی بە ناسینییەوە دەکەم،ئەو لای من بە ئەخلاقترین کچی دنیاو ئەم زانکۆشە،لەم کاتەدا کچێك هات و وتی ئەوە بێ شەرەف گوێم لێیە باسی کوردستان دەکەیت،داوەشێیت خۆت

پاككەرەوە ئینجا ناوی كوردستان بێنە،ئیتر من بووبوم بە كەسێك كە بەسەرا بیخەنە ناو گۆمێك ئاوەوە،ئەوانم جێهێشت و هاتمە حەوانگە(كافتریا)كە و چایەكم داواكرد پڕ شەكر،بەڵام لە داخی نەهاتنی كوردستان و قسە بێتامەكانی ئەو كوڕە چایەكەم لا وەك ژەهری مار بوو،كام مار؟ئەو مارەی كە لە بیابانێكی وشك و بێ ئاودا ژیابێت،دوای ئەمە ڕۆشتمەوە بۆ ماڵ،لە ناو پاسەكەدا دەستم كرد بە خوێندنەوەی كتێبێك كە لە كوردستان بە دیاریی وەرگرتبوو،بابەتێكی زۆر خۆش و بە پێز بوو،باسی زانستی پزیشكیی كۆن بوو،بەڕاستی سەرسام بووبووم بەو پێشكەوتنە پزیشكییە دێرینانەی كە لە مێژوودا هەبوون،هەر ئەوەندەم زانی زرمە هات،ئیتر كاتێك بە هۆش هاتمەوە سەیرەكەم لە نەخوشخانەم و باوكم و خزمان لە دەورن جەم بوون،لە كاتی بەهۆشهاتنمدا وتم كوا پزیشكەكە؟خێرا وتیان بۆ چییتە؟وتم دەیخوێنمەوە،وتیان ئەها ئاگای لە خۆی نیەو هەڵەجەو بەڵەجە دەڵێت،ئینجا بە دەنگی بەرز وتم من كتێبی پزیشكییەكە دەڵێم ئاگام لە خۆمە،وتیان ئەگەر مەبەستت كتێبەكە بێت كە پێت بووە ئەوە لای خۆمانە بەڵام دڕاوە،وتم خێرا بۆم بێنن هەر چەند حاڵم زۆر خراپ بوو بەڵام ویستم ئەو بەڵێنە بەجێبێنم كە بە كوردستانم دابوو،وتبووم ئەو كتێبە دەخوێنمەوە!ئیتر وتیان تۆ نەخۆشیت و بریندارێت دەزانی لە ئۆتۆمبێل وەرگەڕاویت؟كە ئەمەم بیست سەرسام بووم لە خەیاڵی خۆمدا وتم وەرگەڕان؟برین؟ دڕانی كتێب؟ئەمانە چین؟ئیتر تەواو بە هۆش هاتم بینیم لایەك لە گیانم لەفافەو پێچراوە،بە ئازارێكی زۆرەوە وتم تكایە ئەو كتێبەم بۆ بێنن،ئیتر هێنایان،ویستم دەستی بۆ بەرم كەچی نەمتوانی،وتم لای سەرما داینێ!بەمجۆرە تێپەڕیم تا چەند ڕۆژێك هاتمەوە سەرخۆم،ڕۆژانە شۆفێری پاسەكە دەهات بۆ لام تا ڕۆژێك باوكم وتی كاك بەهزاد ئیتر ئەزێت مەكێشە برا لە

ئێمە مەترسە،ئاخر بە کەفالەت لە زیندان بەردرابوو،کاك بەهزادی شۆفێری پاسەکە زۆری پێخۆش بوو،وتی یانی ئێوە من دەبوورن؟باوکم وتی هەرکات پێویستی کرد بێگومان دەتبورین خوا بمانبورێت انشاالله،ئیتر ئەو کاتە کاك بەهزاد ڕۆشت،باوکم وتی کەیخوسرەو سوپاس بۆ خوا ئێستا زۆر باشیت، کوڕم تا لای مام زۆراوی هاومالّمان دەچم دەڵێن جەڵدە لێیداوەو زۆریش خراپە،وتم باشە باوە گیان،لەم قسانەدا بووین تەلەفۆن هات،سەیرەکەم کوردستانە،وتی کەیخوسرەو بۆ نایەیت بۆ لام ؟ بۆ دەنگت نیە،ئیتر منیش هەر لە ڕۆژەکەی زانکۆوە بۆم گێڕایەوە تا ڕووداوی پاسەکەو هاتنم بۆ نەخۆشخانەو ئەمانە،هەر سەرسام بوو وتی ئەی من بمرم و قەزای برای باشم بکەوێت لە من،لە چ نەخۆشخانەیەکی ؟وتم لە نەخۆشخانەی مادم لە قاوشی چوار،ژوری 2،ئەوە بوو دوای کەمێك گەشتەلام و زۆر بەپەلە هاتبوو،دوای هەواڵپرسین و ئەمانە کەوتینە قسە،ئاوڕی دایەوە لای دۆڵابەکەم کتێبەکەی بینی،کەمێك وەستاو وتی ئەو کتێبە کامەیە؟وتم خەڵاتەکەی تۆیە،وتی بەڕاست؟وتم بەڵێ ئەو ڕۆژە هاتم بۆ لات پێم بوو دواتر ئەو کارەساتە ڕوویدا،ئێستاش هەر لامە ئەی بەڵێنم بە تۆ نەدا کە ئەو کتێبە دەخوێنمەوە؟وتی با،وتم بەڵێنەکەم دەبەمە سەر،وتی بەڕاستی تۆ هاوڕێیەکی بە چەشنی برا،ئیتر باوکم هاتەوە،لەتەك کوردستاندا بەیەکم ناساندن!هەردووکیان خۆشحاڵییان دەربڕی و باسی ژیانی کوردستانم بە کورتی گێڕایەوە بۆ باوکم،باوکم زۆر نیگەران بوو بەم باسەو وتی خوابە دەسەڵاتە داگیرکەرو ستەمکارەکان لە ناو ببات،کچم هیچ خەم مەخۆ دڵنیابە خوا تۆڵەت بۆ دەکاتەوە بەڵام درەنگ و زوو کەوتوە،کچم سووربە لەسەر سەرکەوتن و گوێ بە هیچ مەدە بە پێچەوانەی شەپۆلەکانی دەریاوە مەلە بکە،هەوڵ بدەو بخوێنە،بخوێنەرەوە،سوود لە ئەزمونەکانی ژیانی کەسە

سەرکەوتووەکان وەرگرە،ببەرە وەڵامێکی ڕاستەقینە بۆ دوژمنانی خاك وخۆڵی کوردستان،کوردستان بەم قسانە زۆر دڵخۆش بوو،ئیتر مۆڵەتی خواست و ڕۆشت،هەڵسوکەتی نەرم و ڕێزدارانەی پزیشکەکان و پەرستارەکان زۆر دڵخۆشیان کرد بووم،ئەوان واتە پزیشکەکان تا دوا ڕادەی ڕاستگۆیی و خۆشەویستی و خزمەتکاریی هەوڵیاندەدا،دوای ماوەیەك لە نەخۆشخانە دەرچووم،یەکەم شوێن دوای ماڵی خۆمان کە بۆی چووم زانکۆ بوو بۆ لای کوردستان،من بۆ ئەو دەگەڕام و چاوم گڕ دەدا لەو کاتەدا دەنگێك هاتە گوێم و وتی بەڕێز بۆ چی دەگەڕێی؟ویستم وەڵام بدەمەوە،کوردستان هاتە بەردەمم و وتی کەیخوسرەو قسە مەکە خۆمم بۆ خۆشیی وام وت،دوای چاکی و باشی و ئەو جۆرە قسە عادەتییانە،وتم کوردستان وانەو ئەو شتانەت نیە؟وتی نەخێر ئێستا بوارم هەیەو باشیش!وتم دەی با بڕۆینە جێگایەك بۆ قسەکردن،وتی باش! وتم کوردستان تۆ کە لە بەشی زمانی ئینگلیزییت چۆن وشەی ئینگلیزیی بەکار ناهێنیت؟ وتی هاوڕێم من تا بتوانم و بزانم بە کوردی قسە دەکەم چونکە بە تەواوی مانا خۆم بە کورد دەزانم،زمانی خۆمان نەنگیی چییە تا بئاڵێمە زمانەکانی دیکەی جیهان،ئیتر بەدەمڕێوە کەوتینە قسەکردن،وتم کوردستان تۆ کێت دیوە یان ناسیوە کە سادەترین کەس بێت لە ژیانتا دیبێتت؟وتی باش بوو ئەم پرسیارەت کرد،نەنە پیرۆز کە دایکی مەلا فەرمان بوو سادەترین کەس بووە کە ناسیومە،زۆر بەڕێز بوو قسەو لەبزی زۆر شیرین و بە تام بوو بە جۆرێك کە باسی هەنگوینی دەکرد لێوەکانم لەیەك دەئاڵان و پێکەوە دەنووسان،ئەو زۆر هێمن قسەی دەکرد تەمەنی نزیکەی 90 ساڵ بوو مێژووی زۆر لابوو،هەمیشە بە منی دەوت کچەکەم ماڵی ئێمە ماڵی خوایە،ماڵی خواش بۆ هەموو بەندەکانی دەبێت هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی تێیدا بحەوێتەوە ،بچوکترین شەرم

بکەیت ئەوە هەڵەت کردوەو کەسێکیش شتێکی پێ وتی بێ بە نەنەی خۆت بێژە،نەنە پیرۆز هەرچەندە زۆر پیر بوو بەڵام لەشی زۆر سوکەڵە بوو وەك لاوێك وابوو،دەیوت وەرزش بکە چونکە خۆرامە بۆ جەستەو هەمیشە کۆڵەکەکانی لەشت پتەو دەکات،ئینجا لە هەمووی خۆشتر چونکە من ناوی خۆم لە ماڵی ئەوان گۆڕی لە نیشتمانەوە بۆ کوردستان،هەموو جارێ دەیوت (کوردستان،نیشتمانەکەی ئەوسا) مەبەستی ئەوە بوو ئەم کچە ناوی نیشتمان بووە ئەوساو ئێستا بووەتە کوردستان! کە ئەم قسەی دەکرد زەردەخەنەیەکی پڕ واتا دەهاتە سەر لێوی و بە ئاشکرا پێی دەوتم تۆ خاوەن ماڵیت،تەنانەت جارێك هاوسەری مامۆستا مەلا فەرمان بۆی گێڕامەوە وتی نەنە پیرۆز وتویەتی ئەو باشتر کوردستان ناوەکەی گۆڕی،ئەگەر نیشتمان بووایە خەڵکی ئێرە پێیان دەوت نیشتە!بەڵام کە کوردستانە خەڵك پێی دەڵێن کوردە،من کە ئەم قسەم بیست زۆر پێکەنیم و سەرم سوڕما لە گەورەیی ئەو پیرە ژنە خۆشەویستە،شتی نەنە پیرۆزم زۆر لایە کە بەم دەمو دەسانە تەواو نابێ،لە گەرمەی ئەقساندا بووین لە دواوەمانەوە بووە بەهەراو هوریاو دەنگە دەنگ!ئاوڕمان دایەوە بینیمان کۆمەڵێك خوێندکارن و خۆپیشاندان دەکەن و داوای باشترکردنی دۆخی خوێندکارانیان دەکرد،کوردستان وتی کەیخوسرەو با بڕۆین بەشدار بین و کارێك بۆ خزمەتی مافخوراوان بکەین،منیش وتم کوردستان من تا بتوانم لەتەك مافخوراواندام بەڵام تۆ دڵنیایت ئەم خوێندکارانە مافی خۆیانە ئاوا بکەن؟ئایا هەڵەیەك دروست نەبووە؟کوردستان وتی نا کەیخوسرەو بێگومان ئەمانە لە سەر هەقن،ئەمانە زۆربەیان ڕۆڵەو نەوەی هەژارن،وتم کوردستان ئایا هەرکەس نەوەی هەژار بوو لەسەر1هەقە؟وتی نا بەڵام هەمیشە هەژاران چەوساوەن و زەحمەتکێشن،هەردەم زۆربەی ئازارەکانی ژیان بۆ ئەوانە،بەم پێیەش کە

چەوساوەکان خاوەن هەقن و مافخوراون بۆیە یەژم لەسەر هەقن،وتم دەی کەوایە با بەشدار بین،چووینە ناو خۆپیشاندانەوەو دەستمان بە هوتافکێشان کرد،کەسێك بە کوردستانی وت ئای لە تۆ کە هەمیشە لە چالاکییەکاندا بوونت هەیە،تۆ چ مرۆڤێکی بە هەڵوێستی،کوردستان پێکەنی و وتی مرۆڤ ئەگەر ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت هیچ ئازاییەك نیەو پێویست بە پەسن و پیاهەڵدان ناکات،پاش خوێندنەوەی بەرنامەو بەیاننامەو داواکارییەکانی خۆپیشاندەران و دوای کەمێك خۆپیشاندان تەواو بوو،من و کوردستان بەرەو باخچە ساردە دڵگەرمەکە کەوتینەڕێ و لە ڕێگادا کەسێك هاتە ڕیزمانەوە،دوای سڵاو و یەکترناسین،ئیتر مۆڵەتی خواست و زۆر بەڕێزەوە خواحافیزیی کرد و ڕۆشت،کوردستان باسی ئەو کوڕەی بۆ کردم کە ناوی کرێکار بوو،و وتی ئەمە هەڵگری بیری کۆمۆنیستییە و کەسێکی زۆر وریاو تێگەیشتووە ئینا تا ئاستی باڵا مرۆڤێکی خاوەن ئەخلاق و ڕەوشتەو چەندین جار لەتەك هاوڕێکانیدا کێشە بۆ دروستبووە لەسەر بابەتی خۆشەویستیی درۆو دەستگەرمکردنەوە،ئەو هەمیشە دەڵێت خۆشەویستیی ئیتر بۆ هەر کەس بێت زۆر لەوە گەورەترە کە وەك ڕابووڕادن بەکاری بێنێت،هەر چەندە هەندێك لە هاوڕێکانی بە کۆمەنیست بوون تاوانباری دەکەن بەڵام ئەو هەمیشە دەڵێت من دەتانبوورم چونکە ئێوە نازانن کە من چیم و چیم دەوێت،جارێك کتێبێکی مارکسی هێنابوو بۆ زانکۆ من زۆرم حەز لەو کتێبە بوو،مامۆستایەکمان هەیە ناوی جەمشیدەو زۆر لە سەرمایەدارانەوە نزیکەو دوای ئەوەش بۆ خۆشی وەك پارێزەری سیستەمی سەرمایەداریی دەردەکەوێت،لەتەك ئەمەشدا عەلمانییەکە ئاو لێڵ ناکات،بۆیە کە ئەو کتێبەی بە کرێکار بینی وتی ئەی مێشك پوچی بیرتەسك ئەم کتێبەی مارکس چییە هێناوتە دەخوازیت خوێنکارەکان وەك خۆت شێت بکەیت،کرێکار بە هێمنی و لە جێی

خۆیەوە وتی مامۆستا لە مێشکپوچەکان و بیرتەسکەکان وایە هەمو خەڵکی وەك خۆیانن،مامۆستا من ڕێزت دەگرم بە بێ ئەقڵیی خۆت هەڵسوکەوت دەکەم لەتەکتا،مامۆستا هاتە پێشەوەو وتی لە هەموو خوێندکارەکاندا یەك خوێندکار خۆشیان ناوێیت و هەموویان دژتن چونکە ئەوانت بێزار کردوە،من کە ئەم قسانەم بیست وتم مامۆستا ببورە تۆ هەڵەیت ئەگەر کەسێك شایەنی ڕێزو خۆشەویستی بێت،ئەگەر کەسێك مێشکی کراوەو توانا هزریی بەهێز بێت،ئەگەر کەسێك خەمخۆری خوێندکاران و بە تایبەت هەژاران بێت لەم زانکۆدا تەنیا کاك کرێکارەو هەمیشە بە فکرە جوانەکانی ئێمە دەگەشێنێتەوە،لەتەك مندا نزیکەی 12 خوێندکار هەستان و مامۆستا سەرسام بوو،وتی هەمووتان فەسڵ دەکەم! دانیشن و بێدەنگ بن،بەڵام هەمووما ن وتمان ئەگەر بشمانکوژن هەر پشتگیری کرێکارین،کرێکار هەستاو وتی هاوڕێیان تکام وایە وازبێنن و بە هۆی منەوە خۆتان توشی کێشە مەکەن،پاشان ڕووی کردە مامۆستاو وتی مامۆستا دەستت ماچ دەکەم بۆ ئەوەی لە هاوڕێکانم ببوریت و مەمنونت نابم بۆ ئەوەی فەسلْم کەیت مامۆستا ئێمە هەموومان مرۆڤین و شایستەی هەڵەین و ئەوەی شایەنی هەڵە نیە تەنیا خودایە،لەم کاتەدا مامۆستا پێکەنیی و وتی ئاخرزەمانە کۆمەنیست باسی خوا دەکات و خوامان پێدەناسێنێ بۆ ئەوەی خۆی خۆشەویست کات،کرێکار وتی مامۆستا تا بینەقاقات هەڵەت کردو نەتپێکا ئێمە کۆمەنیستین بەڵام مەرج نیە هەموو کۆمەنیستێك بڕوای بە خوا نەبێت،لای ئێمە پێشخستنی مرۆڤ و بەرگری لە مافی چەوساوەکان و کرێکاران مەرجی یەکەمە نەك دژایەتیی خوا،مامۆستا وتی نەزان مارکس کە تۆ کە تۆ بە نەزانییەوە کتێبەکەی دەخوێنیتەوە دەڵێت دین تلیاکی گەلانە ئینجا تۆ دەڵێیت کێشەمان لەگەڵ خوا نیە؟کرێکار وتی مامۆستا ئەوە ڕاستە چونکە ئەو کاتە دین

کرابووه تلیاك له لایەن دەسەلاتەوەو خەڵکی داماویان پێ بەنج دەکرد،بەڵێ ماموستا مارکس ڕاست دەکات ئێوەی دوژمنانی مارکس و بیری کۆمەنیستی تا ئێستاش له سادەترین چەمك و تیزی مارکس تێنەگەشتوون،ئێوه به هەر جۆرێك بووه دەخوازن مارکس و فکرەکەی لای خەڵك ناشیرین کەن بۆ ئەوەی به ئارەزووی خۆتان وەك مشکی ناو نانی ڕۆناویی تەراتێن بکەن و خەڵکی بکەنه پرد بۆ خۆتان و پارەو پولەکانتان،لەم قسانەدا هەموو خوێندکاران به ئەوانەشەوه که دژی کرێکار بوون هەستانه سەرپێ وتیان ماموستا ئێمەش لەتەك کرێکارین،ئیتر ماموستا بواریی هیچی بۆ نەماوەو وتی دەی با وانەکەمان بخوێنین و واز لەم بابەته بێنین هاوڕێم کەیخوسرەو بڕوات هەبێت کرێکار مرۆڤێکی زۆر باشەو وەك پێشەنگ وایه بۆ خوێندکاران بۆیه ئەم ڕووداوەم بۆ باسکردیت تا زیاتر ئاشنای بیت،ئیتر کوردستان کەوتەوه باسی ژیانی خۆی و وتی کەیخوسرەو دوای ئەو ڕووداوەی که ئارام بەسەریدا هێنام هەمیشه دایه نەسرین دەیوت کچم باشه تۆ بۆ کەوتیت؟ بۆ وات لێهات؟ بڕوات هەبێت ڕۆژێك له خوێندنەوه چوومەوه بۆ ماڵ که گەشتمه ناو حەوشەکه گوێم له گریانێکی به کوڵی کاریگەر بوو به جۆرێك دەتوت دایکێك به نهێنیی بۆ کچه کوژراوەکەی دەگری،ئیتر به لەسەرخۆیی له ژوورەکه نزیك بوومەوه دیتم دایه نەسرینەو به سەر جلەکانی مندا دەگری و ناوه ناوه باسی دایکم و باوکم دەکات و ناوی کچێکیشی دەهێنا نەمدەزانی کێیه؟ئەو دەیوت کوردستان کچه جوانەکەم ئەی له جێی هێرۆی جوانەمەرگم!ئیتر خۆم کرده ژووراو دایه نەسرین فرمێسکه گەورەکانی سڕی بەڵام ئەو فرمێسکانه که به هەقیقەت ڕژابوون بۆیه شاردنەوەیان ئاسان نەبوو،ئیتر وتم دایه نەسرین چی بووه؟باوەشمان لەیەکداو وەك کچ و دایك له ئامێزی یەکدا ماینەوه،نەرم نەرم قسەی بۆ دەکردم و تەنانەت

باسی هێرۆی بۆ کردم کە تا ئەو کاتە نەمزانی بوو کچێکیان بەو ناوە هەبووە!وتی کچم کوردستانەکەم هێرۆی کچم لە کۆڕەوەکەی باشوری کوردستاندا لە سەرما ڕەق بووەوە من تا ئێستاش ڕقم لە زستان و سەرماو بارانە هەرچەندە هۆکاریشن بۆ ژیانەوەی سروشت و مرۆڤ و هەموو شتەکانی جیهان،بە فرمێسك شانی دایە نەسرینم تەڕکرد و دایە نەسرینیش شانی منی تەڕکرد،وتی هێرۆ ڕێك وەك گوڵی هێرۆ وابوو قوباد بۆیە ناوی نا هێرۆ تا ببێتە گوڵێکی بۆنخۆش بۆ کوردو باخچەی هەرەجوانی کوردستان بڕازێنێتەوە،ئەو شەوەی لە دایك بوو قوباد وتی نەسرین گیان زۆر خۆشحاڵم کە کچمان بووەو هیوادارم ببێتە هۆی ڕزگاریی بۆ کوردو مرۆڤ،لە بەر هەژاریی سێ ڕۆژ نان نەبوو بیخۆین تەنیا کەمێك سەوزەمان هەبوو بە ناچاریی خواردم هەر چەندە سیس و زەردیش بوبوون ،کەیخوسرەو من تەواو تێکەڵی باسەکەی دایە نەسرین بووبووم بە جۆرێك لە کاتی قسەکانیدا وتم دایە نەسرین ئێمە خۆراکی باش ونانی زۆرمان هەیە دەتەوێت بۆت بێنم؟دایە نەسرین کەمێك پێکەنی و وتی خوا قەزات بخا لە من ئەوەندە تێکەڵی باسەکە بوویت وادەزانی ئێستایە!ئیتر هاتمەوە سەرخۆم و وتم دایە نەسرین بۆ بەسەر جلەکانی مندا دەگریایی؟وتی کچم هیچ نەبوو بڕۆ خۆت بگۆڕەو با نان بخۆین،ئیتر کوردستان کۆتایی بە قسەکانی هێناو وتی  با بڕۆین،وتم باشە ئیتر تا ماوەیەك بێزارت ناکەم و نایەم بۆ لات چونکە تۆش ژیانی خۆت هەیەو پێویستە هەوڵ لەتەك خوێندنەکەتدا بدەیت تا هیواکانی دایك و باوك و دایە نەسرین و کاك قوباد بەدی بێنیت،کوردستان زۆر پەلەو بە پەشۆکاویی وتی بۆ وا یەژیت هاوڕێم خوانەخواستە شتێکی خراپم کردوە یان وتووە؟جارێکی تر ئەو قسانە مەکە،من دەخوازم بە هاوکاریی تۆ هیواکانم بەدی بێنم،تۆ هاوڕێ و برامیت و هەموو ساتێك بێیت بۆ لام لێت بێزار نابم

دڵنیابە کە من بەڕاستیی تۆم وەك هاوڕێ وەرگرتوە،ئیتر لەیەك بڕاین و تا گەشتمە ماڵەوە بیرم لە قسەکانی دایە نەسرین و کوردستان و کرێکار دە کردەوە،لە دڵی خۆمدا هیوام خواست دایە نەسرین ببینم و لە نزیکەوە ئاشنای بم، بەڕاستی کوردستان ئەوەندە بە تام و چێژەوە باسی قسەو هەڵسوکەوتەکانی دایە نەسرینی دەکرد مرۆڤ ئاواتی دەخواست تا درەنگ نەبووە بە دیداری ئەو دایکە مەزنە ئاشنا بێت،ئێمە لە گەرمەی قسەکردندا بووین کچێکی شێواوی خەماوی هات و سڵاوی کرد،ئێمەش وەڵاممان دایەوە،کوردستان بە یەکی ناساندین،ئەو کچە ناوی کەیبانوو بوو،وتی کەیخوسرەو دەزانیت ئەمە کچێکی تێگەیشتوە بەڵام زۆر کەم قسە دەکات و هەمیشەش بێزارە،وتم کەیبانوو خان ئایا دەزانیت واتای ناوەکەت چییە؟وتی بەڵێ ناوەکەی من یەکسانە بە واتای دەسەڵاتی ژن لە مێژووی کوردو مادەکاندا،ناوەکەی من دەرخەری ڕاستینەی حوکمی ژنە لای کورد،وتم باشە چۆن؟وتی چونکە کەیبانوو ناوی پاشایەکی ژنە کە پادشای مادەکان بوو،وتم زۆر ڕاستە،ئیتر کوردستان وتی هاوڕێم ئەم کچە هۆنراوەی زۆر جوانی هەیەو شاعیریشە،یەکسەر کەیبانوو وتی نا کوردە گیان من هەرگیز بە خۆم نایەژم شاعیر بەڵام لەو ساتەوەی لە دەڤەری گەرمیان و لە ماڵێکی پاڵەوی یان لەکزوواندا لە دایك بووم تا ئێستا ژیانم وەك شیعرێکی وونکراوی بێزراو وایە من جگە لە لاپەڕەیەکی سوتاو هیچی تر نیم،من شاعیر نیم،من بولبولێکی خەمگین و قوڕگگیراوی سەر دارێکم کە بنەکەی سەدان چەقەڵ و گورگی برسیی تێدان،من یەك کەسم هەزاران دەم بۆ لووشکردنم ئاوەڵا بوون،من بەردی سەر ڕێگایەکم کە لە ساڵێکدا یەك دەنکە گەنم دێتەلام و دەیەوێت بمناسێت بەڵام مێرووچەکان دەیخۆن ئێ چی بکەن ئەوانیش برسین....برسی...برس،بر،ببببببب،...ئەوان دەیانەوێت بژین برسین

برسین،منیش دەمەوێ بژیم منیش برسیم،برسیم بۆ ئازادیی خاك و بۆ دیداری نیشتمان و بۆ ماچکردنی دەستی دایکە شەهیدێك،برسیم بۆ یەکسانی و ئاکار،برسیم بۆ مێژووە گمبووەکەم،برسیم بۆ تامی خامی وڵاتی هەزارلەتکراووم،تینووم بۆ قومێ ئاوی نسرمەکانی بن کێوی تاقەوسانی کرماشانی پایتەختی هونەر،برسیم بۆ تۆزێ خۆڵی تاڵی قەدپاڵی قەڵاکەی ئامەد،برسیم بۆ دانیشتنێکی بێ ئاگری ناو سینەماکەی ئاموداکەم،برسیم بۆ گیای گوێ بەرخیلەی تەختاییەکانی ئەریڤان،زۆر برسیم، ئیتر برسیم کورە بۆ هەموو شتێ،ئیتر کەیبانوو بێدەنگ بوو من کە دڵم پڕ بووبوو لە گریان وتم وەڵڵا ئافەرین خۆش شاعیرو هۆزانڤان،کوردستان وتی منیش برسیم بۆ شیعرەکانی کەیبانوو،ئیتر کەیبانوو لاپەڕەیەکی دایە دەست کوردستان و ڕۆیشت بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن،لەم کاتەدا دوو کچی تابێژی جوان و قەشەنگ و سەنگین کە هەموو شێوەو جلوبەرگەکەشیان وەك یەك بوو وتم کوردستان ئەمانە کێن؟وتی ئەوە ئەرنەوازو شارەنازن،دوو خوشکن و دوانەن زۆر وریاو زیرەکن و زۆریش هەستیارن خەڵکی هەولێرن و لێرە دەخوێنن،وتم باشە هێندەی من بزانم ئەرنەوازو شارەناز دوو خوشکن و ژنی زەهاك(زوحاك)ی ستەمکار بوون،چۆن کورد ناوی ئەوانە لە نەوەکانی دەنێنن لە کاتێکدا زەهاك ستەمی لە خەڵکی کورد کردوە؟،کوردستان وتی ڕاستە ئەوانە دوو خوشکن و ژنی زەهاك بوون،بەڵام لە یادمان بێت ئەوان بەزۆر مارەکراون و کاتێك زەهاکی داگیرکەر حکومەتی پێشدادیی کوردی ڕوخاندو شاجەمشیدی لەسەر حوکم لابرد ئەو دوو کچەی لە خۆی مارەکرد،ئەرنەوازو شارەناز کچی تەهموسن و خوشکی جەمشیدی پێشدادیی کوردن،ئەم دوو ژنە لە ماوەی حوکمڕانیی زەهاکدا زۆر کاریگەریان لەسەر زەهاك هەبووەو یارمەتیدەرێکی باشی کاوەی کەییانی کوردی

بوون بۆ سەرخستنی شۆڕشەکەی لە دژی زەهاکی داگیرکەر،ڕاستە ژنی زەهاك بوون بەڵام هەروەکو خاتوو ئاسیای ژنی فیرعەون کە دژایەتی فیرعەونی دەکرد،ئەمانیش دژایەتی زەهاکیان دەکرد،جەمشیدی پێشدادیی کورد و کاوەی کەییانیی کورد و کەیقوباد(دیاکۆ)ی مادیی کورد، سێ کارەکتەری دیاری پێکهێنەری ڕۆژی نەورۆزن،هاتنی جەمشید (شاجەم) بۆ سەر تەخت و دروستکردنی حکومەتێکی ڕێك و پێك و پێکهێنانی یەکەم قەوارەی ڕێکخراوەیی حکومیی لە یەکی خاکەلێوەداو شۆڕشی کاوەی کوردی کەییانی لە ڕۆژی یەکی خاکەلێوەداو دامەزراندنی دووەم حکومەتی کوردیی لە لایەن کەیقوبادی مادیی کوردەوە بووە هۆی زیاتر پیرۆزبوونی ئەو ڕۆژەو دواتر وەك ڕۆژی نوێ (نوك ڕوچ—نەو ڕۆژ—نەورۆز) ناسراو کرایە جەژنی ژیانەوەی گەلانی ئاریایی،ئەو کات پارسەکان(فارسەکان) بەشێکی کەم بوون لە گەلی خاوەن شارستانیەتی کورد،دەبێت ئەوەش بێژم کە کورد بە ڕابەرایەتیی کاوەی ئاسنگەر خاوەنی یەکەم شۆڕشی چەوساوەو ژێردەستەکانە،منیش وتم دەك دەستەکانت خۆش کوردستانی خوشکم تۆ لە هەمی بوارەکاندا شارەزایت و زانیارییت هەیە،ئیتر کاتی چونە ناو هۆڵەکانی خوێندن هات کوردستان مۆڵەتی لە من خواست بۆ ئەوەی بڕوات،منیش وتم کوردستان دەڕۆم،ئەگەر دەتوانیت مەڕۆ کارم پێتە،وتم ئەگەر پێویستە ناڕۆم،وتی خەریکی کتێبێکم لەسەر (ئەخلاقناسی)ئاکارناسی، دەمەوێت قسە لەسەر ئەو کتێبە بکەین،هەرچەندە بەڕاستی ئەزێتە بەڵام دەمەوێت ڕای تۆ بزانم!منیش زۆرم پێخۆش بوو بۆیە وتم باشە چاوەڕێت دەکەم،کە کوردستان ڕۆشت منیش چوومە حەوانگە(کافتریا) شاگردێکم بانگکردو وتم بەڕێزم چایەکم بۆ بێنە ڕەشتر لە چاوی لەیلا،گەرمتر لە پرچی شەهلا،جوانتر لە وێنەی کوردستان،نەرمتر لە پەنجەی نیشتمان،چایەك

ڕاستەوخۆ بۆن و تام و ڕەنگی وڵاتی هەبێت،شاگردەکە تەماشای منی دەکردو سەری سوڕمابوو،وتی کاکە گیان ناوت چییە؟وتم کەیخوسرەو،وتی منیش ناوم کاردۆخەو خەڵکی بادینانم،وتم زۆر خۆشحاڵم براکەم،لەم کاتەدا شاگردەکانی تر لێیان کردە هەراو وتیان تۆ چییەکەی گێژو وێژ؟تۆ بۆ کار هاتویت یان قسە؟ تۆ بە کاری ئێمە نایەیت،کاردۆخیش بە دەنگی نزم وتی ئێوە ڕاست دەکەن هەر ئێستا دێم ببورن توشی ئەزێتم کردن،کاردۆخ ڕۆشت بۆ چا ڕەشەکە،من ئیتر کەوتمە بیرکردنەوە لەو کوڕە جوانکیلە قسەنەرمی بە ئەدەبە،کاتێك هاتەوە هەڵمی چاکەو خەمی ڕوخساری تێکەڵبوبون بەڵام ئەو دەیشاردەوە،وتم چ بووە؟بۆ وا لێت توڕە بوو خۆ کارێکی خراپت نەکرد؟وتی بەڕێز من کوڕی هەژارم بۆ کارو کاسپی هاتومەتە ئێرە زۆر دڵسۆزم و زۆریش ڕاستگۆو دەستپاکم بڕوا بکە زۆریش لەوان زێدەتر کار دەکەم،ئەمانەی دەیڵێم بەڵگەم هەیە ئەگینا بۆ خۆهەڵنان نیە،من هەرچەندە باش دەبم ئەمانە دژایەتیم دەکەن،خاوەن کارەکەش بڕواو متمانە بەوان دەکات نەك من،کارەکانی خۆیان بە من دەکەن و هەڕەشەی دەرکردنم لێدەکەن،هەمیشە بە شکاتکردنی لای خاوەن ئیشەکە دەمترسێنن،ئەوان چاك دەزانن من لە هەموویان جوانترو باشتر کارەکە دەکەم بەڵام دەیانەوێت لای خاوەن کارەکە من سوك و ڕسوا بکەن،ئیتر دەردی هەژارییە،لەو لاوە هاوار بەرزبووەوە وتیان دەی خێراکە بۆ ئەوەندە سوێرەقسەیت؟ئەمە تێرت لە قسەکردن نەخوارد؟خێرا وەرەوە ئەگینا بە وەستا هارپاك دەڵێین کاردۆخ کار ناکات،من بە تەواوی ئاگام لێنەبوو کە کاردۆخ ڕای کرد بۆ لای کارەکەی و هەموو کارەکانی تەواو کرد،دیسان وتی ئێوە ڕاستەکەن لێبووردنتان هەبێت پەلە مەکەن ئارام بگرن تکایە شکات مەکەن،من هەر چەندە چایەکەم تەواو سارد نە بوو بووەوە بەڵام لە داخا

بۆم نەخورایەوە،کاردۆخم بانگکردو وتم ببورە کێشەت بۆ دروست دەکەم بەڵام خەڵکی کام شاری لە بادینان؟وتی خەڵکی شەنگالم،وتم ئەها کەواتە ئێزەدییت؟وتی بەڵێ من لەسەر دینی ئێزەدیم و ڕێز لە هەموو دینەکانی تر دەگرم،بەڕاستی ئەم وەستاو شاگردانە زۆر لەگەڵما خراپن،بە جۆرێك وەك کۆیلە تەماشام دەکەن، هەر چۆنێك بێت خۆم گەیاندە خاوەنکارەکەو داوای مۆڵەتم بۆ کاردۆخ کرد،خاوەنکارەکە کە وەك کەسێکی دەوڵەمەندو فیززل دەردەکەوت،وتی کاکی من ئەو کوڕە لای من کار دەکات من ئێستا خاوەنی ئەوم،یەکسەر قسەکانم پێبڕی و وتم بەڕێز خوا خاوەنی هەموانەو مرۆڤەکان هەموویان وەك یەکن،ئێستا تۆ خاوەنی پارەو پولیت بەڵام ڕەنگە ڕۆژێك ئەمەت نەبێت!بە لوتبەرزییەکەوە وتی من حسابی پارەی ئەمڕۆی بۆ ناکەم،وتم ئایا ویژدانت ئەوە قبوڵ دەکات کەدوو لەسەر سێی کارەکانی ئەمڕۆی تەواو کردەوە و پارەی نەدەیتیٚ؟ئایا ئەمە کارێکی ئەخلاقییە؟برام ئێمە کاتێك دەمرین چەندە پارەو ئاڵتوون و سەروەت دەبەینە گۆڕەکانمان؟بەڕێزم پارە لە کەرامەتی ئینسان گرنگتر نیە،دڵنیابە لەوە هیچ شتێك لە خودی مرۆڤ گرنگتر نیە،لە کۆنەوە وتراوە دنیا بەشی خۆشەویستی ناکات ئینجا ڕق بۆ؟سەرمایەدارێك کە خاوەنی زۆرترین پارەو پول بوو دەڵێت ئەگەر بە هەموو سەروەت و سامانەکەم تەنیا یەك چرکە کاتم بۆ دەکڕا ئەوا بێگومان دەمکڕی،ئەم کاردۆخە داماوە کە کوردێکی وەك خۆمانەو هاوخوێنمانە،بۆ ئاوهان لەگەڵی؟ئایا گاڵتەکردن بە مرۆڤ و بە تایبەت تاکێکی کورد کارێکی بەرهەمدارە؟براکەم ئێوە لە گەمەکردن بە کاردۆخ هیچتان دەستکەوتوە؟ئایا بە سەرەتاییترین ئامانج گەشتوون؟ئێوە چ هۆکارێکتان هەیە بۆ چەوساندنەوەی ئەم کوڕە؟،ئینجا دڵنیابە کوڕێکی زۆر دڵسۆزو ڕاستگۆو ئیشکەرە، هارپاك وتی بەڕاستی ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە،من پەشیمانم،دڵنیابە

ئیتر هەڵسوکەوتم دەگۆڕم بەڕاستی تۆ کاریگەرییت لەسەرم دانا،بڕۆن بۆ هەرکوێ دەچن ئاساییە،هارپاك وای زانی کە من خزم یان هاوڕێی نزیکی کاردۆخم،بەهەردۆخ من چووم بۆ لای کاردۆخ و مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە زۆر سەرسام بوو،ئیتر پیکەوە ڕۆشتین،کاتێك هاتینە دەرەوەی زانکۆ ئیتر من وتم کاردۆخ باسی ژیانتم بۆ بکە بۆ لێرەیت ؟کەسوکارت لە کوێن؟وتی باشە هەرچەندە ژیاننامەی من زۆرە بەڵام من کەمێکت بۆ باسدەکەم،وتی من منداڵ بووم نزیکەی 5ساڵان دەبووم دایکم و باوکم بە کارەساتی ئۆتۆمبێل مردن،من و خوشکەکەم کە ناوی هەڵاڵە بوو کە لە من گەورەتر بوو بە 2 ساڵ،دوای پرسەو ئەو شتانە چووینە لای ماڵی مامم،مامم و ژنەکەی تا دەیانتوانی بۆما خراپبوون زۆر ڕقیان لێمان بوو،بیرم دێ مامۆژنم ئاوی گەرمی دەکرد بە سەرمدا خەریك بوو دەخنکام و هەموو پێستی سەرم دەسوتا،چەندنین جار خوشکەکەمی بە قژ کێشی زەوی دەکرد تا وای لێهات زۆر بێزار بوین،کوڕێك کە تەمەنی نزیکەی 27 ساڵ دەبوو هاتە دەخوازیی خوشکەکەم،ئەو کات خوشکەکەم نزیکەی 17 ساڵ بوو،وتی کاردۆخ تۆ ڕات چییە؟وتم خوشکم ئەگەر بە من بوایە دەمدایتە کوڕێك کە تەواو بە دڵی خۆت بێت بەڵام ئاخ چ بێژم،من دەلێم شوی پێبکەو لە دەست ئەم زیندانە خۆت ڕزگارکە،هەوڵبدە بە شێوەك بەرخودان بکەو خۆت بکە خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆ،بەهەرحاڵ شوی پێکرد کوڕەکە ناوی شاسوار بوو بەڵام بەڕاستی شاسوار بوو قەت لەو باوەڕدا نەبووم ئەوەندە کەسێکی باش بێت و ئەوەندە لەتەك هەڵاڵەی خوشکم بگونجێن،هەڵاڵە هەر چۆنێك بێت ڕزگاری بوو وەلێ من هەر زیندان بووم،بەهەرحاڵ و دەردەسەرییەك بوو 3 ساڵم خوێند،ڕۆژانە دوای خوێندن گوڵەبەڕۆژەو پاقلەو نۆکاوو لوقمەقازی و بەهارانیش لە بری پشودان دوای

خوێندنەکەم گوڵی نێرگزم دەفرۆشتە شۆفێران لەسەر شەقامەکان ئیتر ئەو شتانەم دەفرۆشت،ڕۆژ نەبوو مامۆژنم لەسەر پارەی ئەو شتانە لێم نەدات،کاتێکیش بە مامم دەوت متمانەی پێنەدەکردم و دەیوت درۆ دەکەی،ئیتر ئەویش لێی دەدام،مامم کچێکی هەبوو ناوی نازەنین بوو زۆر باش بوو بۆ من و زۆری خۆشدەویستم هەمیشە لەگەڵ گریانی مندا دەگریا،زۆر جار دەموت دەڕۆم و خۆم ڕزگار دەکەم ئەو نەیدەهێشت و دەیوت منیش بێ تۆ ناژیم،دواجار بڕیارمدا دەرچم،نازەنین هەمیشە لەسەر من شەڕی دەکرد و لەبەر خاتری من لای دایك و باوکی ناشیرین و قێزەون بووبوو،بەهەرحاڵ شەوێك هەڵهاتم و چوومەماڵی شاسواری زاوامان،ئەو شەوە تا نیوەی شەو شاسوار خزمەتی منی کردو بە قەد دنیا خۆشحاڵیی لە دەموچاوی دەباری،خوشکەکەشم زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە مامم و مامۆژنم نەیانەهێشت شاسوارو خوشکەکەم بچنە ماڵیان،من چەند ڕۆژێك لەوێ بووم خولکی گەرمی شاسوارو خوشکەکەم منیان ڕاگرتبوو،باسی هەڵسوکەوتی جوان و بەئەدەبانەی شاسوار لەتەك خوشکەکەم هەر ناکرێت،هەرگیز لە بیرم ناچێت کە شاسوار بە چ جۆرێك هانی خوشکەکەمی دەدا بۆ ئەوەی بخوێنێتەوەو خۆی ڕۆشنبیر بکات،ئابوریی سەربەخۆیی بۆ هەلالە دابین کردبوو بەڕاستی تا دواسنور بەختەوەر بوون،شاسوار کوڕێکی باوەڕداربوو بە دینی ئیسلام بەڵام هیچ کێشەیان لەسەر دین نەبوو هەرچەندە خوشکەکەم ئێزەدییە،دوای چەند ڕۆژێك بڕیارمدا بڕۆم،وتم هەلالە ڕاستم پێبلێ من دەزانم شاسوار کوڕێکی باشەو ئینسانێکی بەئاکارە،بەڵام هەموو کات بەمجۆرەیە یان ئێستا لەبەر چاوی مندا وا دەکات و خۆی شیرین دەکات؟هەلالە وتی براکەم بڕوا بکە شاسوار بۆ من قەڵایەو ئەوەندە باشە باسی ناکرێت هەرگیز وەك ژن سەیرم ناکات بەڵکو دەڵێت ئێمە هاوڕێین و هاوسەرین،ئیتر

من دڵنیا بووم دوایماڵئاوای کەوتمە ڕێ بۆ ئێرە،سەرەتا کەسێکم ناسی بە ناوی کاك ڕۆستەم ئەو تۆکاوفرۆش بوو،زۆر بەڕێز بوو کاتێك حاڵی خۆم بۆ باسکرد وتی وەرە ماڵی ئێمەو لەگەڵمان بژی،وتم تۆ ئەو ڕۆستەمە دەڵێی کە لەسەر عەرەبانەکەی نوسراوە ئەم خواردنە تەنیا بۆ کوردە؟وتی بەڵێ....بەڵێ ئەو دەڵێم چۆن دەیناسی؟وتم دەی لەسەرە ڕێگادا ناسیم،وتی ئیتر ئەو هانیدام یان بخوێنم یان دەستبکەم بە خوێندنەوەی کتێب،ئەوەندەی ئامۆژگاریی کردم لەسەر گرنگیی خوێندنەوە و بەرهەمی کتێب هەر مەپرسە،لەبەر کار نەمتوانی بخوێنم بەڵام دەستم کرد بە خوێندنەوە،دوای نزیکەی چوارمانگ ماڵی ئەوانم جێهێشت و هاتمە ئوتێل،کاتێك ماڵی ئەوانم جێهێشت بڕوابکە ژنەکەی کە ناوی فاتمە خان بوو وە تەواوی منداڵەکانی بۆ من گریان،گریانێك کە هەستم دەکرد ئیتر من بێکەس نیم،ناخۆشحاڵ بووم بۆ ئەوەی جێمهێشتن بەڵام خۆشحاڵ بووم لەوەی کە کەسانێك هێندە بایەخم پێدەدەن چونکە کەس بەو جۆرە بایەخیان پێنەدابووم لە پێشتردا،ئێستاش هەموو هەفتەیەك سەریان لێدەدەم،من بە قوڵیی دەستم کرد بە خوێندنەوە سوپاس بۆ خوا ئێستا نزیکەی 600 کتێبم هەیەو هەندێکیان لە ماڵی کاك ڕۆستەمن و هەندێکیان لە ژوورەکەمن لە ئۆتێل،بڕوا بکە کتێبەکانم ناڵێم لە چاوم زیاتر بەڵام بە قەد چاوم خۆشم دەوێن،ئاخر خودێی مەزن ئەو کتێبانەی کردە هۆکاری گەشەکردن و پێشکەوتن و وریابوونەوەم، تا ئێستا نزیکەی 10 ئیشم تاقی کردۆتەوە،ماوەی مانگێك لە ماڵە دەوڵەمەندێك خزمەتکار بووم زۆر ئەزێتیان دەدام ئەوەندە سوکایەتییان پێدەکردم هەندێ جار هەستم دەکرد مرۆڤ نیم و دەچوومە بەردەم ئاوێنە تا بزانم چیم؟مرۆڤم یان وەحش یان چ جانەوەرێکم؟زۆر بێزارکرام،کچێکی بچوکیان هەبوو ناوی لاڤە بووم من لە خۆشەویستییدا پێم دەوت

(پرۆچیستا) ئەو ناوە ناوی کچەکەی زەردەشتی پێغەمبەری یەکخواناسانە،پرۆچێستا زۆر لەگەڵ من باش تەمەنی 9 ساڵ بوو هۆگرم بوو هەمیشە حەزی دەکرد لەگەڵم بێت و زۆر جار لەتەك مندا دەگریا،هەرچەندە بە تەمەن منداڵ بوو بەڵام بە ئەقڵ و هەست و بیرکردنەوە زۆر لە دایك و باوکی باشتر بوو،زۆر جار کە دایکی یان باوکی سوکایەتییان بە من دەکرد،پرۆچیستا بەرگریی لێدەکردم و هەمیشە دڵی دەدامەوەو دەیوت براکەم کاردۆخ هەموومان یەکسانین و ئینسانین گوێ مەدەرێ،دڵنیابە لە ئارامگرتنی تۆ سەرکەوتن بوونی هەیە! من بەم قسانەی پرۆچیستا زۆر خۆشحاڵ دەبووم تەنانەت هۆکاری ئەوەی مانگێك لەو دۆزەخەدا مامەوە تەنیا پرۆچیستا بوو،زۆر جار وەك نازەنینی کچە مامم دەهاتە پێش چاوم،ئەو هەمیشە شەوان بە نهێنیی دەهاتە لام و دەیوت کاردۆخی برام ئامۆژگارییم بکە بۆ زانابوون،تا شەوێك بە ئێمەیان زانی و لە کاتی خوێندنەوەی کتێبێکی پزیشکیی گرنگدا بووین بەڵام دایك و باوکی زۆر بێشەرمانە هاتن و منیان بە تاوانی خەڵەتاندنی کچەکەیان بۆ سێکس تاوانبار کرد،هەرچەندە من و پرۆچیستا چەندان جار هاوارمان کردوو دەمانووت سوێند بە خودا خەریکی خوێندنەوە بووین و هیچمان نەکردوە!بەڵام ئەم قسانە هیچ سودی نەبوو کەتنە لێدانی من و تا توانیان فەلاقەیان کردم،پرۆچیستا هەر هاواری دەکردو دەیوت باوکە دایکە ئەمە تاوانە تکایە وامەکەن،دەست هەڵگرن ئێوە کاردۆختان کوشت،پرۆچیستا چەند جارێك خۆی دایە بەردەم شەق و زلەی بێڕەحمانەی دایك و باوکی،تا ئەو ساتە بڕوام نەدەکرد دایکێك بەڕاستی دایك بێت و ئەوەندە بێڕەحم و بێسۆز بێت،چونکە دایك زۆر مەزنە،ئەوەندەیان لێدام تابورامەوە،دواتر بە ئاگاهاتمەوە لە ژوورێکی تاریکدابووم دەستو قاچم بەسرابوونەوە،ئیتر خاوەن ماڵە هات و ئەوەندەی تری

لێدام و ئیتر فڕەیان دامە دەرەوە،دوای کەمێك هەستم کرد شەوەو دنیا تاریکە،لە بەردەرگا کەوتبووم لە ناکاو پرۆچیستا هات و نان و خواردن و پارەی بۆ هێنام،کە منی بەو شێوەیە بینی زۆر گریاو بەو تەمەنە کەمەوە وەك مرۆڤێکی کاملّی هەستیار بۆ من دەگریاو فرمێسکیی خۆشەویستیی بۆ دەڕژاندم،بەپەلە هەندێ نانم خوارد،زۆر هەولّیدا بەلّام پارەم وەرنەگرت،وتی باشە ئەم پاکەتە شیرینییە بگرەو بیخۆ!ئیتر دوای خواحافیزیی و ئاوێتەبوونی ژانی من و گریانی ئەو ڕۆشتم،تا گەشتمە باخچەیەکی گەورەو لە سوچێکدا پالّکەوتم،زۆر شەکەت و ماندوو بووم،هەموو گیانم لە ئازاردا دەیزیڕاند،خەوم لێکەوت..درەنگانێکی لە برسا شەوبە ئاگاهاتم و پاکەتە شیرینییەکەم هەلّبچڕی و دەستم بە خواردنی کرد،لە ناویدا ملوانکەیەکی ئالّتوونم دی و لاپەڕەیەکی پێوەپێچرابوو،نووسرابوو،کاردۆخ براکەم من لاڤەم پرۆچیستاکەی خۆتم،ئەم دیارییە بچوکەم لێوەرگرە،ئەم ملوانکەیەم زۆر خۆش دەوێت چونکە دیاریی نەنەکمە بەلّام بەمشەوە هیچی وام دەستنەکەوت بۆ تۆ،بۆیە بڕیارمدا ئەم ملوانکەیەت بە دیاریی بدەمێ و داوای لێبووردن لە نەنکم دەکەم و دلّنیام نەنکم بەم کارەم ئاسوودەیە،ئیتر دوای ماوەیەك چاکبوومەوەو بۆ کار گەڕام تا ئەم کافتریام دۆزییەوە،وا نزیکەی 3 مانگە...لەم کاتەدا نامەیەك هات بۆ تەلەفوونەکەم،سەیرەکەم کوردستانە،تەواو حەپەسام وتم باشە بۆ لە بیرم چوو؟بلّێی دلّی لێم نەیەشێت،لە نامەکەدا نوسرابوو،سلّاو هاوڕێکەم...بمبورە بوومە هۆی بێزارییت و چاوەڕوانیی زۆرت،بڕوا بکە بە دەستی خۆمان نەبوو مامۆستا وا دوای خستین بەڕاستی دلّنیام زۆر بێتاقەت بوویت هیوادارم بمبوریت،هاوڕێکەم تۆ هیوای منیت،لە دواییدا نوسیبووی، کوردستان نیشتمانەکەی ئەوسا،منیش لەبەر خۆمەوە وتم ئەوەی لای بەندە خەیالّە لای خودا بەتالّە،من هیواخواز بووم ئەو لێم

دڵگران نەبێت کەچی ئێستا بە پێچەوانەوەیە،وەڵامی نامەکەی کوردستانم دایەوەو نووسیم هاوڕێکەم سڵاو....تۆ من ببورە من زوو ڕۆشتم چاوەڕێی تۆم نەکرد کوردستان شتێك ڕوویدا،انشالله سبەینی بۆت باس دەکەم شتی خراو نیەو باشە،لە دواییدا نووسیم کەیخوسرەو کەیخوسرەوەکەی ئەوسا.....ئینجا ڕووم کردە کاردۆخ و وتم ئێ 3 مانگە چی؟وتی وا 3 مانگە لەو کافتریام،ئەوە 5 ساڵە لێرەم،کاتێك لە ماڵی مامم بڕیاری ڕۆشتنمدا نازەنینی کچەمامم وتی کاردۆخ من هەرگیز حەز ناکەم لە تۆ دوور بم بەڵام ئەگەر هەر کاتێك ڕۆشتی ئەم نامەت بیرنەچێت!وتم هاوڕێکەم دەتوانم بزانم نامەکەی نازەنین چی تێدا نووسراوە،وتی بەڵێ نووسراوە،ژیان جۆرێکە لە پێشبڕکێ هەژارەکان بە پێ ڕادەکەن و خاوەنپارەکان بە ئۆتۆمبێل،کارکردن بووەتە چەکی هەرە بەهێزی خاوەنپارەکان و کەچی هەرگیز خۆشیان کار ناکەن بەڵکو کار بە خەڵکی دەکەن،خۆشەویستیی و ئەشقی باڵا لە دنیای مۆدێل و پارەو سەیارەو تەلاردا بووەتە چەمکی قێزەونترین درەخت،ئەشق بووەتە گوڵی ناو هەزاران دڕکی کاڵفامەکان،چەوساندنەوەی من لە لایەن ئەوەوەو چەوساندنەوەی تۆ لە لایەن منەوە بووەتە چالاکیی هەرە مەزنی ژیان،هەموو مرۆڤەکان لە چەشنی گورگدا خۆیان متداوە بۆ قوتدانی ئەوی دی!کاردۆخ گیان هاوڕێم...ئامۆزام،ژیان هەندێکی هەورازەو هەندێکی تەختییە،بەڵام بۆ کەسانی وەك من و تۆ سەرلەبەری هەورازەو پێویستە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین،من نازەنینم کچی کوردم و ئێزەدیم  تا دەمرم خۆشم دەوێیت کاردۆخ گیان،.لە بیرت بێت ڕاستگۆیی و دڵسۆزیی و لێبوردەیی بنەمای ژیانن،ژیان مەبەستم لە ژیانی یەکسان و دروستە،ئامۆزاکەم دڵنیابە تا مردن چاوەڕێت دەکەم هەرگیز بیرو ڕام ناگۆڕم و قەتیش لە یادت ناکەم،دیسان دبێژم ئەز نازەنینم ئێزەدیمە....کە نامەکە تەواو بوو

تەماشام کرد کاردۆخ دەستی بە گریان کردبوو ئاخر چونکە خۆشم دڵم پڕبوو لە گریان بۆیە نەموت مەگری یان شتێتر،کات درەنگی کردو ماڵئاواییمان لەیەك کرد،من هاتمەوە بۆ ماڵ هەر چەندە بێتاقەت بووم بەڵام تاکە شت دڵم پێی خۆش بوو ئەوە بوو کە هارپاکی خاوەنی حەوانگە (کافتریا)کەم تێگەیاند لە دۆخی کاردۆخ و تا ڕادەیەك ڕەنگە ئیتر لەتەکیدا وەك جاران نەبن،شەوەکەی لە ماڵەوە بیرم لە چەمکی (شێتبوون ئاقڵبوونە) دەکردەوە،مرۆڤ بۆ شێت دەبێت؟چۆن شێت دەبێت؟ئایا هەموو شێتێك دوای قۆناخەکانی بیریاربوون دەچێتە دنیای شێتییەوە؟هەر یەك لە پیتەکانی (ش...ێ...ت) چ واتایەکیان هەیە؟باشە بۆ ئێمە هەرگیز بە وردیی بیرناکەینەوە؟..بەم بیرو خەیاڵانەوە چاوم چووە خەو،شەو نامەیەکم بۆ هات،ترسام وتم بەم شەوە کێیە؟ تەماشان کرد کوردستانە،نووسراوە،لە دلێکی پڕخوێنی بێهەستەوە سڵاو بۆ دڵێکی گەرم بۆ کوردایەتیی و بزوتنەوەی یەکسناخوازیی...لە وڵاتێکدا کە شمشێر بووەتە دکتۆر،پارە بووەتە بیرو هزر،جنێو بووەتە کلیلی ئاکار!،فیشەك بووەتە پۆلیس،ئێش بووەتە هیوا،زام بووەتە مۆدێل،باروت بووەتە نان و خوێن بووەتە ئاو،خەوتن بووەتە کار،سێدارە بووەتە ماڵ،زیندان بووەتە سەیرانگە،شت بووەتە هیچ و هیچ بووەتە شت،مرۆڤ بووەتە پرد،پرد بووەتە مرۆڤ،سەرمایەدار بووەتە پشتگیریی چەوساوە،یەکێتیی و دەستەجەمی بووەتە ئەفسانە،ئاخ لەم وڵاتەدا تەنیا چاوەڕێی مەرگ و کوشتن و قڕکردن دەکرێت،ئەم وڵاتە کوردستانە..کەیخوسرەو هاوڕێکەم بیرت دەکەم، تۆ بۆ من هەمان کەیخوسرەوەکەی مادو کەیخوسرەوەکەی ساسانییەکانیت،ئەوان پادشای کوردو تۆش دڵسۆزی کورد!،نامەکە تەواو خەوی زڕاندم و بە هۆشیی هێنامەوە چونکە بەڕاستی باسەکان و وتەکان زۆر بەهێزو کاریگەر بوون،من وەك کەسێکم لێهاتبوو

کە لە ناوەڕاستی خەودا دەریکەن و بێ ئەوەی هیچی پێبێژن بیخەنە ناو ئاوێکی ساردەوە لە چلەی زستانداو دواتریش پێی نەیەژن ئەمە لەسەر چییە؟واتە ئەوەندە سەرسام بووبووم بەو نامە،چونکە زۆربەی جومگەکانی ژیانی کوردەواریی تێدا بوو،ویستم جواوی نامەکەی بدەمەوە هەرچیم کرد نەمتوانی وەڵامێکی وەك ئەوەی خۆی بۆ بنووسم،بۆیە کۆڵمداو وتم کە بینیم پێی یەژم نەمتوانیوە جواوت بدەمۆ،بەهەر حالێك بوو خەوتمەوە،لە خەونمدا لەتەك کوردستاندا بۆ کرماشان دەچووین،لە مەریوان دەرچووین و گەشتینە سەوڵاوە(سەرووئاباد) لەوێ لە خواردنگەیەکی بچوك لامانداو دەستمان بە خواردنی نانی ساجیی و دۆی کوردیی کرد،خاوەنی خواردنگەکە کەسێکی زۆرر ڕۆحسوك و هەڵسوڕاوێکی چالاك و جەربەزە بوو،هەرچی داوا دەکرا دەیوت نووکەرتم بە چاوان،ناوی فلامەرز بوو،ئیتر لەوێش هەستاین و کەوتنینەڕێ وتم هاوڕێم لە سنەوە بڕۆین یان لە جادە خۆڵەکەوە؟وتی جادە خۆڵەکە باشترە،ئیتر بە جادە خۆڵەکەدا ڕۆشتین تا گەشتینە شاری کامیاران و بە ناو دیمەنە جوانەکانی ئەو شارەدا گوزەرمان کرد،دواتر گەشتینە شارەکەی ئەشوو زەردەشت و شیرین و فەرهادی کوردی بە ئەفسانەکراو،گەشتینە کرماشانی خۆشەویست و شاری فەرهەنگ و مێژووو شوێنەوارو هونەری کوردانە،بە ناو شەقامەکاندا دەسوڕاینەوەو کوردستان هەر دەگریا،گریانێك کە جەرگی هەر مرۆڤێکی بەوێژدانی دەکردە ئاو یان خوێن،ئەوەندە بە کوڵ دەگریا کە منیش بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ دەگریام،کوردستان لە بەر خۆیەوە دەیوت ئای دایکە گیان ئەوە من لە شارەکەی ئێوەم،بابە گیان من کوردستانم گەورە بووم تەمەڵ نیم و دەخوێنم و ئەوە ئێستا لە شارەکەی تۆم،مامە گیان تۆ بۆ بە قسەی خەڵك ئێمەت جێهێشت؟مامە تۆ مرۆڤێکی وریاو وشیارو کامڵ

بوویت،مامە گیان بە قوربانی دڵی گەرمی ڕۆژی نەورۆزی ساڵی مردنەکەت بم کە بە دەنگی بەرز هاوارت دەکردو دەتوت ئەی کوردینە بێن با ئاری نەورۆز ڕۆشنکەینەوە بێن با لە بان خاك و وەتەنی خۆمان هاواری ئازادیی و سەربەستیی بکەین،مامە گیان ئاخ،خاڵە گیان تۆ ناوت ئەنەوشێروان بوو بەڵام پێش شەهیدبوونت لە هۆرامانی وڵاتی ئەشق و جوانییدا سەلماندت کە لە ئەنەوشێروان بە وەرەترو پاڵەوانتری کاتێك دوژمن چوار دەوریانگرتی و وتت بە کوشتنی من کورد لە ناو ناچێت و شۆڕش بەردەوامە،بابە...دایە گیان من ئێستا هەم بێکەسم و هەمیش کەسدار،بێکەسم چونکە ئێوەم لا نیە،چونکە قسە خۆشەکانی ئێوە نایەنە گوێم،لە دووریی ئێوەو ئامۆژگارییەکانی ئێوە مێشکم بووەتە زرکەتاڵ،کەسداریشم چونکە هەموو کورد کەسمن،بابە گیان وەرە ئەوسا هەمیشە بە نەرمەپێکەنینێکەوە دەتوت نایەڵم شو بکەیت تا پرچی سپیی نەهۆنیتەوە،ئێستا تۆ لە کوێیت من شوو دەکەم؟ئاخ دایە گیان تۆ وتت کچم بخوێنە بۆ ڕزگاریی گەل و وڵات،هاوڕێیەتی کەسی باش و ئاکاربەرز بکە،دایە گیان ئەوەتا دەخوێنم و لەتەك کەسی بەئاکاردا هاتومەتەوە بۆ لای ئێوە،من کاتێك دیم کە چاوەکانی کوردستان تەواو سووربوونەوە ئەوەندە گریا ئیتر چەند جارێك داوام لێکرد کە وازبهێنێت،بەڵام ئەو تەنانەت تەماشایشی نەکردم وەك مەبەستێکی دەروێشیی دەهاتە پێش چاوم،کاتێك پۆلیس ئێمەیان دی هاتن بۆ لامان و داوای ناسنامەیان کرد،ئێمەش وتمان گەشتیارین و بۆ گەشت هاتوین،بە گومانی ئەوەی کە ئێمە نەناسراو بووین براین بۆ بنکەی پۆلیس،لە ڕێگا کوردستان زۆر پاڕایەوەو وتی تکاتان لێدەکەم با بچمە تاقەوسان و کێوی بێستوون چونکە ئەوانە یادگاریی باوکمن،توخوا تکاتان لێدەکەم..بەڵام لە لایەن پۆلیسەکانەوە بە نەخێریش وەڵام نەدرایەوە،دوای

ئەمسەرو ئەوسەرو لێکۆڵینەوە بە تاوانی ئەوەی کە گوایە ئێمە بە دزیی دایك و باوکمانەوە هەڵهاتووین بۆ ئێرەو ئاشقی یەکین،دەسگیرکراین،من لە کوردستان جیاکرامەوەو بردمیانە ژوررێك پڕبوو لە کەسانی ئالوودەبوو(موعتاد) بە تلیاك و هەرکە گەیشتمە ئەوێ وتیان ئەرەوەڵا ئەویش گیرا،چوومە لایان و دووجار سڵاوم کرد کەس وەڵامی نەدامەوە،تا نزیکەی شەو بەو دەردەوە تلامەوە مەبەستم دەردی خەمخواردن بۆ کوردستان و دۆخەکەی بوو،بۆ بەیانی برامەوە بۆ لای دادوەرو کوردستانیش لەوێ بوو،بە یەك بینینمان گەشاینەوە،وتم کوردستان ئەمشەو حاڵت چۆن بوو؟ وتی من زۆر باش بووم بەڵام خەمی تۆم بوو،ئەی تۆ چۆن بوویت؟وتم منیش بە هەمان شێوە باش بووم و خەمی تۆم بوو،دادوەر دەستی بە قسەکردن کرد ئەوەندەیان لێمان پرسی و هێنایان و بردیان،کوردستان وتی جەنابی دادوەر مێشکمان تەقی خۆ ئێمە وڵاتی کەسمان داگیرنەکردوە،خۆ زمانی کەسمان نەبڕیوە،خۆ قەتڵوعامی هیچ میللەتێکمان نەکردوە،خۆ کارێکی نائەخلاقییمان نەکردوە،ئەم هەموو بگرەو بەردە چییە پێمان دەکەن یان ئازادمان کەن یان زیندان..دادوەر کە گوێی لەم قسانە بوو تەواو پەست بوو،چونکە تێگەیشت مەبەستی کوردستان چییە،وتی کوڕەکە ئازادکەن و کچە بەندکەن،من یەکسەر چوومە بەردەمی دادوەرو وتم وتم جەناب ئەو کچە هیچی جگە لە ڕاستیی نەوتوەو هیچ هەڵەیەکی نەکردوە بۆ بەندی دەکەن؟دادوەر وتی ئەوە کێشەی یاسایە نەك تۆ بڕۆرە دەرەوە،خێرا ئەو کچە بەندکەن،کوردستان وتی کەیخوسرەو گوێ مەدەرێ و بڕۆرە دەرەوە انشاللە نەك من بەڵکو هەموو کورد ئازاد دەبن پەلە مەکە ئەوە نیە بلە دەڵێت،گەل ژان گرتوێتی و ئازادی لە دایك دەبێت،بڕۆ خەیاڵت ڕاحەت بێت و لە جیاتی من بچۆ تاقەوسان و بێستوون،وتم باشە دڵنیابە هەوڵی بەردانت دەدەم،من و

کوردستانیان لە یەك بڕی تا دوور کەوتینەوە هەر تەماشای یەکمان دەکرد،لە چاوەکانی کوردستاندا کوردایەتی و خیرەت و ئیرادەو ئازایەتی و ئازادییم بەدی دەکرد،ئیتر من چوومە دەرەوەو دەستبەجێ تاکسییەکم گرت بۆ کێوی بێستوون،شۆفێریی تاکسییەکە کوردێکی کەلهوڕ بوو، وتی برا تۆ خەڵکی کوێیت؟ وتم خەڵکی باشوری کوردستانم،باشە بەخێر بێیت بۆ کرمانشا،وتم بەڕێز کرمانشا نا کرماشان،وتی ڕاستە ئەوەی تۆ کوردیترە،وتم کوردایەتی بە زووان و فەرهەنگ و ناونانیش دەکرێت و زۆریش باشە،شۆفێرەکە خۆی ناساندو وتی من ناوم بەختیارەو کەڵهوڕم ژنەکەم لەکەو منداڵەکانم دەڵێن باوکە ئێمە چین؟پێیان یەشم ئێوە کوردن،یەشن ئەی بۆ تۆو دایکمان یەشن کەڵهوڕو لەکین..یەشم ڕۆڵە گیان کەلهوڕو لەکیش بەشێکن لە کورد،لەم قسانەدا بووین گەشتینە کێوی بێستوون و من دوای خواحافیزی دابەزیم و چومە ناو شوێنەوارەکان و سەرەتا پڕ بە دڵ لە بازەکەی ئەشوو زەردەشتی پەیامبەری یەکخواناسیی وردبوومەوە،دواتر چوومە لای فەرهادترش ئەو شوێنەی کە دەڵێن فەرهادی کۆکەن بۆ شیرینی داتاشی،دواتر چوومە لای گۆڕدەخمەی زەردەشتیان و داوای ڕەحمەتی خوای مەزنم بۆ کردن،پاشان دوای ئەوەی هەندێك شوێنەواری دەستکردم کڕی گەڕامەوە بۆ ناو شار واتە کرماشان و چوومە تاقەوسانی مێژوویی،خاڵ بە خاڵ و بە دڵەوە لە شوێنەوارەکانم دەڕوانی و وەك دوو کەس یەکەم کوردستان و دووەم خۆم تەماشای بەردەنووس و پەیکەرەکانم دەکرد،لێرەش بازەکەی ئەشوو زەردەشتم کڕی و هاتمەوە بۆ ناو شارو کەوتمە گەڕان دۆزینەوەی بۆ هۆتێل (پشووگە) دوای کەمێك هۆتێلێکم دۆزییەوە ناوی ئاسترا بوو،چوومە ئەوێ و شەو مامەوە،لە پێش خەوتن دەستم کرد بە خوێندنەوەی پەرتوکێك کرد کە پێشووتر لەتەك خۆم هێنابووم و

باسی کاوەو زوحاك و جەمشیدو فەرەیدوون و هارپاك و ئاستیاگ و مادو پێشدایی و نەورۆزی کوردانی دەکرد،لەم کتێبەدا بە جوانی ڕوونکراوەتەوە کە نە کاوە هارپاکەو نەزوحاکیش ئاستیاگی مادە،کاوە کوردەو دژی زوحاکی بێگانە شۆڕشی کردو فەرەیدونی شازادی پێشدادیی کوردی خستە سەر حوکم،هارپاکیش کوردەو خەیانەتی لە دواپادشای ماد کردو ناکوردێکی وەك کۆڕشی هێنایە سەر حوکم،ئەم دوو شتە لە یەك جیان،ئەم باسە زۆربە ڕوونی نیشانەی بۆ کراوە لەم کتێبەدا،ئیتر ئاگام لە خۆم نەماو خەوتم،لە خەومدا کوردستانی هاوڕێم ئازاد بوو،وتم کوردستان ئازادکرایت؟وتی نا ئازاد بووم،وتم هاوڕێم چ جیاوازییەکی هەیە ئازادکرابیت و ئازادبوبیت؟وتی با زۆر جیاوازە ئازادکرایت واتە ئەوان دەسەلاتی سەر شتەکەیان هەر ماوە،بەلام ئازادبووم واتە خۆمم ئازاد کردو ئەوان دەسەلاتیان نەماوە،زۆر خۆشحالْ بووم و دەستم بە پێکەنین کرد تا وە خەبەر هاتم.ئیتر نیگەران بووم کە ئەمە خەون بووە،بە پەلە خۆم کۆکردەوەو قاوەلتییەکی خێرام خواردو ڕۆشتم بۆ بنکەی پۆلیس چونکە دوای لێکۆلینەوەی دادوەر وتیان دەیبەین بۆ پۆلیسخانە، دوای گەڕانێکی زۆر وتیان ئەو کچە براوە بۆ زیندانی ژنان،ئیتر هاتمە دەرەوەو کەوتمە مشۆرخواردنی دۆزینەوەی زیندانی ژنان،نزیکەی 5 تاکسییم ڕاگرت کەسیان ئامادە نەبوون بمبەن بۆ ئەو زیندانە،نەمدەزانی نەهاتنی ئەو تاکسییانە لەبەر چ هۆکارێکە ؟تا تاکسییەکم ڕاگرت و پێم وت بۆ زیندانی ژنان؟ وتی باشە سەرکەوەو با بڕۆین،دوای سلاو کردن وتم بەڕێز هۆکار چییە کە کەم کەس ئامادەیە بڕوات بۆ زیندانی ژنان؟وتی برام لەم ماوەیەدا جادەو بانی ئەوێ نوێ دەکرێتەوەو هەمووی هەلکەندراوەو ڕێگاکانی زۆر ناخۆشە بۆیە شۆفێرتاکسییەکان زۆر پێی قەلسن،ئیتر کەمێك هاتمەوە سەرخۆم چونکە دلنیابووم کە نەچوونی شۆفێرەکان هۆکەی ترس

و ئەوانە نیە،دوای کەمێك گەشتینە ئەوێ زۆرمان مابوو تەواو بگەین شۆفێرەکە وتی ئیتر من ناتوانم بێم،من دابەزیم و چوومە نزیکەوە بە هەرحاڵێك بوو توانیم دوو پرسگە ببڕم،دواتر پێیان وتم لێرە چاوەڕێ بکە،تا دوای نیوەڕۆ لەوێ وەستام و کەسێکیش لێی نەپرسیم!بۆیە چوومە لای پۆلیسێك و وتم بەڕێز من لە نزیکەی بەیانییەوە چاوەڕێم کچێکی مامم لێرەیەو دەمەوێت ببینم،وتی برا ئەمڕۆ کچێك لە سێدارە دەدەن و ئەم زیندانە شڵەژاوە تا شەویش لێرە بیت سودی نیە،وتم بۆ ئەو کچە لە سێدارە دەدەن لەسەر چ تاوانێك؟وتی کچێکی کوردەو تەنیا تاوانی ئەوەیە کە کوردەو خەریکی کاری سیاسی بووە،من لە دڵی خۆمدا سەرەڕای خەفەتبارییم بۆ ئەو کچە کوردە،سەیرم بەوە دەهات ئەو پۆلیسە چۆن ئاوا بێباکانە وتی تەنیا لەبەر ئەوەی کوردەو خەریکی کاری سیاسی بووە،وە ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە ئەو پۆلیسە کوردە،وتم دەی کەواتە با من بڕۆم لەم کاتەدا پۆلیسەکە وتی ئاخ لەم ئیشەی من کە بوومەتە پارێزەری قەفەزێك بۆ ئازادیخوازانی کورد،تف لە خۆم و لە ئیشەکەم و لە کردەوەم،ئیتر من ڕۆشتم و دڵنیا بووم کە لەمڕۆژەدا کوردستان نابینم،تاکە بەرهەمی ئەمڕۆم ئەوە بوو کە زانیم ئازادیخوازان وەك ئاو بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە،پاشان زیندانەکە شارزا بووم و تاڕادەیەك باش بوو بۆ هانتنەوەم،گەڕامەوە بۆ هۆتێلەکەو لەوێ کەوتمە بیری ئەو کچە داماوەی کورد کە بووە قوربانیی خاکی کوردو ئەقڵی چەقبەستوی خوانەناسانەی کۆماری نائیسلامیی ئێران،زۆر بێتاقەت بووم و هەر سەرم دەسوڕاند بە دەوری خۆمدا وەك مرۆڤێك بە دوای ئەقڵیدا بگەڕێت،ئەوە بوو نووسینێك کەوتە پێش چاوم و زۆر بە وردیی لەسەر دیواری ژوورەکەم نوسرابوو چومە پێشەوەو دیتم نووسراوە،مرۆڤ هێندەی بیر لە ئازار دەکاتە باشترە بیر لە چارەسەر بکاتەوە،واتە پێویستە مرۆڤ لە بری ئەوەی

بیر لە ڕاکردن لە زیندان بکاتەوە باشتروایە بیر لە ڕووخانی ئەو سیستەمە بکاتەوە کە ئەو زیندانەیان دروستکردوە،لە ژیر وتەکەدا نووسرابوو هەقوێژ کاکەیی،من بەم قسە کەوتمە ڕامانێکی فرەقوڵەوە،هەر لە ڕاستییدا ئەو وتە زۆر جوان و ڕوون و هەروەها واتادار بوو،لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە ئەو وتە شرۆڤەی گەرەك نەبوو بەڵکو هەر خۆی شرۆڤەی دەسپێکی شۆڕش بوو،ئیتر خەوتم و بەیانی زوو وە خۆکەوتم بۆ زیندان،سەیر لێرەدا ئەوەبوو بەلای منەوە کەسێك حوکم نەدرێت چۆن دەبرێتە زیندانی گەورە؟ئینجا ئەگەریش کوردستان حوکم دراوە چۆن وازوو؟ بەهەرحاڵ گەشتمەوە شوێنەکەی ڕۆژی پێشووتر،ئیتروردە وردە کەوتمە ئەمو ئەو کردن تا ئەو کچەم بۆ بدۆزنەوە،ژنێك هات و وتی بەرێز ئەوە چییە ئەوەندە سەرقاڵ و پەشێوی؟وتم کچی مامم لێرە زیندانی کراوەو دەمەوێت ببینم،وتی ناوی چییە؟وتم ناوی نیشتمانە،وتی ئەوەی خەڵکی ئێراقە؟وتم بەڕێز خەڵکی ئێراق نیە خەڵکی کوردستانە،وتی دەی دەزانم ئەوەیە کە من دەیڵێم،وتی وەرە دوامکەوە،کەوتمە دوایی و دوای ماوەیەك ڕێکردن گەشتینە تەلبەندێك وتی لێرە بووەستە ئێستا بۆت بانگ دەکەم،وتم باشە،دوای نزیکەی کاتژمێرێك هاتەوە وتی بەڕێز ئەو کچە ناوی نیشتمان قوبادە؟وتم بەڵێ،ئاخر کاتێك کە کوردستان ناوی خۆی خستەبووە سەر کاك قوباد ناوەکەی خۆی هەر بە نیشتمان هێشتبووەوە لەبەر خاتری یادگاریی دایك و باوکی،بەڵام هەر دەیوت ناوم کوردستانە،ئیتر ژنەکە پێی وتم بەڕێز ئەو کچە ئەم بەیانە براوەتەوە بۆ بنکەی پۆلیس و ڕەنگە لەوێ ئازادی بکەن،بە پەلە تاکسییەکم گرت و ڕۆشتمەوە بۆ بنکەی پۆلیس،ئەوەندە سەرقاڵ و نیگەران بووم کیفی پارەکە(جزدانەکەم) لێکەوتبوو،کە گەشتین بەردەم بنکەی پۆلیس دەستم برد پارە بدەمە شۆفێرەکە تەماشام کرد یەك تمەنم پێ نیە!،داوام

له شۆفێرەكه كرد یارمەتیم بدات چونكه پارەم پێنیەو زۆریش پەلەمه،شۆفێرەكه كردیه هەراو هاوارو وتی ئەمه كەی قسەیه تۆ دەیكەیت من لەو پەڕی دنیاوه تۆم هێناوه بۆ ئێره،ئەگەر پارەت پێ نەبوو بۆ دەسخەڕۆت كردم چەند كەس دەستیان لێمگرت لەبەر تۆ هەڵمنەگرتن،ئەوه كێشەی خۆته من پارەم دەوێت هەر ئێستا،هەر چەندە له كاورای شۆفێر پاڕامەوه هیچی له مەسەلەكه نەگۆڕی و تا دەهات گەرمتر دەبوو،له ناكاو دابەزی و خێرا خۆی كرده بنكەی پۆلیسا بۆ شكاتكردن،منیش ویستم ڕابكەم بەڵام ترسام مەسەلەكه لەسەرم ببێته ڕاست و دواتر بمگرن و حوكمم بدەن،بۆیه خۆم تێك نەدا هەر ئەوەندەم زانی دوو پۆلیس هاتن و خێرا كەلەپچەیان كردم و ردمیان هەرچەند وتم بەڕێزان به خوا پارەم پێ نیه من درۆزن و فێڵباز نیم و غەدریشم لەكەس نەكردوه،ئەوەندە بێ دەنگ و وەڵام بوون مرۆڤ وا هەستی دەكرد كه كەڕو لاڵن،به هەرحاڵ برامه لای ئەفسەرو ڕووداوەكەم بۆ گێڕایەوه بەڵام بێ فایدە بوو،بردمیان بۆ زیندان،خرامه ژوورێكەوه جێگەی 10 كەس بوو نزیكەی 16 كەسی تێدا بوو،هەر مێشكم تێكچوو له داخی دیارنەمانی كوردستان و ئەم بەڵایەش كه بەسەرمدا هات،له سوچێكەوه دانیشتم و زۆر كزو مات بووم،بەمجۆره مامەوه تا بەیانی خەو به تەواوبی نەچووه چاوم بەڵام چەند جارێك وەنەوز بردمییەوه،جارێكیان سەرم كێشای بەسەری كەسێكدا كه لەبەردەممدا خەوتبوو بەڵام وەخەبەر نەهات،بۆ بەیانی كەسێكیان بەپەله كرده ژووراو هەموو گیانی خوێناوی بوو،دوای ئەوەی جێیان هێشت ئێمەی كەوتینه یارمەتیدانی و كەمێك هاتەوه سەرخۆیی،بەڵام كەسێك له ئێمه هیچ نەهاته پێشەوەو به ڕقەوه تەماشای ئەو بەندكراوەی دەكرد،دوای تۆزێك هاتەلای منەوەو وتی ئاخ لەم دەوڵەته داگیركاره،نەفرتیان لێبێت بۆ دەمانكوژن؟تەنیا لەبەر ئەوەی كوردین؟من به

قسەکایدا وامزانی گیراوی سیاسییەو لەسەر کوردایەتی گیراوە،ئەو هەر قسەی دەکرد لە پڕ ئەو پیاوەی کە پێشووتر نەدەهاتە پێشەوە هات و بە خێرایی دەستی گرتم و ڕایوەشاندم و وتی هەستە خێراکە چایەك لێنیٚ،تۆ خۆت بە چی دەزانی هیچ وپوچ؟وتم باشە بەسەرچاو پەلە مەکە،وتی خێرا دیسان دەستی ڕاوەشاندم خەریکبوو لە ئازارا هاوارکەم،کە هاتمە ئەملاوە بۆ چالێنان،وتی من دەزانم تۆ کوردیت و خەڵکی باشوریت،بەڵام ئەو پیاوەی باسی دەوڵەتی بۆ دەکریت ئەوە ئیتلاعاتەو بۆ سیخوڕیی هاتوە،بەو شێوە دەریدەخات کە کیٚ نەتەوەیی و نیشتمانییەو خەریکی کاری سیاسییە،بۆیە بە پەلە ڕامکێشایت چونکە ترسام بکەویتە ناو پلانەکەیەوە،من 5 مانگە لەم زیندانەم تا ئێستا دادوەرم نەدیوە،لە ڕاستییدا تۆمەتبار دەبێت 2تا 3 ڕۆژ لە بنکەی پۆلیس بێت و دواتر ببرێتە دادگاو ئینجا زیندانی گەورە،کەچی من ئەم هەموو ماوە لێرەم تەنیا لەبەر ئەوەی تۆمەتەکەم هاوکاریی پارتێکی کوردییە،من ناوم ڕێبازەو هاتومەتە باشوریش،تۆ ناوت چییە؟وتم منیش ناوم کەیخوسرەوەو زۆریش سوپاست دەکەم وا ڕزگارت کردم لە دەست ئەو پیاوە سیخوڕە،وتی کەیخوسرەو هەرچیت پێویست بوو من هاوکارتم،ئیتر دوای کەمێك ناوی ڕێباز خوێندرایەوە بۆ لێکۆڵینەوەو ڕۆشت،منیش کزو مات دانیشتبووم هەر بیرم لای کوردستان بوو خوایە دەبێت ئێستا لە کویٚ بێت؟چی بکات؟بێژی توشی دەردەسەریی نەبووبێت؟لەم کاتەدا کەسێك هاتە پاڵم و وتی برا لەسەر چی گیراویت؟وتم لەسەر ئەوەی جزدانەکەم گمکردوە!،دای لە قاقای پێکەنین و وتی ئەوە تۆ تەواویت؟وتم نا کاکە گیان تەواو نیم ئەگەر پاسی 21 نەفەریی بومایە 19 نەفەرم نوقسان دەبوو،تەواو نیم لەوە دڵنیام،وتی ئێستا پێمبێژە بەڕاستی بۆ گیراویت؟وتم کاکی من پێم وتیت لەسەر جزدانگومکردن

گیراوم،بەڵام تۆ گاڵتەت پێکردم،براکەم من جزدانەکەم گومکردو پارەی تاکسییم پێ نەبوو ئیتر شۆفێرەکە وتی تۆ درۆ دەکەیت و فێڵبازیت،نەگبەتی ئەوە بوو خۆشم هەر بۆ ئەم بنکەی پۆلیسە دەهاتم ئیتر شۆفێرەکە شکاتی لێکردم و بەندکرام،وتی بە خوا کاکە هەموو شۆفێرتاکسییەکان هەر وا بێئوسوڵن،لەم کاتەدا کابرایەکی زلەی ڕەشمان لێڕاپەڕی و وتی ئەوە هیچ و پوچەکان باسی شۆفێرتاکسیی دەکەن؟بووەستن بۆم،دواتر دوو کەسی تر لەگەڵیدا هەستان و کەوتنە لێدانمان،خوا لە خێری دەرنەکات تا جوڵایان جوڵاندمانیان و باشیان لێداین،پۆلیس هات و بووە جرت و فرت،لەیەك جیاکراینەوەو لەوەشا سێ دارم بەرکەوت،من و ئەو پیاوە کە ناوی بەهرام بوو براین بۆ لای ئەفسەر بۆ لێکۆڵینەوە،نەگبەتیی ئەوە بوو کە شەڕکەرەکانی تریان نەهێنا،ئەفسەر ڕووی کردە من و وتی ها دیسان کێشەی پارەت هەیە؟تۆ تەریق نابیتەوە داوەشێیت،وتم بەڕێز تکایە گوێم لێبگرن سویند بە خودا من نە دزم و نەقۆڵبڕو تەڵەکەباز بەڵام جزدانەکەم لێکەوت فەرموون بمپشکنن بزانن یەك دینارم پێیە؟خۆ ئەگەر فێڵباز بم دەبێت پارەیەکی باشم پێبێت؟ئەگەر پێشتان وایە پارەم پێبووەو لە ژووری زیندان دامناوە دیسان بڕۆن بکۆڵنەوە،جەنابی ئەفسەر تکایە ئەم گاڵتەکردنە کۆتایی پێبێنن،من زۆر نیگەرانم،ئاخر من کە خانووم نیە لە کوێ بەفرم ڕاماڵیوەو کەسێك لە ژێر بەفری مندا مردوە؟! ئەگەر دەزانن شتێك هەیەو بەڵگەتان هەیە ئەوە حوکمم بدەن و کۆتایی پێبێنن،دوای کەمێك ئەفسەرەکە وتی ئەم کوڕە تاوانبار نیەو ئازادی کەن،پۆلیسێك هەڵیدایەو وتی قوربان ئەم فێڵبازانەو تەواوی تەڵەکەبازەکان دەسانێکیان هەیە لە فریودانی خەڵك،قوربان ئەوە خەریکە تۆش هەڵدەخەڵەتێنێت،هەر ئەم کوڕە هەر دوێنی و پێرێ بە تاوانی فڕاندنی کچی خەڵك

لێرە زیندان کرابوو،ئەمانە باندو گروپی تێکدەرو ئاژاوەچین،ئەفسەرەکە وتی خێرا بڕۆن پەروەندەکەیم بۆ بێرن،پۆلیسێك چوو هێنایی و خستیە بەردەستی ئەفسەر،ئەفسەرەکە وتی تۆ کەیخوسرەو یادگاریت؟وتم بەڵێ قوربان،دوای خوێندنەوەو چاوزەقکردنەوەیەکی زۆر ئەفسەرەکە وتی مەگەر تۆ بازرگانی تلیاکیشی؟وتم قوربان ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟تلیاکی چی و بەزمی چی؟وتی دەی ئەوەتا لێرەدا تاوانباریی بە بازرگانیکردن بە تلیاکەوەو خۆشت گێل دەکەیت،خێرا بیبەن و چوارمێخەی ئەم ساختەچییە بکێشن،من زۆر هاوارم کردو وتم قوربان ئەوە هەڵەیە ئەوە پەروەندەی من نیە،من ناوم کەیخوسرەو یادگار مامپیرە،تکایە جوانتر تەماشای کەن،من ئەو کەسە نیم تکایە، تا ئەفسەرەکە وتی ڕاوەستن پۆلیسەکان دەتوت هەنگوێنیان لە پورەو شانەدا دیوەتەوە وا بە دڵەوە ڕایان دەکێشام و دەیانکوتام،ئیتر وەستان و تەماشای ناوی ناو پەروەندەکەو ناوەکەی خۆمیان کرد لەسەر ڕێنامە(پاسپۆرت)ەکەم،دوای کەمێك تێڕامان ئەفسەرەکە وتی ببورە ئەم پەروەندە هی تۆ نیەو بە هەڵە هێنراوە،دوای ئەمانە ئەفسەرەکە وتی من پارەکەت بۆ دەدەمە شۆفێرتاکسییەکەو تۆ بڕۆ ئازادبە چونکە غەریبەیت،منیش زۆر سوپاسیم کردو هاتمە دەرەوەو کەوتمە هۆڵی دۆزینەوەی کوردستان،تاوامکرد نیوەڕۆ بوو،زۆرم برسیی بوو،برسێتی زۆر شتی لە یاد بردم بایەزیدی بەستامی ڕاستی وتوە کە یەژێت فیرعەون ئەگەر برسی بوایە ئیعلانی خوایەتی و پەروەردگارێتیی نەدەکرد،سەرەتا چوومە چێشتخانەیەك بۆ نانخواردن،هەرکە چوومە ژوورەوە ڕۆژنامەیەکم وە پێش چاو کەوت کە وێنەیەکی تێدا بوو لە کوردستان دەچوو،خێرا تەماشام کرد ڕاست کوردستان بوو هەر دوێنی لە ناو کرماشاندا ئۆتۆمبێل لێیداوە بەڵام نەمردووەو ئێستا لە نەخۆشخانەیە،خێرا

هاتمە دەرەوەو نانم نەخوارد،بۆ نەگبەتیی من ناوی نەخۆشخانەکە نەنوسراوبوو،ئیتر کەوتمە گەڕان بە نەخۆشخانەکاندا هەموو نەخۆشخانەکان گەڕام تەنیا یەك دانە مابوو،ئەویش چووم و ژوور بە ژوورو بە پرسیارو وەڵام وتیان لە ژووری 6 لە نهۆمی 5،کە گەشتمە ژوورەکە پرسیارم کرد وتیان بەڕێز ئەو کچە دۆخی باش بووەو لەتەك ژنێکدا دەرچوون،خێرا هاتم بۆ سەروخوارکەر(مەسعەد–ئەسانسۆر)ەکەو ویستم خێرا بگەم کەچی تێکچووبوو!ئیتر بە پەلە بە قاڵدرمەکاندا ڕۆشتم ئەوەندە خێرا بووم باڵم لیّ پەیدا بوو بوو،خۆم کێشا بە دکتۆرێکاو خەریك بوو بکەوێت،لە دڵی خۆمدا وتم بەخوا بەڵام بۆ خۆم سازان،بەڵام سوپاس بۆ خوا دکتۆرەکە لە من پەلەتر بوو خێرا چووە سەرەوە،بە هەر حاڵێك بوو گەشتمە لای دەرگاکەو الحمدلله کوردستانم دیەوە،بە قەد هەموو دنیا خۆشحاڵ بووم کە بەڕاستی پێنووس ناتوانیّ باسی ئەو دڵخۆشییەم بکات،کوردستان کاتێك منی بینی یەك دەنگ هاواری کرد هاوڕێکەم ئەمە تۆیت؟بژی کورد،هاوڕێکەم کەیخوسرەو..خوایە گیان شوکرت..........هەموو ئەوانەی لەویّ بوون تەماشای ئێمەیان دەکرد،لە گەرمەی پێکەنینی خۆم و کوردستاندا خەبەرم بووەوەو دڵنیا بووم کە ئەم هەموو ڕووداوە تەنیا خەوێك بووە،زۆر شێواوم و ئارەقێکی زۆرم کرد بە جۆرێك هەموو گیانم تەڕ بوو لە کاتێکدا کەشوهەواش سارد بوو،هیوام دەخواست بخەومەوەو لەوێوە خەونەکەم دەسپێبکاتەوە،بەڵامە ئەمە هیچ واتایەکی نیە جگە لە خەیاڵ،پاش کەمێك خەوم لێکەوتەوە،بەیانی زوو هەستام و ویستم دوای نانخواردن بڕۆم بۆ لای کوردستان و خەونە سەیرەکەمی بۆ باس بکەم،بۆیە دوای نان کەوتمەڕێ بۆ زانکۆ،کاتێك چوومە زانکۆ سەیرەکەم زۆر کش و بێدەنگە،چوومە پێشەوەو دوای سڵاو لە پۆلیسی بەر دەرگاکەم پرسی و وتم ئەریّ بەڕێز زانکۆ بۆ

ئەوەندە بێدەنگە؟هیچ نەبووە؟ پۆلیسەکە بە گاڵتەکردن و پێکەنینەوە وتی کاکی خوێنەوار ئەمڕۆ هەینییە دەوامی چی و زانکۆی چی؟ئەمجارە لە ماڵ دەرچوویت تەماشای ڕۆژژمێر بکە باشە؟وتم ببورە هەق بە تۆیە ئیتر وادەکەم کە وتت،بە دڵگرانییەوە گەڕامەوەو هیچم دەستنەکەوت،هاتمەوە ماڵ و تا کاتی خەو هەر بیرم لە شەوی ڕابووردوو دەکردەوە، ئەو خەوە چ بوو؟ئەرێ بەڕاست ئەو ڕووداوانە چ بوون؟ ئیتر ئاگام لە خۆم نەماو خەوم لێکەوتبوو،بەیانی دیسان بەڕێکەوتمەوە بۆ زانکۆ،کاتێك گەشتمە ئەوێ ویستم بچمە ژوورەوە بەڵام نەیان هێشت و لە پرسگە ڕایانگرتم،زۆر هەوڵمدا بێ سوود بوو بۆیە هاتمەوە دەرەوە،باش لەوەدا بوو کە لە خوارەوە کاردۆخ دەرکەوت وتی کاك کەیخوسرەو ئەوە چی دەکەیت لێرە؟وتم کاردۆخ گیان دەمەوێت بڕۆمە ناو زانکۆ بەڵام نایەڵن بێم چونکە خوێندکار نیم،کاردۆخ وتی لەتەك مندا وەرەو هەقی هیچت نەبێت،من و کاردۆخ بەهەڤڕا ڕۆشتینە ناو زانکۆوە،سەرەتا چوومە لای هارپاکی خاوەنی کافتریاکە بۆ هەواڵپرسین،هارپاك زۆر خۆشحاڵ بوو وتی کەیخوسرەو تۆ من لە شتێکی گرنگ ئاگادار کردەوە بڕوا بکە کاردۆخ زۆر چالاك و ئیشکارو زیرەکە،ئێستا تەواو متمانەم پێیەتی،منیش وتم کاك هارپاك من هیچ نەکردوە جگە لە باسکردنی هەقیقەت،دوای گفتوگۆو دانیشتنێکی خۆش،کوردستان هاتە کافتریاکەو وتی بەڕێز قاوەیەك دەخۆمەوە،منیش وتم هاوڕێیان تکایە با من ئەو قاوە ببەم،ئەوانیش وتیان شتی وا نابێت،منیش وتم ئەوە خزمەو ئێستا سەرسامی دەکەم،وتیان باشە،قاوەکەم خستە سەر سینییەك و بردم بۆ کوردستان،کە چوومە نزیکەوە وتم فەرموو جوانترین کچی دنیا،کوردستان بە خێرایی ئاوڕی دایەوەو ویستی خۆی تووڕەکات کە منی بینی تەواو حەپەساو وتی ئەی لەوە کەیخوسرەو ئەوە تۆیت؟من چی دەبینم؟

بۆ خاتری خوا ئەم یارییە چییە؟ئیتر منیش مەسەلەکەم تێگەیاند،ئینجا کەوتمە باسی ڕووداوەکەی ڕۆژی پێشووتر بۆ کوردستان و تەواو باسی کاردۆخم بۆ کرد،پاشان چرکە بە چرکەی خەونەکەم بۆ گێڕایەوە لە کاتی گێڕانەوەکانی مندا کوردستان پڕ بە دڵ دەگریا،کە گەشتمە باسی نووسینەکەی ناو هۆتێلەکە ئەوەی کە نووسرابوو (مرۆڤ هێندەی بیر لە ئازار دەکاتە باشترە بیر لە چارەسەر بکاتەوە،واتە پێویستە مرۆڤ لە بری ئەوەی بیر لە ڕاکردن لە زیندان بکاتەوە باشتروایە بیر لە ڕووخاندنی ئەو سیستەمە بکاتەوە کە ئەو زیندانەیان دروستکردوە، هەقوێژ کاکەیی) کوردستان ڕای گرتم و وتی بەڕاست تۆ ئەو وتتەت بینی؟ئای خوایە گیان من چەندین جار گوێم لە باوکم بووە ئەو قسەی دەکرد،باوکم هەمیشە لە کاتی نەخۆشی و ناخۆشییەکاندا ئەو قسەی دەکرد،بڕوا بکە ئەم وتەیە لە مێشکمدا دەخولێتەوە،ئای کەیخوسرەو من ئەوسا لە نهێنیی ئەو وتە تێنەدەگەشتم و نەمدەزانی باسی چی دەکات؟بەڵام ئێستا دەزانم ئەو وتەیە دنیایەك لە ورەو ئیرادەو هیوای شۆڕشە بۆ یەکسانی و ڕزگاریی و سەربەخۆیی،ئەو وتە ئومێدە...ئومێد بە ئازادیی و سەربەستی،هاوڕێکەم،بیرکردنەوە لە چارەسەر لە بری بیرکردنەوە لە ئازار،باشترین دەرمانە بۆ گەلێکی ئازاردراوی وەك کورد،بۆ گەلێك کە ....ئیتر لە گریان و دڵپڕبووندا کوردستان قسەکانی بۆ تەواو نەکرا،من وتم هاوڕێکەم تۆ پێت وایە ئازاری کورد چییەو چارەسەر چییە؟دوای هەڵوەستەیەك کوردستان وتی ئازاری کورد داگیرکراوییەو چارەسەریش یەکێتیی نەتەوەییە،کەواتە ئێمە دەبێت بیر لە یەکێتی نەتەوەیی بکەینەوە چونکە چارەسەرەو کۆتایی بە هەموو ئازارەکانی میللەتی کورد دەهێنێت!ئەوەی زۆر منی نیگەران دەکرد گریانە دڵتەزێنەکەی کوردستان بوو،هەر فرمێسکێکی ڕازێك بوو،ئازار بوو،هیوا بوو،خۆزگەو

حەز بوو،ئیتر هەموو شتێك بوو، لەم کاتەدا کاردۆخ هات و وتی کاك کەیخوسرەو هیچ نەبووە؟بۆ ئاوا بێتاقەتن؟وتم کاردۆخ گیان تەنیا باسی چەند شتێك دەکەین،کاردۆخ و کوردستانم بە یەك ناساند و ئیتر کاردۆخ ڕۆشت و کوردستان وتی کەیخوسرەو با بڕۆینە ناو باخچەکەو دیسان باسی خەونەکەم بۆ بکە،چووینە ناو باخەکەو دەستمان بە قسە کردەوەو دیسان خەوەکەم بۆ گێڕایەوە،لە پڕ پۆلیسێك لە دواوە دەستیکردم و وتی ئەوە تۆ عەیب ناکەیت بە قاچاخ هاتوییتە ناو زانکۆ؟ئەی من نەمووت تۆ خوێندکار نیت و نابێت بێیتە ژووریٚ ؟ خێرا وەرە لەگەڵما بزانم تۆ چ کارەی؟ وتم بەڕێز من هیچ کارە نیم تەنیا هاوڕێی کوردستانم و هاتوم بۆ بینینی،ئەم قسانە نەیخواردو بردمیان،کوردستانیش لەگەڵم هات و وتی ئەوە هاوڕێمەو کەسێکی زۆر بە ئەخلاق و بەڕێزەو لە جێی نیوەی کەسەکانمە ئەگەر بڕیار ئەو بەند بکەن دەبێت منیش بەند بکەن،لەو لاوە هارپاکی خاوەن کافتریا هاتە دەرەوەو وتی کەیخوسرەو ئەوە چییە؟کاکی پۆلیس تۆ کێت گرتوە؟تکایە خێرا ئازادیکەن ئەوە ئینسانێکی ڕۆشنبیرو بە ئەدەبە شایەنی ئەوە نیە،بەڵام چیی کردوە با بزانین؟ پۆلیسەکە وتی کاکە ئەمە بە قاچاخ هاتووەتە ناو زانکۆ لە کاتێکدا پێم وتووە تۆ بۆت نیە بێیتە ناو زانکۆ،هارپاك وتی ئەوە هەموو تاوانەکەیەتی؟پۆلیسەکە وتی بۆ ئەوە کەمە؟هارپاك وتی من دەستگیرکە لە جیاتی ئەو،کاردۆخ هات و نا من دەستگیرکەن،کوردستان وتی ئەگەر کەسێك شایەنی زیندان بێت ئەوە منم دەی بمگرن کەیخوسرەو هیچی نەکردوە عەیبە وا دەکەن داوەشێن،لەم قسانەدا چەند مامۆستایەك پەیدا بوون وتیان ئەوە چییە؟چی ڕوویداوە؟پۆلیسەکە وتی مامۆستا،ئەم هەتیوە..کوردستان قسەکانی بە پۆلیسەکە بڕی و وتی جوان قسە بکە تایفەکەت هەتیون نەك کەیخوسرەو،مامۆستایەکی

کەمێك پیر وتی بێدەنگ بە کچێ تۆ چیت ئاوا قسە دەکەیت؟دیارە جەنابت ئەم برادەرەت هێناوەتە ژوورەوە؟کوردستان وتی مامۆستا بێگومان بەڵێ من ئەم کورەم هێناوەتە ژوورەوەو بە شانازییشەوە دەیڵێم چونکە ئەمە هاوڕێیەکی بەڕێزو خۆشەویستمە،مامۆستایەکی تریان پێکەنی و وتی ئەی هاوار لەم سەمەرەیە عەشایەرێکی شوڕواڵ لەپێی هاوڕێیەتیی کچ دەکات،منیش وتم نامامۆستا ئاگات لە دەمت بێت هیچ نەزان ئەخلاق و ڕۆشنبیریی پەیوەندییان بە عەشایەرو ناعەشایەرەوە نیە،پەیوەندییان بە جل و بەرگەوە نیە،کوردستان وتی ئەی قوڕبەسەر ئەو خوێنکارەی جەنابت پەروەردەی کەیت،ئەی قوڕبەسەر ئەو کوردستانەی تۆو نمونەی وەك تۆ مامۆستای بن،مشتومڕ هەر بەردەوام بوو،خوێندکاری زۆرمان لێخڕ بووبوو تا لە ناکاو مامۆستایەکی سەرسپیی پەیدا بوو،وتی ئەمە چییە؟خێرا پێم بلێن؟هەمووان بەڕێزەوە وتیان مامۆستا هیچ نیە،وتی ئەی ئەم دەنگە دەنگ و هەرایە چییە؟کوردستان ویستی قسە بکات،کەچی کاردۆخ پێشی کەوت و تەواوی مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە،مامۆستاکە وتی داناوەشێن بەمجۆرە هەراتان ناوەتەوە؟ئێوە سەرقاڵی زانست بن باشە یان مقۆمقۆی بێسوود؟ئێرە ناوەندی مەعریفەیە نەك ناوەندی هاتوهاوار،ئەم مامۆستا دیار بوو کوردستانی دەناسی چونکە وتی هەمووتان کوردستان دەناسن کە کچێکی زیرەك و وریاو بەئەدەبە،خێرا کۆتایی بەم گاڵتەجاڕییە بێنن،ئیتر وردە وردە خەڵکەکە بڵاوبوونەوە،وتم کوردستان ئەمە کێیە؟وتی ئەمە ناوی مامۆستا هەیاسەو جێگری سەرۆکی زانکۆیە،مامۆستایەکی زۆر باشەو هەمیشە پشتگیریی لە هەق دەکات،لەم قسانەدا بووین مامۆستا هەیاس وتی کچم خۆت و هاوڕێکەت وەرن بۆ ژوورەکەم،ئێمەش ڕۆشتین بۆ ژووری مامۆستا هەیاس،گفتوگۆیەکی زۆر خۆشی

نەتەوەیی و زانستی و ماریفییمان کرد،مامۆستا هەیاس وتی کوردستان من دڵنیام لەوەی کە تۆ هاوڕێی خراپت نیەو هەرگیزیش کەسی خراپ ناهێنیتە زانکۆوە،ئینجا ڕووی کردە من و وتی کەیخوسرەو من زۆر خۆشحاڵم بە ناسینت و هیواخوازم هەمیشە بێیتە سەردانم،کەیخوسرەو گیان دەمەوێت ئێوە پێشکەون ئێوە نەوەی داهاتووی ئەم وڵاتەن،ئیتر دوای ماڵئاوایی ڕۆشتین،کوردستان وتی کەیخوسرەو ئەم مامۆستا هەیاسە مەسیحییە بەڵام هەرگیز جیاوازیی نێوان دینەکان ناکات،بڕوا بکە ئەوەندە سادەو ساکارە مرۆڤ هەر حەزدەکات لەتەکیدا بێت،ئینجا زۆریش زانیاریی لایەو تەنانەت شارەزایی لە هەموو دینەکان هەیە،من مۆڵەتم لە کوردستان خواست و هاتمە دەرەوە،تا هاتمە ماڵەوە وەك گێژ بووم،هاوڕێکانم گاڵتەیان پێدەکردم و دەیانووت تۆش کەوتیتە بازاڕەوە،هاهاها......بەمجۆرە گەشتمە ماڵەوە،تا چەند ڕۆژێك خەریکی کاروباری تایبەتی خۆم بووم و ئاگام لە کوردستان نەمابوو،دوای چەند ڕۆژێك گەڕامەوە بۆ زانکۆ بۆ دیتنی کوردستان،سەرەتا نەیانهێشت بچمە ژوورەوە ناچار بە کەسێکم وت تکایە لە کافتریاکە کەسێکم بە ناوی کاردۆخ بۆ بانگ بکە،ئەویش وتی یەزیدییەکە؟وتم بەڵێ بەڵام یەزیدی نا ئێزەدی!دوای کەمێك کاردۆخ هات و پێکەوە چووینە ژوورەوە،کاردۆخ وتی کاك کەیخوسرەو بۆ لای کوردستان خان هاتوی؟وتم بەڵێ،ئیتر لە کاردۆخ بڕام و چوومە ناو باخچەکە چاوەڕێی کوردستان بکەم،دوای کەمێك کوردستان هات و دوای هەواڵپرسین وتی هاوڕێکەم بۆ بێ دیدارت کردم؟وتم ببورە هەڤاڵم ئەم ماوە زۆر سەرقاڵ بووم،وتم هاوڕێم چی بکەین بۆ ئەوەی بگەینە کامڵبوون؟وتی گەیشتن بە کامڵبوون زۆر گران نیە،پێویستە بەڕاستی خواناس و باوەڕدار بین،پێویستە ناخ و دەروونمان پاك بکەینەوە لە هەموو ڕق و خراپەیەك،پێویستە بیرمان ئازاد بکەین،پێویستە

بنەماکانی ئاکار (ئەخلاق) جێبەجێ بکەین،دەبێت هەموو کەسمان خۆشبوێت بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستیی ئەوانی تر،پێویستە هیچ شتێك تەنانەت زیانبەخشەکانیش نەکوژین،پێویستە ئەوەی بۆخۆمان پێمانخۆشە بۆ خەڵکیش وابین و ڕێز لە هەموو مرۆڤێك بگرین،پێویستە بەڕاستی کار لەسەر هەقیقەتی ژیان بکەین و بە هیچ پاساوێك موداخەلەی ژیانی ئەوانی دی نەکەین،پێویستە ڕەخنەوەرگرین پێش ئەوەی ڕەخنەبگرین،پێویستە تەواوی هەوڵەکانمان بکەینە هەنگوین بۆ مرۆڤایەتی،پێویستە بیربکەینەوەو بخوێنینەوەو وردبینەوە بۆ ئەوەی بگەینە ئامانج و دواتر ئەنجام و بەرهەم،پێویستە هەر مرۆڤێك داهاتی لە ئێمە کەمتر بوو هاوکاریی بکەین و کار بۆ یەکسانیی بکەین لە لای خۆمانەوە،پێویستە دژەباو بین بۆ ڕچەشکاندن،پێویستە دڵ و ڕۆحمان بنێرینە حەجی هەتاهەتایی لای خوای مەزن و خۆشەویستی و ئەشقی خوای مەزن بکەینە پەیام، دواجار پێویستەو ئەرکیشە کە ڕۆحمان خاڵی بکەینەوە لە خراپەو دڵمان ئاسودە بکەین بە چاکە، بەمجۆرە دەگەینە کامڵبوون،وتم هاوڕێم مانگی ڕەشەمە خەریکە تەواو دەبێت ئاگاداریت؟وتی بێگومان ئاگادارم ئەوا لە خاکەلێوەو نەورۆز نزیك دەبینەوە،یەك دەست جلی کوردیی کرماشانیم کردوە بۆ ئەم نەرۆزەی ئەم ساڵ،انشاالله نەورۆزی ئەم ساڵ سەربەخۆیی و ڕزگاریی نەتەوەی کوردی پێیە،هیوادارم بەدڵی خۆم هەوای سەربەخۆیی و سەربەستی لە قەڵای ئامەدو تاقەوسانی کرماشان و قەڵای کەرکوك و قامیشلۆو لاچین و ئەریڤان هەڵمژم،هیوادارم بە ئازادی و سەربەخۆیی لە تەواوی کوچەو کۆڵانی شارو لادێکانی کوردستانی گەورەدا بسوڕێمەوە و بە دەنگی بەرز هاوار بکەم و پەمامی ئاشتیخوازیی زەردەشتی پێغەمبەر بێژمەوە،بەڵێ بۆ ئاشتی،بۆ ئاشتی..ئاشتی..ئاشت..ئاش.. بەڵێ بۆ یەکسانی ..یەکسانییییییییی

...،لەم قسانەدا بووین لە ناکاو کوردستان وتی کەیخوسرەو فریام کەوە!وتم چی بووە هاوڕێم؟وتی بێهێز بووم گێژ بووم،ئیتر کەوتە سەر زەوی و بە پەلە بە تاکسی فڕاندم بۆ نەخۆشخانە!کە چووینە ئەوێ بە حاڵ ئاگای لە خۆی بوو وتی تکایە با چەند قسەیەك بۆ کەیخوسرەو بکەم،وتم فەرموو هاوڕێکەم،وتی هاوڕێم ئەم نەخشەی کوردستانەت دەدەمێ و لای خۆت بیپارێزەو هەر کاتێك ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕزگاری بوو ئەم نەخشە ببە لە بناری کێوی بێستوون لای نێوان نەخشی زەردەشتیان و نەخشی فەرهادتاش و رووەو گۆڕدەخمەکانی زەردەشتییەکان بیخەرە چاڵێکەوە!چونکە باوکم و دایکم زۆرجار چوونەتە ئەوێ و لەوێش ئارامو ئاسودەبوونەتەوە،ئینجا بە دایە نەسرین و کاك قوباد بێژە هیوادارم خوای مەزن پاداشتی چاکەی ئەوان بداتەوەو لە دڵسۆزی و خۆشەویستییان گەلێك مەمنوونم!ئینجا ئەو بابەتەی ئارام باس مەکە با ئەو ماڵباتە تێك نەچن،کەیخوسرەو تکایە نووسینەکانم چاپ بکەو بیخەرە خزمەتی خەڵکی کوردەوە،تکایە وا بکەو هەوڵبدە با بڵاوببنەوە چونکە ئەوە ئاواتێکی چەند ساڵەمە،ئینجا وتی کەیخوسرەو تکایە لە هەر کوێ بە خاکتان سپاردم لە سەر گۆڕەکەم بنووسن(ئەم کچە ئێستاش دەگریی بۆ کڵپەی ئاگری نەورۆزو زنجیرەکەی ڕۆستەمی زاڵ و برینی جەستەی کوردستانە لەتکراوەکەی و ئازاری دایك و بابە خێرنەدیوەکەی،ئەم کچە تنۆکێ بارانە بۆ دەشتی خۆشەویستیی وڵات و مرۆڤەکانی!ئەم کچە هێزی چۆکی درەوەنی و گوڕی پەنجەی خەباتکارو وزەی مەچەکی ژنانە،ئەم کچە تا ڕۆژی قیامەت داوا لە خوا دەکات داگیرکەرانی کوردستان و مرۆڤکوژانی پیس بە نەفرەت بن!) توخوا ئەمە بنووسن!منیش بە قوڵپەی گریانەوە وتم انشالله تۆ نامریت و ئەگەر ئەوەش ڕوویدا بە چاوان وا دەکەم،ئینجا مۆبایلەکەیم لە گیرفانی دەرهێناو تەلەفۆنم بۆ دایە

نەسرین کرد،کە پێم وت هاواری لێهەستا،مەخابن تا ئەوان گەشتن کوردستان گیانی سپارد،ئەوان کاتێك هاتن من بە کوڵ لەسەر تەرمەکەی دەگریام و نەخشەی کوردستانەکەی ملی کوردستانم بە دەستەوە بوو،کاك قوباد و نەسرین خان کە تەرمی کوردستانیان دیت هەر شێت بوون،کاك قوباد دەستی بە گریان کردو وتی کوردستانی جوان و ژیرم ڕۆ، یادگاریی فوئادی برام ڕۆ!نەسرین خان یەکسەر بورایەوە،ئیتر تەلەفونیان کردو خزمان هاتن،لە نەخۆشخانەوە کوردستانمان بەڕێ کرد بۆ پزیشکی دادوەری و لەوێش تەواو بوو،ئینجا بۆ گۆڕستان،مرۆڤ لەو کاتەدا کاك قوبادو نەسرین خانی دەدی دەتوت هەموو دنیا کاوڵ بووە بە سەریانداو ئەمان کەسیان نەماوە،هێندە بە کوڵ دەگریان مرۆڤ نەیدەتوانی بەرگەی ئەو گریانە بگرێت،بە هەر حاڵ بە خاکی کوردستانمان سپاردو تەواوی قسەکانی کوردستانم لەتەك گریانی بە خوڕدا بە کاك قوبادو نەسرین خان وتەوە،ئەوان بە ناسینی من زۆر خۆشحاڵ بوون!پاشان پرسەی بۆ دانراو هەردوو ڕۆژەکە لە پرسەکەیدا دانیشتم!لە دواڕۆژدا مەلایەك بە گریانەوە وتاری دەداو ناوە ناوە فرمێسکی دەسڕی و زۆریش ڕەوانبێژ بوو،وتم کاك قوباد ئەم مامۆستا ناوی چییە؟وتی ئەمە ناوی مەلا فەرمانەو کوردستان ماوەیەك لای ئەوان بووەو زۆریش خۆشیان دەویست،ئاخر بەڕاستی سروشتی کوردستانی کچمان وابوو بە ماوەیەکی کەم هەموو کەس خۆشیان دەویست،منیش لە دڵی خۆمەوە وتم ئای خوایە گیان ناشوکری نەبێت بۆ تەنیا ماوەیەك ئەم کچە باشەم ناسی و مرد؟!خوایە گیان بیخە بەر ڕەحمەت و بەزەیی خۆت و لە هەڵەکانی بوەخشە!ئیتر بۆم ڕوون بووەوە ئەم مامۆستا ئەو مەلا فەرمانەیە کە کوردستان باسی چاکەو ڕێزی ئەوی کرد،دوای پرسەکە کە خەڵك هەستان چووم بۆ لای مامۆستاو سڵاوم لێکردو دەستم ماچکردو وتم مامۆستا گیان

خوا سەلامەتت کات وا کوردستان هێندە لێت ڕازیی بوو،وتی کوڕم مەرگی کوردستان و بنەماڵەکەی بەشێکە لە ئازارو نەگبەتییەکانی ئەم میللەتە داگیرکراوە ژێردەستە،ئینجا ئەوەش بزانە بە ماوەیەکی کەم بۆم دەرکەوت کە کوردستان نمونەی کچی زیرەك و بە ئەدەب و باش و ئاکارجوانەو زۆریش بە غیرەت بوو!حەزدەکەم ئەوەش بزانیت کە کوردستان کچێکی بێ وێنە بوو لە هەڵسوکەوت و چوونەدڵەوەدا،ئیتر مامۆستا ڕۆشت خواحافیزیی کرد،منیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە،هەر لە خەیاڵی ئەو کچەدا بووم،بەیانییەکەی هاتم بۆ سەر گۆڕەکەی و لەوێ کوڕێکم دی بە کوڵ دەگریاو دەیوت هەمووی خەتای من بوو،ئاخر بۆ وام کرد؟تۆ تاوانت چی بوو؟کوردستان خوشکەکەم لێم ببوورە،گەشتمە لای دوای سڵاو وتم کاکە گیان ئەمە چییتە؟وتی خوشکمەو هەر دەگریا،وتم تۆ ناوت چییە بێزەحمەت؟وتی ناوم ئارامە،ئیتر دڵنیابووم ئەمە ئەو ئارامەیە کە کوردستان بە هۆی لێدانەکەیەوە مردو ئێستا ویژدانی ئازاری دەدات و هاتوەتە سەر گۆڕەکەی،ئینجا وتی ئەی تۆ کێیت؟وتم من هاوڕێی کوردستانم و وەکو خوشکم وا بوو،ئیتر دوای پاڕانەوەو دۆعا ڕۆشتین،من هاتم بۆ زانکۆ بۆ بینیی ئەو کچەی کە پێشتر دیبووم!چوومە زانکۆو بە دوای ئەو کچەدا گەڕام و ناویشیم نەدەزانی!لە بەردەم بەشەکەیدا ڕاوەستام تا لە ناکاو کچەکە هاتە دەرەوە،یەکسەر هات بۆ لام و وتی کەیخوسرەو ئەوە لەو ڕۆژەوە دیار نیت؟دوای مردنی ئەو کچە کە هەموو خوێندکارانی نیگەران کرد،ئیتر تۆش دیار نەمایت!وتم بەڕێزم ئەوەتا هاتومەتەوە بۆ بینینی تۆو قسەکردن لەتەکتا،ئەوە بوو چووینە لای باخەکەو دانیشتین دەستمان بە قسەکردن کرد!وتم تۆ کێیت و چۆن من دەناسیت؟وتی من ناوم شەونمەو زوو دراوسێ بووین،من کچی کاروانی دراوسێتانم،ئەو کاتە منداڵ بووم،بەڵام

لەم دواییانەدا کەسێك تۆی پێنیشاندام و تۆی پێناساندم،ئینجا من ناسیمەوەو وتم باش دەتناسم!وتم دەی لەتەك خوێندندا چۆنی؟وانەکانت چۆنن؟وتی زۆر باشم و وانەکانیشم بە دڵی خۆمە چونکە زمانی کوردیین و پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە،وتم بە داخەوە خەریکە زووانی کوردی تێك دەچێت و زۆربەی تابلۆ نووسراوەکان نووسینێکی سەقەتن،وتی زۆر ڕاستە زمانی کوردی کە پێکهاتوە لە شێوەگۆکانی بادینی،هۆرامی،لوڕی،گۆرانی و جافی و کەڵهوڕی و سۆرانی و زەنگەنەو زازاو فەیلی و زۆری تریش،زمانێکی بە هێزو بە پێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە،بەداخەوە ئێمەی کورد زۆر گرنگیی بە زمانەکەمان نادەین،منیش وتم شەونم گیان زۆر خۆشحاڵم کە بەم جۆرە بیر لە پاراستنی زمانەکەمان دەکەیتەوە کە ناسنامەی نەتەوەییمانە،لەم قسانەدا کۆتاییمان بە دانیشتنەکە هێناو بڕیارماندا انشالله یەك ببینینەوە،من ڕۆشتم و لە ڕێگامدا گەشتمە هەژارێکم دیت کە بە تەواوی توانای هاواری دەکرد (لە ڕێی خوادا هاوکاریم بکەن،سوێند بە خوا درۆزن نیم و هەژارم پیاوەکەم مردوەو 6 منداڵم هەیەو دووانیان کەمئەندامن،موسڵمانان داواتان لێدەکەم یارمەتیم بدەن، منیش وەك ئێوە کوردم دڵنیاش بن کە حەزم لە دەست پانکردنەوە نیە،بەڵام وەڵڵا 4 مانگە منداڵێکم داوای جلم لێدەکات توانام نیە بۆی بکڕم،لە بەر نەبوونی جل و بەرگ و گاڵتەپێکردنی هاوڕێکانیان دوو منداڵم وازیان لە خوێندن هێناوە) من کە گوێم لەم قسانە بوو یەکسەر خەم دایگرتم و ئەو قسەیەی کوردستانی هاوڕێمم بیرکەوتەوە کە هەمیشە دەیوت بە هۆی ناعەدالەتییەکانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە هەردەم هەژاران و زەحمەتکێشان هەست بە کەموکورتیی دەکەن بۆیە دەخوازن هەر جۆرێك بووە بڕوا بە خەڵکی بهێنن کە ئەمانیش وەك ئەوان مرۆڤن و خوازیاری ژیانی دروستن،بەڵام چی بکەن لەتەك

هەژارییدا،ئەم قسەیەی کوردستان زۆر ڕاستە و لە بیرمدا وەك قسەکانی دیکەی هاتوچۆ دەکات،ئیتر کەوتمە ڕێ،کە هاتمە ناو بازاڕ چومە کتێبخانەو دەستم دایە کتێبێکی ئاکارناسیی و یەکسەر کتێبەکەی کوردستانم بیرکەوتەوە،کە دوای ئەوەی خوێندمەوە زۆربەی ژیانمی گۆڕی،ئیتر ئەو کتێبی ئاکارناسییەم بە یادی کوردستان و بە هیوای سودبەخشیی کڕی،پیاوێکی پیری ڕیش سپیی جامانە بەسەر وتی کوڕم ئاگام لێتە حەزت لە کتێبە و زۆر ورد تەماشایان دەکەیت،وتم بەڵێ مامە گیان،وتی کوڕم ئەگەر کتێبخوێندنەوە ئاکاری باڵا(ئەخلاقی کامڵ)ی بەخشییە تۆ،ئەوە دڵنیابە لە دایك نابیت تا نەمریت...من لە بیستنی ئەم قسە سەرم گێژی خواردو وەك شتێك لە ژماردنی گوێزی هەورامان دەچوو بۆ ئەقڵی من،ئیتر پیاوەکە هاتەدەرەوە بۆ ڕۆشتن منیش کەوتمە تەکی،بەدەم ڕێوە قسەکردن بۆ من خۆش نەبوو بەڵام قسە شیرینەکانی ئەو پیاوە پیرە ئەوەندە سەرقاڵیان کردبووم چەند جارێك خۆم کێشا بە خەڵکیداو تەنانەت کەسێك وتی ئەوە تۆ مرۆڤیت بێ ئەقڵ؟پیاوە پیرەکە وتی بمبەخشە تاوانی من بوو،ئیتر پیاوە پیرەکە وتی ئەوانەی کە بیریان سەقەتەو هەمیشە وا دەزانن هەموو خەڵك وەك ئەوانە قەت باریان ناگاتە هەوار بە جۆرێتر قەت ناگەنە قۆناخی کامڵبوون و سەرفرازیی،دوای ڕۆشتنێکی زۆر بیرم کەوتەوە کە کتێبەکانم لە کتێبخانەکە جێهێشتوە،بۆیە مۆڵەتم لێخواست و لە یەك بڕاین،دیسان خۆم پێنەگیراو گەڕامەوەو دوای کەوتم و وتم نهێنیی ئەو قسەم تێگەیەنە،وتی کوڕم تا پێنەگەی نهێنیی ئەو قسە تێناگەی،بڕۆ بیر بکەرەوە مرۆڤ بە بیرکردنەوە پەی بە هەموو نهێنیەکان دەبات،خوای مەزن ئەقڵی داوەتە مرۆڤ بۆ بیرکردنەوەو پێگەیشتن و تێگەیشتن نەك بۆ تاکتیکی شەڕو دروستکردنی چەکی کۆکوژو ئەم شتانە،کوڕی خۆم ئێمە وەکو کورد تا بیرمان نەخەینە کار بە تەواوی

مانا كەسێكی (بیركار–بیریار) نەبین هەرگیز ڕزگارمان نابێت لە دەستی دوژمن،چەكی بیر یەكسانە بە پێشكەوتن و زانستخوازی و خۆشگوزەرانی،ئیتر ڕۆشت،پاشان گەڕامەوە بۆ كتێبخانەكە و كتێبەكانی خۆم و چەند كتێبێكم كڕی و كەوتمە ڕێ بۆ ماڵ هەر بیرم دەكردەوە لەو قسەی ئەو پیاوە كە ناوەكەیشیم نەزانی،لە دایك نابیت تا نەمریت! لە..دایك..نابیت..تا..نەمریت!،باشە ئەمە چییە؟دەبێت ئەم قسە واتای چی بێت؟بۆ تێناگەم تا پێنەگەم؟ئایا من كەسێكی گێژم؟من هیچ نازنم؟ئایا من جگە لە مرۆڤێكی نەفام هیچی تر نیم؟بۆ نازانم؟چۆن نازنم؟هۆكاری نەزانینەكەم بیرە یان ژیر؟بەهەرحاڵ ،قسەیەكی كوردستانم بیركەوتەوە كە هەمیشە دەیوت (تەنیا بە وردیی بیربكەرەوەو سەرنج بدە هەموو شتەكان دەزانیت و مێشكت بكە ماریفەتخانە!) ئینجا دوای ماوەیەكی زۆر بیركردنەوەو خۆسەرقاڵكردن و پرسیارو وەڵام و قوڵبوونەوەو وردبوونەوە لە شتەكان، دواجار تێگەیشتم كە مەبەستی ئەو پیاوە ئەوەیە تۆ لە ژیاندا ئەوەندە سەرقاڵی بیركردنەوەو خوێندنەوەو خەڵوەتكێشان و گۆشەگیریی دەبیت وەك ئەوە وایە مردبیت،بۆیە كەس ناتناسیٚ و كەس ئاشنات نیە،بەڵام كاتێك مردیت مرۆڤەكان لە بەرهەمی بیركردەنەوەكەت و هەوڵەكانت سودمەند دەبن و خۆشگوزەران دەبن بۆیە هەموو خەڵك بە دوای كارەكانت و بەرهەمەكانتدا دەگەڕێن و بە تەواوی دەتناسن ئەمەیە لە دایكبوونەوە پاش مردن،هەموو مرۆڤەكان تامی مردن دەچێژن و مەحاڵەو هەرگیز ئەوە نابێت مرۆڤێك نەمرێت،بەڵام مردنی جەسەتەییمان هەیەو مردنی ڕۆحیی (ڕەوانیی) مان هەیە،گومان لەوەدا نیە هەندێك مرۆڤ لە یادگەی مرۆڤەكانی دیكەدا دەمێننەوە بە جۆرێك دەبنە ویردی سەرزمان،.

ڕۆژێك کەسێك تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی تۆ کەیخوسرەویت؟وتم بەڵێ فەرموو،وتی تۆ هاوڕێی خۆشەویستی و نزیکی کوردستانیت؟وتم بەڵێ بێگومان،وتی باشە تۆ پێویستە تا ماڵی ئێمە بێیت و کاری پێویستمان سەبارەت بە کوردستان هەیە،وتم باشە هەر کارێك بۆ کوردستان بێت دەیخەمە سەرچاوم و جێبەجێی دەکەم انشاللە،ئیتر ناونیشانی ماڵی خۆیانی داپێم و من کەوتمەڕێ بۆ ماڵی ئەوان،دوای هەندێ پرسیارو گەڕان ماڵی کاك قوباد و نەسرین خانم دۆزییەوە،پاش یەکترناسین چوومە ژوورەوە،لەوێ کەسێکم دی و تەواو سەرسام بووم،ئەویش شاکیسرای لاوی نەتەوەپەروەرو وریاو وشیار بوو،وتی کەیخوسرەو زۆر خۆشحاڵم و پێم سەیرە لێرەیت،بەڵام چییەکەی لێرە؟وتم کیسرا گیان من هاوڕێی خۆشەویستی کوردستان بووم،بەڵام ئەی تۆ چییەکەی لێرە منیش بەمە سەرسامم؟وتی منیش هاوشاریی کوردستانم و خەڵکی کرماشانم و زۆریش هاوڕێی کوردستان بووم! شاکیسرا بە دەنگێکی پڕ لە خەمەوە وتی کوردستان خوشکەکەم ئیتر دەستی بە گریان کرد،نەسرین خان وتی کاکە کەیخوسرەو تۆ ئەو کوڕە نیت کە لە نەخۆشخانە لای کوردستان بوویت؟وتم بەڵێ نەسرین خان من ئەوم!وتی جارێ ئەم نامە بگرە هی کوردستانەو دیارە بە نیاز بووە بۆ تۆی بنێریت،ئینجا دێینە سەر باسی ئەوەی کە ئێوە دۆستانی کوردستانمان بۆ چی بانگکردوە،وتم دایە نەسرین ئێوە چی بێژین لای من فەرمانە،لەم کاتەدا نەسرین خان قوڵپەی گریانی لێداو وتی کوردستان کە دەیوت دایە نەسرین هەزار دایە لە دەمی دەکەوتە خوارێ،کاك قوباد کە ڕیشە ماشوبرنجییە نەرمە جوانەکەی لە فرمێسکدا چۆڕەی دەهات هەر خەریکی تەماشاکردنی وێنەیەکی کوردستان بوو بە جلوبەرگی نەخشینی کوردانەوەو بە دوو دەستی بێڵ و داسی وەك دروشمی چەوساوەکان گرتبووە دەستەوە،تەواوی ئەو

کوڕو کچانەی کە لەو ژوورەدا بووین بە دیمەنی زەبوون و خەماویی کاك قوباد کەوتینە گریان،ئیتر نەسرین خان وتی ڕۆڵەکانم ئێمە دەمانەوێت کۆڕێکی شایستە بۆ کوردستانی کچمان سازبدەین و ئێوەش بە بابەت و قسەو یادگارییەکانتان هاوکارمان بن،ئێمەش هەمووومان زۆرمان پێخۆش بوو وە ئامادەییمان دەربڕی و ئیتر خوداحافیزییمان کرد،من بە شاکیسرام وت زۆر کارم بە تۆیە و بە دواتا دەگەڕام،ئەویش وتی بڕوابکە قسەی دڵی منت کرد منیش وێڵی تۆ بووم،سوپاس بۆ خودا کە یەکمان دییەوە ئەمەش چاکەی کوردستانی هاوڕێمانە،وتم ڕاستەکەی هاوڕێکەم،پاشان هەمووان لە یەك بڕاین،من نووسراوەکەی کوردستانم خستبووە باخەڵم و لەوێش ناوە ناوە دەستم لێدەدا نەبادا بکەوێت و لێم ون بێت،بەڵام حەزم نەدەکرد بیخوێنمەوەو توانای ئەوەشم نەبوو بەرگەی نەخوێندنەوەی بگرم،هەر بۆیە هەر تاو ناتاوێ دەرم دەکردو خێرا لە گیرفانم دەنایەوەو،تا گەشتمەماڵەوە هەزاران لێکدانەوەو شیکردنەوەم بۆ نامەکەی (کوردستان نیشتمانەکەی ئەوسا) کرد،لە ماڵەوە دانیشتم و تەواو مێشکی خۆم ساف کردو خۆم ئامادەکرد بۆ خوێندنەوەی شانامەکەی کوردستان کە بە نیاز بووە لە کاتێکدا بۆ منی بنێرێت،نامەکە لەبەر چاوم ببووە مەزنترین گەنجی زێڕو زیوی دنیا،لێم ببووە پەیڤخانەیەکی پیرۆز کە باسی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی دەکات،ئیتر ناکەم کردەوەو بەڕاستی هەستم بە بۆنێکی زۆر خۆشکرد کە ڕێك کوردستانم بیرکەوتەوە،زۆر بە داخەوە بە هۆی تەڕبوونەوە زۆرێك لە نوسینەکە کوژابووەوە،بەمە زۆر نیگەران بووم چونکە هەستم دەکرد شتێکی زۆر گەورەم لە دەستداوەو لە ڕاستییشدا هەر وابوو،نووسراوەکە بەمجۆرە بوو،.

((بسم الله..بە ناوی ئاهورامەزدای ئافرێنەر،لە کوردستان نیشتمانەکەی ئەوساوە بۆ کەیخوسرەوی براو هەڤاڵ و دۆستی زێدەئازیزم،براکەم من لەم ماوەدا ئازارەکەی مێشکم زۆر بێزارم دەکات و زۆربەی شەوانیش لە ئێش و ئازاردا خەو ناچێتە چاوەکانم و تەواو شەکەت بووم،سەرەڕای ئەمەش سەختترین ئازار کە ئازاری نەتەوەکەمە وازم لێناهێنێت و لە ناو ماسولکەکانمدا هەمیشە دەگەڕێت،هاوڕێکەم... پێشینان زۆر لە کۆنەوە وتوویانە دەردی هەژاریی دەردێکی زۆر سەختە،بەڵام من پێم وایە دەردی بێ وڵاتیی دەردێکی زۆر سەختتر لە هەژارییە،ئێمە پێویستمان بە بیرکردنەوەی قوڵە تا لە بابەتەکان حاڵی بین،هاوڕێکەم من خوازیارم تەواوی مرۆڤەکان ئازادو سەربەست بن لەوەی کە دەیانەوێت بیکەن،سەربەستی لە جلوبەرگ و خواردن و قسەکردن و هەڵسوکەوت و ژیاندا!،جارێك کەسێکی موداخەلەچی و فرەوێژ بە عارفێکی وتبوو ئەرێ بۆ ئەوەندە قژو ڕیشت درێژەو سیمایەکی قێزەونت بە خۆتداوە؟عارفەکەش بە نەرمی وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت باشە قژی من ڕێگەی لە تۆ گرتوە؟ریشی من نانی لە تۆ دزیوە؟سیماو دیمەنی من حاکمێکی ستەمکارەو ستەمی لە تۆ کردوە؟ئەی باشە تۆ بۆ نان دەخۆی؟بۆ ئاو دەخۆی؟بۆ دەخەویت؟،کەسی موداخەلەچی جگە لە ڕووزەردیی هیچی بۆ نامێنێتەوەو دەڕوات،هاوڕێکەم نازانم کەی خەڵك واز لە قسەی بێتام و قسەی هیچ دەهێنن؟،هاوڕێکەم ئێمە پێویستە پاك بین ناخمان پاك بکەینەوە،دڵ و ڕۆح و دەروونمان خاوێن بکەینەوە،پێویستە بانگەوازی پاکێتیی بکەین و ژینگە پاك بکەینەوە،پێویستە ئەخلاقمان پاك بکەینەوەو بە ئەشقی ڕاست و بە دەنگێکی مەستکارِیی وەك تەمویرەکەی سەید خەلیلی ئالی نەژادەوە بەرەو ملکەچبوون بۆ زاتی خوای هەقی هەق ملبنێین و خۆمان بگەیەنینە قۆناخی

کاملبوون،هاورێکەم ئێمە دەبێت بەو پەڕی توانامانەوە هەولّ بدەین ئەدالّەت و یەکسانیی کۆمەلّایەتی بەرجەستە بکەین)) بە داخەوە ئیتر نووسینەکە تێك چووبوو چونکە زۆر تەڕ بوو بوو،بەلّام ئەم وشانەم لێدیتەوە (ئاشتی،ئازادی،مرۆ،گریان،پێکەنین،شێت،هەژار،سەرمایە،ستەم،بیر،سیاسەتی پیس،زووان،ئەهریمەن،گولّاو،مێژوو،شیعر،لادێ،مریشك،چەپ،نەورۆز،زانکۆ،هۆرە،خاك،ژن،پەیام،ڕابوون،چریکە)،ئیتر نامەکە کۆتایی هات...مەخابن ئەو وتەو قسە گرنگانەم لە دەستچوو،دوای چەند ڕۆژێك یادی چلەکەی کوردستان هاتە پێشەوەو ڕۆژێك پێش یادەکە هەموو دۆست و هاوڕێیانی کوردستان لە مالّی دایە نەسرین کۆبووینەوەو بڕیاری چەند بەرنامەو بابەتێکمان دا،وە کۆڕەوکەمان ناونا (کوردستان....نیشتمانەکەی ئەوسا،kurdistan nistimanekey ewsa) وئیتر بۆ بەیانییەکەی کەوتینەڕێ بۆ هۆلّی ساسانیان و هەمووان لەوێ بە خەمو خەفەتەوە ڕاوەستا بووین بۆ سروودی ئەی ڕەقیب و نەرۆز..پاشان دایە نەسرین دەستی بە قسەکردن کردو لەتەك هەر وشەیەکی شیریندا دەریایەك فرمێسکی سوێری دەڕژاندە سەر ڕوومەتە پڕ خەمەکانی،دایە نەسرین بە شێوەیەکی فرە فرە دلّتەزێن باسی نەهامەتییەکانی کوردستانی دەکرد بە جۆرێك تەواوی ئەوانەی ئامادەی کۆڕەکە بوون دەستیان بە گریان کردبوو،دوای دایە نەسرین مامۆستا هەیاسی جێگری سەرۆکی زانکۆ چووە سەر دوانگەو وتی (کوردستان...بەڕاستی کوردستان بوو!) دواتر هۆنراوەیەکی خوێندەوەو هاتە خوارەوە،ئینجا کەسێك بە ڕۆستەمی نۆکاوزادە بانگکراو من کە دیم زۆر سەرسام بووم چونکە ئەوە هەمان کاك ڕۆستەمی نۆکاوفرۆش بوو کە کارۆدخ ماوەیەك لە مالّیاندا بوو،نۆکاوزادە بە هۆنراوەیەك هۆلّەکەی هەژاند (کوردستان..چۆن دلّت هات خاك و خۆلّەکەت بکەیتە

سەر کوردستاندا؟کوردستان چۆن ئەو کچە بێدایك و باوکەت خۆڵخنکێن کرد؟کوردستان ئەی نیشتمانی مێژوو،کوا بۆ کوێ چوو؟جواوم بدەرەوە زوو؟کوردستانی من کوا کوردستانی من؟ئەی خاك لە نرکەی کرماشان ناترسی؟لە بەردی بێستون و تاقەوسان ناترسی؟ئەی خاك شەرم لە شیرینەکەی فەرهادو فەرهادەکەی شیرین ناکەیت؟ئەی خاك تۆ لە خاك ناترسی؟ئەرێ بەڕاست کوردستانت بۆ کوێ برد ئەی بێویژدانی دڵڕەق؟ئاخ کوردستان نیشتمانی ئەوساو ئێستام..) کاك ڕۆستەم بە تەواوی مانا تواببووەوەو چووبوە ناو شعرەکەوە بەڵام نەمزانی چۆن هاتبوو؟،دوای ئەو کەسێك هاتەسەر دووانگە بەڕاستی من سەرسام بووم بە دیتنی ئەویش کاکە پێشدادی گیتارژەن بوو،پێش هەر شتێك وتی هیوادارم ڕۆحی پاکی کوردستان ئەم پارچە موزیکە لە من قبوڵ بکات،ئەوەی زیاتر منی سەرسام کرد ئەوەبوو کە پێشداد لە بری گیتار تەمویرەیەکی بەدەستەوە بوو،بە لێدانی ئەو ئاوازە خۆشە کوردییە ڕەسەن و یارسانییە تەواوی ئەوانەی ناو هۆڵەکە مەست و ئایران(حەیران) بوون،گریانی تەمویرەو قیژەی پەنجەکانی پێشدادو ناڵەی دایە نەسرین کەشوهەوایەکی تەواو خەماویی و پڕخەفەتی دروستکردبوو،پاشان من چووم کە گەشتمە ئەوێ هیچم بۆ نەوترا،دوای کەمێك وەستان تەنیا وتم (کوردستان هیوادارم وەك تۆ بم!) ئیتر دابەزیم و دوای خوێندنەوەی بابەت و شیعرو نووسینەکان کۆڕەکە دەمەو ئێوارەیەك تەواو بوو،زۆر هەوڵمدا تا لەتەك پێشدادی لاودا قسە بکەم و بزانم چۆن تەمویرەش فێر بووە،بەڵام من سەرقاڵی دایەنەسرین بووم و ئەویش دیار نەما،پێشداد دوو ئامێری تەمویرەو گیتاری پێبوو،لە ڕێگای هاتنەوەمدا قسەیەکی کوردستانم وەبیر هاتەوە کە دەیوت (ئێواران تەماشای ئاوابوونی خۆر بکە بزانە چەندە نیگەران و خەمبارە کە زەوی

بەجێدەهێڵێت،بەیانیان تەماشای بکە دڵخۆشە،هاوڕێکەم با ئێمەش بۆ کوردستانەکەمان وا بین و هەرگیز جێی نەهێڵین!) دوای چەند ڕۆژێك چووم بۆ ماڵ دایە نەسرین و کاك قوباد بۆ ئەوەی کتێبەکەی کوردستانم نیشان بدەن،ئەوانیش زۆر خۆشحاڵ بوون وتیان کوردستان دوو کتێبی نووسیوە بە ناوەکانی (کوردستان وڵاتی شارستانیەت،کوردو ئەخلاقناسی) وتیان کوردستان هیواو ئاواتی چاپکردنی ئەو کتێبانە بوو،بۆیە منیش وتم بە یارمەتی خودا بۆی چاپدەکەم،کاك قوباد وتی من هەموو پارەو تێچونێکی دەدەم و تۆش کارەکانی دیکەی تەواو بکە،وتم باشە،ئیتر کەوتمە هەوڵدان و لەتەك شاکیسرادا یەکمانگرت و هەموو نووسینەکەمان تایپ کرد،شاکیسرا وتی من دەیدەمە دوو کچ پێداچوونەوەی بۆ دەکەن و زۆر کوردستانیان خۆش دەوێت لە زانکۆ هاوڕێی بوون،دوو کچی زۆر باشن و زۆر دڵسۆزن بۆ کارەکەیان،وتم دەی کێشە نیە با ئەوان پێداچوونەوەی بۆ بکەن،کەوتینەڕێ بۆ ناو زانکۆ کاتێك بردمان سەیرەکەم کچەکان ئەرنەوازو شارەنازن،دوای سڵاو،ئیتر کەوتینە قسەکردن لەسەر ئەو نووسینانەو من وتم خوشکەکانم کوردستان زۆر هیوادار بوو ئەم نووسینانە بڵاو ببنەوەو وەك پەیام بگەیەنە تاکی کوردو هەمیشە دەیوت خۆزگە نەدەمردم تا ئەرکی نەتەوەیی و ئەخلاقی و دینیی خۆم بەجێدەهێنا،شاکیسراش وتی لە ئێستادا بەرهەمهێنانی ئەم دوو کتێبە بۆ کوردستان باشترین دڵسۆزیی و خۆشەویستییە،ئەرنەواز وتی بەخودا لە خۆشیاندا شاگەشکە دەبم کتێبی کوردستانی خوشکم ببینم لە کتێبخانەدا،شارەناز وتی کاك کەیخوسرەو تکایە ڕێگە بدەن ئێمە نەخشەسازییەکەشی بکەین چونکە زۆر خۆشحاڵ دەبین،لەم قسانەدا بووین لە پڕکات مامۆستا هەیاس و کارۆدخ و هارپاك پەیدا بوون،مامۆستا هەیاس وتی خێرە

هلوڕێکانی کوردستان ئاوا خڕبوونەتەوە؟وتمان مامۆستا خەریکی کارێکین بۆ بۆ چاپکردنی کتیبی کوردستان،وتی زۆر باشە ئێمەش هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆبووینەتەوەو لەتەك هەموو دۆست و هاوڕێکانی کوردستان قسەدەکەم چی بە من بکرێت ۆی دەکەم،کاردۆخ وتی من شەوانیش کاردەکەم و پارەکەی دەدەمە چاپخانە بۆ کتێبی کوردستان خان،هارپاك وتی نەخێر پێویست بەوە ناکات چەندی پارە تێبچێت من دەیدەم و پێویست بە شەوکارو کاری زیادە ناکات،ئیتر هەر کەسەو کارێکمان گرتە ئەستۆو دوای ماوەیەك تەواوی پێداویستییەکانی هەردوو پەرتوکمان تەواو کردو بردمان بۆ چاپخانەی ئەردەشێر،کاتێك کتێبەکانمان بردو باسی بابەتەکەمان بۆ کرد وتی هیچ قسەو ئەوانەی ناوێت من هەردووکیان چاپ دەکەم و یەك سەنتم ناوێت،ئێمە زۆر هەوڵماندا بەڵام بێسوود بوو کاك ئەردەشێر وتی خۆتان ئەزێت مەدەن من ئەمە دەکەمە دیاریی بۆ کوردستانەکەی کوردستان خان،دوای ماوەی چەند ڕۆژێك هەردوو کتێەکەی کوردستان کەوتە بازاڕەوە بەم ناوانە (کوردستان وڵاتی شارستانیەت،نوسینی کوردستان نیشتمانەکەی ئەوسا،کوردو ئەخلاقناسیی،نووسینی کوردستان نیشتمانەکەی ئەوسا)،ئێمە هاوڕێکانی کوردستان بەمە زۆر خۆشحاڵ بووین و ئینجا خوێنەرێکی زۆر باشیشی هەبوو...

***<u>((ئای ئازادیی.ئەی مەزنترین نیعمەتی خوای ئازادیبەخش..چەندە خۆشەویستی مەگەر تەنیا هەر ئازادیی بە قەت تۆ خۆشەویست بێت!،))</u>***

ڕاژەڤان و ئاشقی هەقیقەت.بەختیار مام حەمید...

1ی خاکەلێوەی 2712ی کوردی،2ی جەمادی یەکەمی 1433کۆچی،21-3-2012 زاینی،

شارەزوو،باشوری کوردستان،.